# نەوشەفەق 60

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری

ئەیلوول 2008

خاوەن ئیمتیاز:
بەدران ئەحمەد حەبیب



سەرپەرشتیاری ئەنجوومەنی کارگێڕی
ئەحمەد تاقانە

سەرنووسیار:
یوسف لەتیف
youseeflatif@yahoo.com
Mobail :07504675056

بەڕێوەبەری نووسیاری:
محەمەد سەعید زەنگنە
Hamatal_z@yahoo.com

دەستەی نووسیاران:
سەباح ئیسماعیل
چنوور نامیق
بەکر دەروێش

بەڕێوەبەری هونەری
ئاراس ئەکرەم

پیت لێدان
دەوەن هادی

نەوشەفەق لەم سایتە بخوێنەوە
www.dangakan.com



دەزگای شەفەق
کوردستان - کەرکوک
رەحیماوا - نزیک خولگەی ئەحمەدی خانی


ئەوەی من سەری لێ دەر بکەم ئەوەیە هەر دێڕێکی من نووسیبێتم، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە دژی دیکتاتۆرییەت بووە و لە پێناو دیموکراسی و سۆشیالیزم نووسیومە."

جۆرج ئۆروێل

---

خانی دەبوو پشتگیرییەکی تەواوی لە میرەکەی سەردەمی خۆی ... یانیش بەلای کەمەوە پشتگیریی میرەکەی ناو داستانەکەی بکردایە کە بە ڕواڵەت وەکو بینیمان ئەو هەموو پەسن و پێدا هەڵدانەی بۆ هۆنیوەتەوە

ئەحمەد تاقانە

---

لەگەڵ خوێندنەوەی دڵڕەقانەم، لەگەڵ ڕەخنەی جیدییم، لەگەڵ جیاکردنەوەی ئاستەکان دام، بەڵام لەگەڵ سڕینەوەدا نیم.

کاروان کاکەسوور

هەواڵنامەی تێبر

# پێڕست

پەیوەندییە ئێستێتیکییەکانی نێوان هونەری... سەروتار. قەرەنی جەمیل ..... 3
مەرگی مرۆڤ لە سێبەرە ساردەکانی یاسادا. ڕوانین. کەریم دەشتی ..... 6
شێواز، تەکنیک، کارەکتەر لە ڕۆمانی ١٩٨٤ . لێکۆڵینەوە. و: گۆران سەباح ..... 11
بەهرە و ڕەهەندەکانی تری داهێنانی تی. ئێس. ئیلیۆت. لێکۆڵینەوە. ئەدیب نادر ..... 34
میر.. لە سێبەری –مەم وزین–دا. لێکۆڵینەوە. ئەحمەد تاقانە ..... 52
ڕێزمانی کاری تێپەڕ لە شرۆڤەکاریدا. زمانەوانی. د. شێرکۆ بابان ..... 64
هونەری پاکبوونەوە لە ئەدەبی ستیغ داغرمانی سویدیدا. ناساندن. و: سەلاح عومەر ..... 73
کاروان عومەر کاکەسوور: تەکنیک و زمان بەشێکن لە نووسەر. چاوپێکەوتن ..... 77
کاوە حوسێن: نایشارمەوە منیش خەڵکی ئەم وڵاتەم و زۆرجار درۆ ئەکەم. ئەدەبی لاوان ..... 92
ڕەش و سپی ڕەنگەکانی تریان لەناوبرد. شیعر. سورخی ..... 96
نامۆیی. شیعر. یووسف لەتیف ..... 99
بەرچنەیەک شیعر. شیعر. ڕێبین ئەحمەد خدر ..... 101
هەناسەتم بۆ ڕاخە خەریکە ئەوین ون دەبێ. شیعر. هێرۆ کوردە ..... 105
کۆنسێرتی دەف ژەنەکان. چیرۆک. فەیسەڵ هەمەوەندی ..... 114
سپێدەی تیرۆر. چیرۆک. گوڵبەن شەریف ..... 117
باغچە. چیرۆکی وەرگێڕدراو. لە فارسییەوە: غەریب پشدەری ..... 129
چەند مینی ماڵێکی "ڕەسوڵ یۆنان". چیرۆکی وەرگێڕدراو. لە فارسییەوە: جەبار سابیر ..... 134
کلکی کتکی پرسیارە. ڕانانی کتێب. گۆران ڕەسوول زەوقە ..... 136
دانیشتنێک لەگەڵ "گۆران"دا. شاکارەکانی دوێنێمان. ئا: عەبدولڕەزاق بیمار ..... 140

ڕوانین



کەریم دەشتی

میر سۆی

# مەرگی مرۆڤ لە سێبەرە ساردەکانی یاسادا

## تیشکێکە بۆ سەر ڕۆمانی "بێگانە"ی کامۆ

**پاڵەوانی ڕۆمانی بێگانە ناوی میرسۆیە، کارمەندێکی دەوڵەتی جەزائیرە دایکی دەمرێ و ئامادەی پەککەوتووخانەکەی دەبێ تا بەشداری بکات لە مەراسیمی کفن و دەفنی دایکی، بەڵام ساردییەکی گەورە دروست دەکات بۆ خەڵکەکە نایەوێت بۆ دواجار دایکی ببینێ**

هەواڵنامەی کتێب



**تەلەفۆنەکەی بەدەست گرت و پێی وتم: "کارگوزەرانی ناشتنی دەمێکە لێرەن ئێستا داوایان لێ دەکەم بێن تابووتەکە داخەن، ئایا دەتانەوێ بۆ دواجار سەرنجێکی دیکەی دایکتان بدەن؟"**

**"وتم: نەخێر..."**

ئەلبێر کامۆ یەکێکە لە ئەدیبە هەرەگەورەکانی فەڕەنسا کە بەهۆی بەرهەمەکانی خۆی توانیویەتی سنووری نیشتمانەکەی خۆی ببەزێنێ و ببێتە موڵکی هەموو مرۆڤایەتی. کامۆ خۆی لە ساڵی ١٩١٣ لە وڵاتی جەزائیردا لە باوکێکی فەڕەنسی لە دایک بووە. دیستۆڤیسکی گەورەترین نووسەری ڕووسی هێجگار کاریگەر بووە بەسەر کامۆوە. کامۆ ئەو کاتەی ڕۆمانی -غەریب-ی نووسی کە وازی لە حیزبی کۆمەنیستی هێنا، لە ساڵی ١٩٥٧ خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەب وەرگرت، کامۆ بەرهەمێکی زۆری هەیە لە ئەدەب و نووسینی جیا جیا لەوانە، سیزیف، مەنفاو مەلەکوت. گیۆتین، شایی... هتد.

کولن ولسن لە کتێبی - رحلة نحو البادية- دا باس لە نموونەیەک دەکا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە وەڕسی -الضجر- هاوژینی مرۆڤە و مەحاڵە بتوانێت لێی ڕزگاربێت، واتە وەڕسی پارسەنگی بابەتی ویژدانی مرۆڤە بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی ئەفسانەی پیرەژنی ناو شووشەی هێناوەتەوە. کە دەکرێ دەرسی کولن ویلسن لەناو بێهودەیی کامۆدا بەرابەر بکەین، ئەلبێر کامۆ خودانی دەفتەری هەمیشە زیندووی بێهودەییە کە لەنێو ڕەحمی (ئەگزیستالسیالیزم)ی ئەوروپی لەدایک بووەو ئاسەوارەکەشی پەڕییەوە هەموو دنیا، بەشێوەیەک دەنگی دایەوە کە مرۆڤ لە باسکردنیا تێدەگا شەڕ و پێکدادان چەند کاریگەرە بۆ لەناوبردنی ڕۆحی مانەوە و موقاوەمەکردن، شەڕ چەند بەتینە بۆ خەڵقکردنی هەرماسی نەهامەتی و لەناوبردنی هەموو کون و کەلەبەرێ کە تیشکی گەشبینی تیادا دەچێتە نێو ژوورەکانی ڕۆح و مرۆڤ بۆ ژیانێکی پڕ لە بەخشش هاندەدەن.

ڕۆمانی -بێگانە- (کە بەڕای من نەدەبوا. د. موحسین ئەحمەد عومەر موفرەدەی (بێگانە)ی بۆ ئەم ڕۆمانە بهێنابایەوە کە کامۆ بۆ مەبەستێکی فەلسەفی یاسایی بەکارهێناوە لە کاتێکدا وشەی (بێگانە) هاتنە خوارەوەیەکی دیکەیە لە زمانی کوردی و لە چەمکێکی کۆمەڵایەتی جیادا دروست بووە وەک وشەیەکی ئاوێتە -مرکب- خۆ ئەگەر هەر وشەکەی -غەریب- دانابایە گەلەک چاکتربوو، هەتا لە عەرەبیش نەهاتوون وشەیەکی دیکەی وەک مانا کوردییەکەی د.موحسین ئەحمەد عومەر- دابنێن).

وتمان ڕۆمانی -بێگانە- ترۆپکی نواندنی ڕوحانیەتێکی ڕۆژهەڵاتییە لە جلی بێهودەیەک کە هەم دیدگای فەلسەفی و هەم دیدگای ئاوارەیی و هەستکردن بەنامۆیی دروستیان کردووە بەشێوەیەک سادە و پڕ لە خوێن تەعبیری لێ کراوە کە جۆرێک سیحر لە حیکمەتی کەلامدا بەدی دەکرێ، - بەتایبەت لە بەشەکانی پەیوەست بە دادگایی کردن و مانەوەی

پاڵەوان لە زینداندا- کە هەوڵ و تەقەللایەکی زۆرە بۆ خۆپاککردنەوە. (بەڵام لەبەرئەوەی بەری تاوانێکم لەسەر پشت بوو دەبوایە خۆمی لێ ڕزگار بکەم، بەقسەی ئەو عەدالەتی مرۆڤ هیچ نییە بەڵام عەدالەتی خوا هەموو شتێکە) (ئەویش وەڵامی دامەوە لەگەڵ ئەمەش ئەم حوکمدانە منی لە گوناه پاک نەکردووەتەوە) هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکە هەموو بیرۆکەی خۆی دەخاتە ڕوو کلیلی نهێنییەکان بەدەستەوە دەدا.

(ئێمرۆ دایکم مرد، نازانم دوێنێ مرد) بەمجۆرە مردن لە دەستەواژەیەکی ئاوادا کاریگەری و ئاسەواری زۆری خۆی دەنوێنێ کە لەلای کامۆ کۆتایی هاتنی هەموو شتێک نییە بەڵکو بەلای ئەو هۆیەکیش نییە بۆ گۆڕان لە شێوەی بیر کردنەوە، وەنەبێ کامۆ ڕووت بووبێتەوە لە هەموو ئیحساساتێکی مرۆڤایەتی و لە هەموو بەهایەکی ئینسانی شۆرابێتەوە بۆیە مردنی دایکی هیچ کاریگەرییەکی نەبوو لە کاتی ئەو هەواڵە (دایکی مرد، ناشتن بەیانی) دیدگای کامۆ سەبارەت بەژیان هەموو نهێنییەکی مردنی لای کامۆ ئاشکرا کردووە و ئاسۆی فیکری و فەلسەفی بۆ دروستکردووە بۆیە بە بیستنی هەواڵی مردنی دایکی کەم تا زۆر داخورپانێک لای ئەو دروست ناکات، ئەلێرەدا مردنی دایکی خۆی بێت یا هی کەسێکی دیکە کە کامۆ مەبەستییەتی مردنی سەرجەم بەشەرییەتە کە بێهودە هەوڵی ئەوە دەدات بژیت.

(ئایا زیندەگی شایانی ئەوەیە کە تێیدا بژین) مردنی دایک، مردنی ڕۆژهەڵاتێکە لە قووڵایی پاشەکشەی لێکدانەوەی خۆیا دەژی، مردنی جیاوازی نەکردنی ئەو دەڤەرەیە کە تێیدا سنوور لە میانی مردن و ژیان نەماوە. بێهودەیی پاڵەوانیش بێهودەیی سەرجەم ئەو مرۆڤانەیە کە پەی بەم حەقیقەتە دەبەن تەنانەت پەککەوتووخانەکەش کە لە (مارینگۆ)ی هەشتا کیلۆمەتر دوور لە جەزائیرە، پەککەوتووخانەی سەرجەم ئینسانییەتە کە لە نێو کۆتایی هاتنی خۆیاندا دەژین و چاوەڕوانی مردن دەکەن، ئەلێرەوە دەزگای گرنگی سەردەم دەستنیشان دەکرێ.

- دەزگایەک پێشوازی ئەوانە دەکات کە لە ئاستی ڕووداوەکان و ئاستی پرۆسێسی گەورەبوونی جەستە بەرەو مردن دەچن کە بەناو بەرەو ڕاحەتی و (مەصەحات) بەرەو چاکسازی -بەندیخانەکان- دەچن وەک چۆن -فۆکۆ- لە باسی شێتخانەکان وەک دەزگا باسیان دەکا کە کەرەسەی ڕۆحیەتی مردنیان پێ دەبەخشرێ.

- دەزگایەک کە بەرهەمهێنەری بێهودەییە بۆ مرۆڤ لە ئاستی ڕووداوەکانی ژیان و

هەواڵنامەی کتێب

چۆنییەتی بیرکردنەوەی پاڵەوان ئەویش وەستانە وەک چاودێرێ لە دەرەوەی شەرِگەکانەوە کە پاڵەوان دەچێتە پەککەوتووخانە بۆ ئەوەی دایکی ببینێ دەبوایە تابوتەکە سەرلەنوێ بکەنەوە تا بۆ دواجار چاوی بەدایکی بکەوێ بەڵام پێی وتن مەیکەنەوە کە لێیان پرسی بۆ؟ وتی نازانم! (پێی وتم بۆچی؟ وتم نایزانم) دووبارە بوونەوەی وشەی نازانم بەو ریتمەی کە دەربرِاوە هێندەی دیکە چەمکی بێهودەیی و تەغریب لەم رِۆمانەدا قووڵتر دەکاتەوە.

لە رِگەیەکی دیکەدا چەمکەکە تەواو دەخاتە بەردڵ و دیدی خوێنەرەوە کە دەڵێ (ئەوانی دیکە وا دەهاتنە بەرچاو گوێتان لێ نییە گشتییان خەمبار و گرفتار و بێدەنگ بوون تەماشای تابوت و گۆپاڵەکەی خۆیان دەکرد) لێرەدا پێوەندییەکی قووڵ هەیە لە نێوان سەرجەم مێوانانی پەککەوتووخانەکە ئەو پەیوەندییەش پەیوەندییەکی رِۆحیەتی بەرەو مردن چوونە بریتییە لە چاوەرِوانی کردنی مەرگ، مەرگێک کە کەسێ دەسەڵاتی رِاگرتنی نییە و رِۆژانەش بەبەرچاویان یەکێ دەمرێ مەسەلەکە پەیوەستە بە نۆبە هاتن.

تابووت، مردنی رِۆژانەی یەکێک، گۆپاڵ، مردنی داهاتووی یەکێک دوای ئەو، واتە تابووت رِەمزێکە بۆ مردنی حەتمی و گۆپاڵەکەش رِەمزێکە بۆ مردنی سبەینێ پاش بینینی تابووت، ئەگەر دیقەت بکەیت دەبینین (نازانم)ی کامۆ دووبارە دەبێتەوە، ئەو پەرِەگرافە بخوێنەوە:

(تەلەفۆنەکەی بەدەست گرت و پێی وتم "کارگوزەرانی ناشتنی دەمێکە لێرەن ئێستا داوایان لێ دەکەم بێن تابووتەکە داخەن، ئایا دەتانەوێ بۆ دواجار سەرنجێکی دیکەی دایکتان بدەن؟:" (وتم نەخێر...)

ئەم پێداگرِتنەی پاڵەوان کە حەتمەن ناخی کامۆیە تەنیا یەک شت دەسەلمێنێ ئەویش بێهودەیی رِاستەرِێیەکی دیاریکراوی ئەقڵ دەدا و بەو مرۆڤەی بێهودەیی هەڵدەبژێرێ– بێهودەیی بە مانا ئیجابییەکەی – نەک بازارِییەکەی بەمانا فەلسەفییەکەی، ئیدی ناخزێتە ژێر کاریگەرێتی رِاکردن بەدوای حەقیقەتێک کە ئاوابووە و یاساکانی کاری پێ ناکرێت.

تا لە باسکردنی (سالانوما و سەگەکەی)دا دووبارە (کامۆ و کۆڵن ولسن) بەیەک دەگەنەوە کە کامۆ لە وەسف کردنی پێوەندی (سالانوما و سەگەکەی)دا دەڵێت (ئیتر هەموو رِۆژێک بەمجۆرەیە).

لە رِاستیدا ئەم رِۆمانە هێندە باس لە چارەنووسی مرۆڤ دەکا هێند بەدوای کارە هونەرییەکانی رِۆمان ناگەرِێ، کامۆ لەم رِۆمانەیدا ویستویەتی چەمکی بۆچوونی خۆی سەبارەت بە مردن و ژیان و یاسا و دادگا بدا بە خوێنەر، هەروەک چۆن لە کتێبی –

گیدتین-دا باس له حوکمی یاسای سزادان دهکا سهبارهت به (ئیعدام)کردن بهتایبهت له ئیعدامکردنی (کابرایهک که خێزانێکی جووتیاری به منداڵهوه سهربڕی بوو) له جهزائیر له (١٩١٤).

دهمێنێتهوه ئهوه بڵێم دهستخۆشی له د. موحسین ئهحمد عومهر دهکهم بۆ ئهو کارهی که به زمانێکی خۆش و شێوازێکی پڕ به پێستی ماناکانی ئهسڵی خۆی ئهم ڕۆمانهی کردووه به کوردی.

**بهکورتی:**

پاڵهوانی ڕۆمانی بێگانه ناوی میرسۆیه، کارمهندێکی دهوڵهتی جهزائیره دایکی دهمرێ و ئامادهی پهککهوتووخانهکهی دهبێ تا بهشداری بکات له مهراسیمی کفن و دهفنی دایکی، بهڵام ساردییهکی گهوره دروست دهکات بۆ خهڵکهکه نایهوێت بۆ دواجار دایکی ببینێ پاشان دهبێته هاوهڵی کچێک بهناوی -ماری کادۆڤا- و بهیهکهوه دهچنه سینهما، پاشان دهچێته لای - ریمون- و سهبارهت بهکێشهی ریمون لهگهڵ عهرهبێک بهشهڕ دێ و چوار گوللهی لێ دهدا و دهیکوژێ که له ڕۆمانهکهدا ڕهمزن و دهکهوێته زیندان و دادگایی دهکرێ، مهرسۆ ههمیشه ڕهتی ئهو ژیان و تهقالیدانهی دهکردهوه که له سهر بناغهی ناڕاستی و درۆ و فیشاڵ دروست کراون، ههستی بهغهریبی دهکرد لهو ڕووپۆشانهی دادگا و لهو ڕۆڵانهی که دهیانگێڕاو حوکمی له سێدارهدانیان بۆ دا.

لێکۆڵینەوە

# شێواز، تەکنیک، کارەکتەر لە ڕۆمانی

# ١٩٨٤

لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح




1984

بەهێزترین
ڕۆمانی زانستی خەیاڵی سەدەی بیستەمە

## پێشەکی

ئەم ڕۆمــانــە لە ســاڵی ١٩٤٩ بڵاو کــراوەتەوە و بــاســی ســی و شــەش ســاڵی داهــاتوو دەکات. ١٩٨٤ دیدی ڕەشی جۆرج ئۆروێلە لە مـەڕ داهـاتوو. ئۆروێل لە سـەرە مـەرگیدا ئەمـەی نووسـیوە و پشتی بە کـارەکەی دانەری ڕووسی یەڤگێنی زامیـاتن بەسـتووە. ڕۆمـانەکـە وەسـفێکی دڵڕفـێنە لە سـەر چۆن دەســەڵاتی دەوڵـەت دەتوانێت کـۆنتـرۆڵی ژیانی تاکـەکـان بکات لە ڕێگەی مەرجە کەلتوورییەکانەوە.

ڕۆمانەکە بەهێزترین ڕۆمانی زانستی خەیاڵی سـەدەی بیستەمـە. لە شێوەی هـەجـو پێشـبینی کـارەسـاتێک دەکات. بە قـەناعـەتێکی تووندەوە نیشـانی دەدات چۆن کـەسـایـەتیی وینسـتـۆن سـمـیس لەکـەدار دەکرێت و چۆنیش دروست دەکرێتەوە لە ئیماژی پارتەکەیدا، تا ئەو کاتە گوێیان بۆ ناگرێت و تەنـانەت بیگ برازەریشی Big Brother خـــۆش دەوێت. هـەندێ ڕەخنەگــر مەینـەتییەکانی وینستۆن بە ئازار و ناخۆشییەکانی ئۆروێل دەچوێنن کە لە قۆناغی ئامادەیی پێیدا تێپەڕیوە، ئەو ئەزموونانەی ئەو نووسـیویەتی ڕێک پێشی ١٩٨٤ە. ئۆروێل بە شێوازێکی ڕوون کتێبەکەی نووسیوە بە مەبەستی " گـۆڕینی بیـرۆکـەی خـەڵکانی دیکە لەو جـۆرە کـۆمـەڵگەیانەی کـە دەبێ بە دوایدا بچن".

## جۆرج ئۆروێل

جـۆرج ئۆروێل لە بەنگال، هیندسـتان لە سـاڵی ١٩٠٣، لـە خێزانێکی چینی مـامناوەند لە دایک بووە. کوڕی فـەرمانبەرێکی بـەریتانـی بووە. هـەر لە منداڵییـەوە هێنراوەتە ئینگلتـەرا. ئۆروێل چووە قـوتابخـانەی ئـامـادەیی قـەشـە سیپران لە سـەسێکس. هـەر لـەو قـوتابخـانـەیە هـەسـتـی بە جـیـاکـاری نێـوان چینەکـان کـردووە. لەوێش بە باشی پـەروەردە کـراوە بەڵام هەستی نەکردووە ئـەمـە شـوێنی خۆیەتی. هـەمیشـە بە سـووک سـەیر دەکرا و گاڵتـەی پێ کراوە چونکە لە خێزانێکی دەوڵەمـەند نەبووە. ئەم ئەزمـوونە وای لێ کردووە زۆر هـەسـتیار بێت بـەرامبـەر بـە دڕندەیی و لووتبـەرزی کـۆمـەڵایەتـی. دایک و باوکی لە بەر دەسـتکورتی نەیـانتـــوانیـــوە پارەی تـەواوی خـــوێندنەکـــەی بدەن، بۆیە ئـەویش دانێک لـە دەوام بووە و دانێکیش لە کـار. بەڕێوەبەرەکـەیان هەمـیـشـە هەسـتی ئۆروێلی بریندار کردووە لە سـەر

خراپی بژێوی ژیانیان لە ڕووی ئابوورییەوە. بارودۆخەکان لە ئیتۆن باشتر بوون، لەوێ چووە قۆناغی دووەمی خوێندن. بەڵام لەجیاتی بەردەوام بوون لە وانەکانی زانکۆدا لە ساڵی ١٩٢٢ پێوەندی کرد بە پۆلیسی ئیمپراتۆری هیندی. ئەوەندە بیری لای خوێندنەکەی بوو، وەک پۆلیس ڕقی لە خۆی بوو و وایدەزانی ئەوە فشار لە کۆنترۆلی بەریتانی دەکات بە سەر دانیشتوانەکەیەوە. بێزار ببوو لە ڕۆڵەکەی وەک داگیرکەر، لە ساڵی ١٩٢٧ گەڕایەوە ئینگلتەرا و دەستی لە کار کێشایەوە. پلانی دانا تا ببێتە نووسەر، کە پێشتر زۆر حەزی لە پیشەی نووسەری نەبووە.

لە ساڵی ١٩٢٨دا، بۆ سڕینەوەی تاوانەکانی لە ئەزموونی داگیرکەریدا، لە نێو هەژارترین خەڵکی لەندەن ژیانی بە سەر دەبرد، دواتر چووەتە پاریس. لەوێ، گوتاری لە ڕۆژنامە لۆکالەکان بڵاو دەکردەوە، بەڵام ڕۆمانەکەی ڕەت کرایەوە. ژیانی خۆی دواجار بوو بە کەرەستەی یەکەم کتێبی، ئەویش لە ساڵی ١٩٣٣ بڵاو کرایەوە. کتێبەکە ناوی "داون ئاند ئاوت لە لەندەن و پاریس" بوو. شێوازی گێڕانەوەی خەیاڵی بەکار هێنا لە سەر بنچینەی ئەو کاتانەی لە هەردوو شاردا بە سەری بردووە ڕەخنەی کۆمەڵایەتیشی تێکەڵ بەو خەیاڵە کرد. ئەمە یەکەم کتێبی جۆرج ئۆروێلە چاپ بکرێت. ناوی خوازراو بەکار هێنرا بۆ ئەوەی دایک و باوکی شۆک نەبن بەهۆی ئەو بارە سەختەی گوزەرانەی کە لە کتێبەکە وەسفی کردووە. ساڵی پاشتر، ئۆروێل "بێرمیس دێیز:Burmese Days"ی بڵاو کردەوە، ئەم ڕۆمانەی پشت بەو کاتانەی خۆی دەبەستێت کە لە بێرما ماوەتەوە. ڕۆمانەکانی دواتری ئۆتۆبایۆگرافین و وەک کاروانێک بوون بۆ ئۆروێل بۆ گەڕان بە دوای قەناعەتێکی سیاسی.

لە ١٩٣٦دا، ئۆروێل چووە بەرشلۆنە، ئیسپانیا، بۆ نووسین لەبارەی شەڕی ناوخۆی ئەو وڵاتە و کەچی خۆیشی بەشداری لە شەڕەکەدا کرد، بۆ لای کۆمارییەکان دژی سەرکردەی ئیسپانی فرانسیسکۆ فرانکۆ جەنگا. بریندار بوو، گەڕایەوە ئینگلتەرا. دوو کتێبی ناخەیاڵی: the road to wigan pier، ڕاپۆرتێکە لە سەر هەلومەرجە بێ سۆراخەکان لە کۆمەڵگە بە کانەکانی باکووری ئینگلتەرا. هەروەها کتێبی catalonia homage to، چیرۆکی بەشدار کردنەکەیەتی لە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا، ئەم کتێبە ڕێگەی بە ئۆروێل دا بە ئاشکرا بەرگری لە بۆچوونە سیاسییەکانی بکات. لە دەیان گوتاری دیکەدا بۆچوونە سیاسییەکانی ئاشکرا کردووە.

لەو کاتەدا، ئۆروێل خۆی بە بکەرێکی سیاسەت زانی و ئالییەتەکەشی نووسین بوو. لە گوتارێکی ١٩٤٦دا نووسی " من بۆچی دەنووسم؟ ئەوەی من سەری لێ دەر بکەم ئەوەیە:

هەر دێرێکی من لەوەتەی ١٩٣٦وە نووسیبێتم، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە دژی دیکتاتۆرییەت بووە و لە پێناو دیموکراسی و سۆشیالیزم نووسیومە."

کتێبی داهاتووی ئۆروێل، Animal Farm، چیرۆکێکی خەیاڵییە لەبارەی ڕووداوەکانی شۆڕشی ڕووسی و ڕووداوەکانی دوای شۆڕشەکەیە. ڕەخنەگران و خەڵک بە گشتی کتێبەکەیان پێ خۆش بوو. لە جەنگی جیهانی دووەمدا هەرچی دەیکرد بڵاوکەرەوەیەکی دەست نەدەکەوت چونکە کتێبەکە ڕەخنە بوو لە ڕووسیا، کە ئەوسا هاوپەیمانی ئینگلتەڕا بوو. کاتێ دواجار بڵاو کرایەوە، تازە شەڕ تەواو ببوو، بەڵام سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێنا. ئۆروێل لە کتێبی Animal Farm قازانجێکی باشی کرد، بۆیە لە ١٩٤٧ توانی خانوویێک لە دوورگەی جورا لە سەر کەناری سکۆتلەندا بە کرێ بگرێت، لەوێ ئیتر دەستی کرد بە نووسینی ,١٩٨٤ کارەکەی پچڕا چونکە چارەسەری سیلییان بۆ کرد کە لە سییەکانەوە تووشی ببوو. لە ١٩٤٨ لە نەخۆشخانە هاتە دەرەوە و گەڕیاوە جورا بۆ تەواو کردنی کتێبەکەی. لەبەر فەرمانی دکتۆر نەدەبوایە ڕۆژانە لە یەک کاتژمێر زیاتر کار بکات، بەڵام نەیتوانی پیت لێدەرێک بدۆزێتەوە و بیهێنێتە ماڵەکەی. بۆیە خۆی تەواوی کتێبەکەی تایپ کرد، بە تەواوبوونی کتێبەکە خۆیشی ڕووخا. دوو ساڵ دوای ئەوە هەر لە ناو جێگا کەوت. گەلێ لە ڕەخنەگران پێیان وا بوو کە خراپ بوونی باری تەندروستی ئۆروێل کاریگەریی تۆن و ئامانجی ڕۆمانەکەی بوو، ئۆروێلیش خۆی دانی پیا نا و گوتی ڕەخنەگران لەوانەیە ڕاستیان فەرموو بێت.

بە پێی قسەی هاوڕێکانی، ئۆروێل پلانی هەبووە کتێبی تر بنووسێت، لە نەخۆشخانە بوو ژنی هێنا، بەڵام سێ مانگ دواتر لە ١٩٥٠ هەر بە نەخۆشی سیل سەری نایەوە.

## پوختەی گرێی ١٩٨٤

### بەشی یەکەم

لە ١٩٨٤ی جۆرج ئۆروێلدا، وینستۆن سمیس، ئەندامێکی پارتی ئاوتەر Outer Party یە لە ئۆشیانا (دەوڵەتێکی خەیاڵییە گوزارە لە ئنگلتەڕا و ئەمریکا دەکات)، لە سەرە ڕا ئەندامێکی باشی پارتەکەیە و باش دەژیت، بە تەواوی لە سەر ڕێباز و حەزەکانی بیگ برازەرە. بیگ برازەر سەرکردەی پارتی ئینەرە Inner Party. ڕقی خۆی بۆ ڕایی کردنی کارەکانی پارتەکەی هەڵدەگرێت، بۆ کەموکورتی ئاو و خۆراک، قەیرانی نیشتەجێ بوون،

کردنی منداڵان بە سیخوڕ، ڕقەکە لە قوڵایی ناخدا هەڵگیراوە، چونکە گەر هەر یەکێک ئەو هەستانە بەرامبەر بەو پارتە دەربڕێت ئەوا سزاکەی مردنە یان خراپتر. بەڵام، هەرکە ساڵی ١٩٨٤ دەست پێ دەکات، بڕیاری لە دژی بڕیارە باشەکانی دا: ڕۆژانە هەستە ڕاستەقینەکانی لە سەر کاغەز بنووسێتەوە و هەڵیگرێت. لە سووچێکی چوقە پەرتەوازەکەی دادەنیشت، لە شاشەی تەلەسکرین دوور بوو (تەلەفزیۆنێکی دوو شاشەییە لە هەموو ماڵ و باڵەخانەکاندا دانراوە، هەرچی لە پێش ئەو شاشەیە بێت پەخشی دەکات). لەوێ وینستۆن ڕقەکانی لە سەر پارتەکەی (ئاوتەر پارتی) بۆ بیگ برازەر، سەرکردەی پارتی ئینەر، دەنووسێت. وینستۆن لە وەزارەتی ڕاستی کار دەکات. وەزارەتەکە لقێکە لە حکوومەت، بەرپرسیارە لە بڵاوبوونەوە و بەرهەم هێنانی هەموو زانیارییێک. کاری وینستۆن ئەوەیە: گۆڕینی یان ڕاست کردنەوەی هەموو هەواڵ و گوتارەکانی پێشووە کە سەلمێنراون هەڵەن. بە هیچ شێوەیەک نەدەبوایە ئەوە دەر بخات کە وەزارەت درۆ دەکات. ڕاست کردنەوەی درۆییەکان دەربارەی سێ شۆڕشگێڕ بوون بەناوی جۆنس، ئارۆنسن و روتەرفۆرد، کە لە سێدارە دران بە تۆمەتی ئەوەی پلانیان داڕشتووە بۆ بەرپا کردنی شۆڕش لە دژی دەوڵەت. وینستۆن بەڵگەی دەست دەکەوێت کە ئیعترافی ئەو سێ شۆڕشگێڕە لە ژێر ترس و زۆرداری و هەڵە پێیان کراوە. ئەو بەڵگەیەی لەناو برد. ڕۆژێک لە کۆبوونەوەی (ڕقی دوو خولەکی)دا، وینستۆن چاوی بە ئۆبرین دەکەوێت، ئەویش ئەندامێکی پارتی ئینەرە، پێدەچێت هەمان ئەو کارەی وینستۆن دژی پارتەکەی دەیکات لە سەر شانیەتی. وینستۆن بەوە دەزانێت کە هەموو ئەو چیرۆکانەی پارتەکەی دەربارەی ئیمانوێل گۆلدستین (سەرۆکی پیلانێکی نهێنی بۆ رووخانی پارتەکە) بڵاوی دەکاتەوە، هەروەها برایەتی پڕ لە ناپاکی بەشێکی زۆر کەمیان ڕاستە. ڕێگایەکی تر هەیە، بۆیە هیواکانی لەو ڕێگایە لە پرۆلیتاریەت (خەڵکی هەژار و ڕەش و ڕووت) بنیات دەنێ. پرۆلیتارەکان سەدا ٨٥ی دانیشتوانی ئۆشیانا پێک دێن کە لە وجودیان لە دەرەوەی پارتەکەیە، لە پەرگەیەکی وڵات کەوتوون، هەژار و نەدار و داماو، ناڕێک و کەس ئاوڕیشیان لێ ناداتەوە.

بۆ هێنانە دی هیواکانی، وینستۆن بێ ووچان لە ناو ئەو چینە دەگەڕێت، ئەمەش وای کرد ڕۆژێک بچێتە ئەو دوکانە و دەفتەرێک بکڕێت بۆ نووسینی هەستەکانی. خاوەنی دوکانەکە، بەڕێز چارینگتۆن، لە پشتەوە ژوورێکی نیشان دەدات کە پێخەفێکی لێیە، پێش شۆڕشەکە خۆی و خێزانی تێیدا ژیاون. ژوورەکە هیچ تەلەسکرینی لێ نییە و پارتەکەش تا ئێستا داوای نەکردووە.



هەرکە لە دوکانەکە دێتە دەرەوە، وینستۆن هەست بەوە دەکات یەکێک بە دواوەیەتی. ئافرەتێکی قژ ڕەش لە باڵەخانەیەکەوە سیخوڕی لە سەر دەکات. وینستۆن زۆر دەترسێت، یەکەم جار دەیەوێت بیکوژێت، بەڵام نایکوێت و خێرا بەرەو ماڵ دەچێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

### بەشی دووەم

وینستۆن کچە قژ ڕەشەکە لە وەزارەتی ڕاستی دەبینێتەوە. کچەکە ساتمەیەکی کرد و ئەویش یارمەتی دا و هەڵیساندەوە. کەکە ئافرەتێکی خزاندە ناو دەستی وینستۆن. ئەویش بە نهێنی خوێندیەوە و ئەمەی لە سەر نووسرا بوو: وینستۆن من تۆم خۆش دەوێت. دەحەپەسێت. نیوەڕۆیەک ڕێکی دەخات و نانێک لەگەڵ کچەکە دەخوات. بۆ هەمان ئێوارە پلانی ژوانێکی دیکە دادەنێن. لە ناوەڕاستی قەرەباڵغییەکەدا، کچەکە تەعریفی شوێنێکی زۆر ئاڵۆزی بۆ دەکات بۆ ئەوەی نیوەڕۆی یەکشەممە لەوێ یەکتری ببینن.

وینستۆن و کچەکە کە ناوی جولیایە لە ناو دار و درەخت یەکتری دەبیننەوە، لە دووری وڵاتەکە، دوور لە تەلەسکرینەوە. لەوێ بە ڕاستی قسەوباس و خۆشەویستی دەکەن. جولیا ئاشکرای دەکات کە ئەو کەسە نییە وا خۆی نیشان دەدات، بەڵکو سیخوڕی لە سەر پارتەکەی دەکات بەڵام نیشانی دەدات کە ئەندامێکی باشی پارتەکەیەتی.

کەپڵەکە لە کاتی جیایا و شوێنی دوور و جیاجیا یەکتری دەبینن، تا وینستۆن پێشنیار

دەکات کە ژوورەکەی بەڕێز چارینگتۆن بە کرێ بگرن. هەردووکیان ڕازی دەبن و جولیا دەچێتە بازاڕ شەکر و چاو و قاوە و شیر بکڕێت و ساتەکانی سەربەخۆیی خۆیان دروست دەکەن. خۆشەویستی و پێکەوەبیان تەنیا جارێک دەپچڕێت ئەویش جورجێک لە ژوورەکە دەردەکەوێت. ئەویش جولیا ڕاوی دەنێت و دەردێکی پێ دەکات جارێکی دیکە نەیەتەوە ئەو ناوە. ئۆبرین، لە ژێر سایەی ئەوەی کۆپییەکی نوێترین هەواڵی لایە، لە وەزارەت لە وینستۆن نزیک دەبێتەوە و داوەتی دەکات بۆ شوقەکەی. وینستۆن وادەزانێت هاوڕێیەکی هەیە بۆیە لەگەڵ جولیا دەچێتە سەردانی ئۆبرین. کاتێ وینستۆن و جولیا دەردەکەون، ئۆبرین دڵنیایان دەکاتەوە کە گۆلدستین و پیلانی ڕووخانی پارتەکە بوونی هەیە، ئەویش بەشێک لە پیلانەکە، داوای لەوانیش دەکات کاری لەگەڵدا بکەن. ئۆبرین کۆپییێک لە کتێبە قەدەغەکراوەکەی گۆڵدستین بۆ وینستۆن دەنێرێت، کتێبەکە دەربارەی مێژووی نهێنی ئۆشیانایە، کە وینستۆن و جولیا بە تەنیا لە ژوورەکەی بەڕێز چارینگتۆن دەیخوێننەوە.

دوای هەڵسان لە سەرخەوێکی درێژ، وینستۆن و جولیا گوێیان لە دەنگێک دەبێت لە تەلەسکرینێکی شاراوە کە کتوپڕ پێیان دەڵێت لە ناوەڕاستی ژوورەکە هەڵسنەوە. ئیتر بەڕێز چارینگتۆن لەگەڵ کۆمەڵێ سەربازی دەوڵەت دێنە ژوورەوە و دەکەونە بەر گیانی وینستۆن و جولیا، دواتر بە جیا دەیانبەنە دەرەوە.

## بەشی سێیەم

وینستۆن بۆ ماوەیەکی زۆر لە زیندان ئازار دەدرێت، بە وەزارەتی خۆشەویستی دەناسرێت. ئۆبرین بەرپرسی ئازاردانیەتی. وینستۆن دان بە چەندین تاوان دادەنێت، ئەو ساڵانەشی لەگەڵ حاکمی ئیستاسیا کاری لە سەر پیلانێک کردووە. (ئیستاسیا: یەکێک لەو سێ دەسەڵاتە زلانەی کە زۆرجار لەگەڵ ئۆشیانا دەجەنگن). ئۆبرین جگە لە شتەکانی دیکە بۆ وینستۆنی ڕوون دەکاتەوە کە کتێبەکەی گۆڵستێن لە لایەن پارتەکەیانەوە (ئاوتەر) دروست کراوە.

بەڵام ڕوون دەبێتەوە کە مەبەستی مینیلوڤ ئەوە نییە خەڵکی بە زۆر دان بنێن بە تاوانەکانیان و دواتر بیانکوژێت، بەڵکو چاکردنەوەی تاوانبارانە، وایان لێ بکات ڕاستیی دانپیانانەکەیان ببینن و بزانن هزری پارتەکەیان چەندە ڕاستە: "جەنگ واتە ئاشتی" ، "سەربەخۆییش واتە کۆیلایەتی"و " پشتگوێ خستن واتە هێز." پارتەکە ڕازی نییە بەوەی خەڵک نێگەتیڤانە گوێ ڕایەلی بن بەڵکو دەبێ ئەندامی تەواو باوەڕپێکراو و ڕاست بن.



هەواڵنامەی کتێب

کەس لە سێدارە نادرێت پێش ئەوەی بێت بیگ برازەری خۆش بوێت.

وینستۆن بە درێژایی ئەو ماوەیە دەتوانێت قەناعەت بە خۆی بکات کە پارتەکەی لەبارەی هەموو شتێکەوە ڕاست دەکات: کە دوو کۆ دوو دەکاتە پێنج. بەڵام خیانەتی لە جولیا نەکرد، هێشتا هەر خۆشی دەوێت. دواجار کاتی ئەو هەنگاوە دێت، ئۆبرین وینستۆن دەنێرێتە ژووری ١٠١، لەوێ ترسی هەموو کەسێک پۆلێن دەکرێت و دەگاتە لووتکە. لە حاڵەتی وینستۆن بە جورج دەیترسێنن. کاتێ بە جورج هەڕەشەی لێ دەکەن، خیانەت لە جولیا دەکات. دوا پەند دەمێنێت: وینستۆن دەبێ بێت و بیگ برازەری خۆش بوێت، چونکە پارتەکەی هیچ شەهیدی ناوێت، نایەوێ بە هیچ جۆرێک ئۆپۆزیسیۆنی هەبێت. کاتێ وینستۆن ئازاد دەکرێت تەنیا قەپێلکی ماوەتەوە، قژ و ددانەکانی ڕۆیشتوون، لاشەی بە تەواوی ڕووخاوە. کارێکی بچووکی پێ دەدرێت لە لیژنەیەک کە لە ڕاستیدا شوێنی بێ ئیشانە و هیچ کارێک نییە بیکات. زۆربەی کاتەکانی لە بارێک بە سەر دەبات، هەر جن دەخواتەوە. ڕۆژێک جولیا دەبینێت و قسەشی لەگەڵ دەکات، دانی پیا دەنێت چۆن جولیا خیانەتی لەو کردووە ئەویش بە هەمان شێوە. هیچ نامێنێتەوە بە یەکتری بڵێن.

لە کۆتاییدا، لە بارەکە لە سەر شاشەی تەلەسکرینەکە ڕادەگەیەنرێت کە ئۆشیانا سەرکەوتنێکی گرنگی لە جەنگەکە بە دەست هێناوە. کتوپڕ وینستۆن هەست بە پاک بوونەوە دەکات، چی دیکە لەگەڵ ئاپۆڕەی خەڵک بە شەقامەکاندا ڕا ناکات بەڵکو لەجیاتی ئەوە بەرەو شوێنەکە لە وەزارەتی خۆشەویستی ڕێ دەکات. ئێستا دەتوانرێت وێنەی بە ئاشکرا بگیرێت، چونکە دواجار خۆی بە باوەڕ بە خۆی دەکات کە بیگ برازەری خۆش دەوێت.

## کارەکتەرەکان

### ١- بیگ برازەر (برا گەورە)

بیگ برازەر، سەرکردەیەکی لێڵە، ناسراوە، لە هەموو شوێنێکە. سەرکردەی کۆمەڵگایەکی دیکتاتۆرییە، وەک خواوەندێک وایە بەسەر ئەو هاوڵاتییانەی ئەو حوکمیان دەکات. هەرگیز کەس لە نزیکەوە نەیبینیوە، تەنیا لە پۆستەر و تەلەسکرین دەردەکەوێت، هەمیشە مرومۆچ دیارە کاتێ سەردێڕی شاشەکە پێت دەڵێت "بیگ برازەر سەیرت دەکات." بیگ برازەر داوای گوێ ڕایەڵی و دڵسۆزیی هاوڵاتی ئۆشیانا دەکات. سوورە لە سەر ئەوەی کە خەڵکی لە هەموو کەسێک زیاتر خۆشیان دەوێت، تەنانەت لە خێزان و منداڵاکانیش زیاتر خۆشیان دەوێت. لە هەمان کاتدا، ترس و دڵەڕاوکێ دەخاتە ناخی خەڵکەوە.

دارودەست و پێوەندەکانی خێران لە خیانەت کردن  لە هەر کەسێک کە بۆ بیگ برازەر دڵسۆز نەبێت. لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە، بیگ برازەر دەتوانێت چاودێری چالاکییەکانی ئەوکەسانە بکات کە لە ماڵ و دائیرەکانەوە بە تەنیان.

بێگومان، بیگ برازەر هەر وجوودیشی نییە، زۆر بە جوانی ڕوونە کاتێ ئۆبرین خۆی لە پرسیارەکانی وینستۆن دەربارەی بیگ برازەر دەدزێتەوە. وێنەی بیگ برازەر بەکار دەهێنرێت لە لایەن کەسانی دەسەلاتدار بۆ سەرکوت کردنی هاولاتیانی ئۆشیانا. مەبەستی ئۆروێل لە بیگ برازەر ئەوەیە کە دیکتاتۆر لە هەموو شوێنێک هەیە، بێگومانیش کارەکەتەرەکە بە ئەدۆلف هیتلەر، فرانسیسکۆ فرانکۆ ، جۆیف ستالین و ماوتسیتونگ دەچێت، ئەمانە هەموویان بە توندی لە لایەن دەستوپێوەندەکانیانەوە پەرستراون.

**٢- بەڕێز چارینگتۆن**

بەڕێز چارینگتۆن قایلکەرێکی وینستۆنە کە دوکانێکی کەلوپەلی هەیە و ژوورێکی بچووک لە سەر دوکانەکە بە کرێ دەداتە وینستۆن. وینستۆن و جولیا نازانن کە پیاوێکی سارد و فێڵبازە و ئەندامی پۆلیسی هزرە. چارینگتۆن بەرپرسیارە لە دەسگیر کردنی وینستۆن و جولیا.

**٣- ئیمانوێل گۆڵدستێن**

گەورەترین دوژمنی بیگ برازەرە. جولەکەیەکی پیرە، قژی سپییە و سەکسوکەیەکی هەیە. گۆڵدستێن سەرۆکی پێشووی پارتەکەیە بەلام ئێستا سەرۆکی پیلانێکی نهێنییە بۆ ڕووخانی پارتەکە. کاتێ دەموچاوی لە سەر شاشە بە دیار دەکەوێت، خەڵکی بە شەیتانی ناو دەبەن، بە تۆقێنەر و شەڕانگێزی دەزانن. وینستۆن لێی دەترسێت و پێشی سەرسامە. پێی وایە گوتارەکانی گۆڵدستێن، کە بلاو دەکرێنەوە لە دژی بیرۆکەکانی پارتەکە، ڕوونن و سەری با دەدا بۆ هزری خەڵک کە چەندە کاڵفامن و تێناگەن لەو گوتارە شۆڕشگێرییانە. بەلام دواتر وینستۆن ڕای دەگۆڕێت کاتێ ڕێبازی شۆڕشگێڕی گۆڵدستێن دەخوێنێتەوە بەناوی "تیۆر و پراکتیزەی کۆمەڵێتی ئۆلیگارشی". زۆر سەرسامە بە بیرۆکەکانی گۆڵدستێن. گۆڵدستێن زۆر بە لیۆن ترۆتسکی دەچێت، دوژمنی گەورەی سەرکردەی سۆڤیەتە جۆزی ستالین کە ڕابەرایەتی شۆڕشێکی فاشیلی کرد و دواتر دڕندانە لە لایەن پیاوانی ستالین خۆیەوە کوژرا. بە ڕێکەوت نییە کە جولەکەیەکی ڕۆشنبیرە. دیکتاتۆرەکانی وەک ستالین و هیتلەر زۆر دەترسان لە ژیری جووەکان و زۆریشیان ڕق لێیان بوو.

**٤- جولیا**

یەکەم جار وینستۆن کەیفی بە جولیا نایەت چونکە وا خۆی دەردەخات کە لایەنگرێکی توووند و بە پەرۆشی پارتەکەیە. وێڕای ئەمەش، ئەندامێکی یانەی دژە سێکسە، ڕقی وینستۆنیش لەوە سەرچاوەی گرتبوو کە ناتوانێت سێکسی لەگەڵ بکات. بەڵام کاتێ هەڵیدەسێنێتەوە لە سەر داوای ئەو بە تەنیا یەکتری دەبینن. وینستۆن بۆی دەردەکەوێت کە جولیا زیرەکە، ڕووخۆش و حەزی لە سێکسیشە، هەروەها زۆر کەیفی بە بیگ برازەریش نایەت. سەبارەت بە ئەندام بوونیشی لە یانەی دژە سێکس، جولیا ئەو کارە دەکات کە کۆمەڵگە چاوەڕێی دەکات. ئافرەتێکی جوانی قژ ڕەشی نائاسایی. ئافرەتێکی سادەیە و نیگەران نییە بە ئاکامە شۆڕشگێڕییەکانی کردارەکانی. ئەوەی بیکات دەیکات چونکە هەست دەکات باشە و ڕاستە. کەمێک نیگەرانە بە شۆڕش و خەویشی لێ دەکەوێت کاتێ وینستۆن ڕێبازی شۆڕشگێڕی گۆڵدستێن دەخوێنێتەوە. جولیا ئافرەتێکی پراکیکییە. بۆ نموونە، زۆر چالاکە لە ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ وینستۆن و ئاگاداری دەکاتەوە کە دواجار هەر دەگیرێن.

گاتێ دەگیرێن، ئەوە جولیایە کە پێگیرە بەوەی خۆشەویستییەکەی بۆ وینستۆن لەناو نابرێت، بەڵام خێراتر لە وینستۆن خیانەتی لێ دەکات (بە لایەنی کەم ئەمە بە پێی قسەی ئۆبرین)، هەروەها کاتێ بۆ دواجار یەکتری دەبینن جولیا جیاواز نییە لەگەڵی.

**٥- کاسرین**

خێزانی وینستۆنە. کچێکی درێژ و قژ خاوە. بە ڕای وینستۆن زۆر گەمژە و بێ ئەقڵە. لە ڕووی تەکنیکییەوە هێشتا مردیەتی، هەرچەندە یەکتریشیان وون کردەوە. دە یان یانزە ساڵ لە یەکتری دوور کەوتوونەتەوە، ئەمە دوای تەنیا ١٥ مانگ لە هاوسەرێتیانو کاتی بەوەی زانی وینستۆن منداڵی نابێت. پارتەکە ڕای گەیاند کە تاکە هۆکار بۆ زەواج خۆشی ئاسوودەییە، هەروەها ئەنجامدانی سێکس بۆ خۆشی کارێکی نایاساییە. کەواتە، هیچ هۆکارێک نەمایەوە بۆ وینستۆن و کاسرین پێکەوە بژین. پارتەکە باوەڕی بە تەڵاق نییە تەنیا جودا بوونەوە. بۆیە وینستۆن و کاسرین تەنیا لە یەکتر جودا بوونەتەوە.

خوێنەر ئەو کاتانە کاسرین دەبینێت کە وینستۆن لە یادەوەرییەکانیدا باسی دەکات، مەبەستی سەرەکی ئەو لە ڕۆمانەکەدا ئەوەیە نیشانی بدات چۆن پارتەکە خۆشەویستی، سێکس و دڵسۆزیی نێوان ژن و مێرد تێک دەدات.

**٦– ئۆبرین**

ئۆبرین ئەندامێکە لە پارتی ئینەر. پیاوێکی زل، سەر ڕووت و دڕندە ئاسایە، کەچی وینستۆن پێی وایە سەرنج ڕاکێش و مەدەنییە. وینستۆن گومانی لەوە هەیە کە زۆر زیرەک بێت و کۆک بێت لەگەڵ بۆچوونەکان لەسەر کۆمەڵگە. کاتێ ئۆبرین ئاشکرای دەکات کە بۆچوونی شۆڕشگێڕی هەیە، وینستۆن بە پەرۆشەوە لەگەڵی دەچێتە کۆبوونەوەیەکی نهێنی بە سەرۆکایەتی گۆڵدستێن. گروپەکە مەبەستیانە پارتەکە بڕووخێنن. وینستۆن نازانێت ئۆبرین بە نهێنی کار بۆ پارتی ئینەر دەکات. مەبەستی ئەو کۆبوونەوەش ئەوەیە تا پارتەکە بزانێت کێ لەگەڵیەتی و کێش دژیەتی. ئۆبرین خیانەت لە وینستۆن دەکات و دەبێتە لێکۆلەر و ئازاردەریشی. هەر ئەویش ئاشکرای دەکات بۆ وینستۆن کە مەبەستی ڕاستەقینە و ناشرینی پارتەکە ئەوەیە لە دەسەلات بمێنیتەوە لە پێناو دەسەلات. وەک پارتەکە، ئۆبرین یەک شتی لا گرنگە ئەویش دەسەلاتە. بەلام هیچ تموحێکی کەسیی نییە. تەنیا دەیەوێت و پێویستی پێیە ببێتە بەشێک لە پێکهاتەی دەسەلاتی پارتەکە. وەک ئازاردەرێک، ئۆبرین خۆی وا دەردەخات کە زۆر زیرەکە و ئاڵۆزە. پێوەندییەکەی لەگەڵ وینستۆن ئاڵۆز و تێکەڵە. ئۆبرین پێدەچێت ڕێز لە وینستۆن بگرێت، بۆیە هەردووکیان تام لە گفتوگۆکانیان دەکەن چونکە وینستۆن ئاستەنگێکە. ئۆبرین و وینستۆن پاش ئەو هەموو شتە ڕقیان لە یەکتر دەبێتەوە. ئەمە کاری ئۆبرینە مێشکی وینستۆن بشواتەوە و تێکی بشکێنێت. هێشتا بۆ یەکتری تازەن و ڕێز لە یەکتر دەگرن و لە یەکتر تێ ناگەن.

**٧– پیاوە پیرەکە**

پیاوە پیرەکە لە نزیک وینستۆن دەژیت. زۆر شتی ڕابردووی بیر دێتەوە، بەلام زۆر کەم دەربارەی ژیانی خۆی، بۆیە ناتوانێت پرسیارە بە شارەکانی وینستۆن وەلام داتەوە وەک " ئایا ژیانی ئەوسا لە ئێستا باشتر بوو؟" وینستۆن وەک مامێک وەسفی دەکات کە ناتوانێت وێنەیەکی گەورەتر ببینێت.

**٨– تۆم پارسنس**

دراوسێی وینستۆنە. نوێنەری پرۆلیتارییەکانە یان چینی کرێکاران. منداڵەکانی، وەک منداڵانی سەردەمی نازییەکان، سەر بە ڕێکخراوگەلێکن لە لایەن حکوومەتەوە چاودێری دەکرێن. یەک جل لەبەر دەکەن و هان دەدرێن ئامادە بن خیانەت لە دایک و باوکیان بکەن بۆ دەسەلات، نابێ بە هیچ جۆرێک دڵسۆزی خۆیان بۆ وڵات لەدەست بدەن. خێزانەکەی،

خاتوو پارسنس، نزیکەی ٣٠ ساڵە بەڵام زۆر پیرتر دیارە چونکە بەردەوام لە ترسدا دەژیت لەبەر منداڵەکانی. تۆم پارسنس، ٣٥ ساڵ، ئارەقاوییە، قەڵەوە، سوورو سپی و قژ خاوە، هەروەها زۆر گەش نییە، پیاوێکی جدییە و پارتەکە دەپەرستێت. دواجار، کچەکەی تووشی تاوانی هزری دەکات چونکە جارێک لە خەودا دەڵێت " پارتەکە بڕووخێت". بە وینستۆن دەڵێت زۆر سوپاسگوزارە هاتووەتە زیندان پێش ئەوەی هزرەکانی ببن بە گومان.

**٩- ئافرەتێکی هەژار**

دراوسێیەکی بە زەحمەتی وینستۆنە. هەمیشە سەیری دەکات گۆرانی لەبەر خۆیەوە دەڵێت و جلەکانی هەڵ دەخات. سیمبولی داهاتووە، نوێنەرایەتی ڕوحی پرۆلیتارییەکان دەکات کە هەرگیز تێک ناشکێت.

**١٠- وینستۆن سمیس**

ئۆروێل لەبەر وینستۆن چێرچل، لەکاتی جەنگی جیهانی دووەم سەرۆک وەزیرانی ئینگلتەرا بوو ناوی لە پاڵەوانەکەی ناوە وینستۆن سمیس. هەروەها باوترین دواین ناوی بەریتانی داوەتێ کە سمیسە. پیاوێکی ٣٩ساڵانە لە وەزارەتی ڕاستی کار دەکات. وینستۆن سمیس پیاوێکی زۆر ئاساییە. پاڵەوانێتییەکەی لە دڵەوەیە، نەک لەبەر بیرۆکەی چەوتی یاخیبوون لە پێناو دەسەڵات و پلە و پایەدا. لەبەر کارە ساکارەکانی، زۆر گەمژانە دەژیت. بۆ نموونە، دەفتەرێکی یادگاری هەڵدەگرێت بۆ تۆمار کردنی ئەو ڕووداوانەی پێیان تێپەڕ دەبێت، هەرچەندە پێدەچێت کە لە لایەن پۆلیسی هزرەوە دەسگیر دەکرێت. هەروەها ژوورێک لە سەر دوکانێک دەگرێت تا وەک هێلانەی خۆشەویستی لەگەڵ جولیا بەکاری بێنێت وێڕای مەترسییەکانی. دواجار، وینستۆن متمانە بە ئۆبرین دەکات، گومانی ئەوەی لێ ناکات کە ئەندامێکی دڵسۆزی پارتی ئینەرە کە دەیەوێت بیخاتە داوەوە.

کاتێ دەگیرێت و ئازار دەدرێت، وینستۆن تا پێی کرا بەرگری لە خۆی دەکات. ڕێزێکی نامۆی هەیە بۆ ئازاردەرەکەی، ئۆبرین، پێدەچێت لەزەت لە جەنگی بیرۆکەکان، ڕۆشنبیری و ویستەکان بکات. ئەوەی ڕاستی بێت، ماوەی چەند ساڵێکە بیر لە ئۆبرین دەکاتەوە و پێی سەرسامە، تەنانەت خەونیشی پێوە بینیوە. بە سەرێک، خۆشحاڵ دیارە کە دواجار ڕووبەڕووی ئۆبرین دەبێتەوە.

**١١- دایکی وینستۆن**

ماوەی ٣٠ ساڵە مردووە. تەنیا لە خەونی وینستۆن بۆ ڕابردوو بەدەردەکەوێت. بیری

دێتەوە وەک ئافرەتێکی قژ خاوی خۆ ویست. بە تەواوی نازانێت چی بەسەر دایکی دا هاتووە. بەڵام گومانی بۆ ئەوە دەچێت کوژرا بێت لە کاتی شاڵاوی پاکتاوکردنەکەی لە لایەن جۆزیف ستالین لە ساڵانی پەنجاکان ئەنجامی دا لە ڕووسیا. وینستۆن زۆر بیری دایکی دەکات و هەست بە تاوان دەکات ئەو دەژیت و دایکیشی مردووە. وا هەست دەکات دایکی ژیانی بەو بەخشیوە.

**١٢- سایم**

سایم، کە لە بەشی لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی ڕاستی کار دەکات، پیاوێکی بچووکی قژ ڕەشی چاو گەورەیە. یارمەتی ئەوە دەدات فەرهەنگێکی نوێ دابنێت کە چەندین وشە لە زمانەکە کەم دەکاتەوە. زۆر ژیر و ڕاشکاوانەیە، وینستۆن دەزانێت کە چارەنووسی سایم قڕ کردنیەتی. نەبوونی متمانە و خۆ نەپاراستنی سایم وینستۆن تووڕە دەکات چونکە دەزانێت ئەویش دڵسۆزی و جەرگ سوتاوی بیگ برازەرە.

## وانەکان

**١- سەربەخۆیی و کۆیلایەتی/ ویستی ئازاد**

١٩٨٤ی ئۆروێل لە ئۆشیانا ڕوودەدات، وڵاتێکی دەڵاسەتگەرییە لە لایەن سەرکردەیەکی خواوەند ئاسا بەڕێوە دەچێت بەناوی بیگ برازەر ( Big Brother برا گەورە)، بە تەواوی هاوڵاتییەکانی کۆنترۆڵ کردووە، نەک هەر تەنیا خۆیان بەڵکو بیر و ئەقڵیشیانی کۆنترۆڵ کردووە. هەر کەسێک یاخییانە بیر بکاتەوە لە لایەن سیخوڕەکان یان بیگ برازەرەوە ئاشکرا دەکرێت و گۆبەندی پێ ساز دەکەن. سیخوڕەکانیش لە ڕێگەی تەلەسکرینێکی زۆر هەستیار و پێشکەوتوو چاودێری هەموو کەسێک دەکەن. گەر یەکێک ڕووی خۆش نەبێت ئەوا بە تاوانی ڕوو تاوانبار دەکرێت، بۆیە دەبێ هەموو هەستەکان بە ئاگادارییەوە دەرببڕدرێت. گەر لە خەویشدا بە خراپ باسی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بکەیت ئەوا بە تاوانی هزر تۆمەتبار دەکرێیت. وینستۆن زۆر دەترسێت ئەمەی بەسەردا بێت، بەڵام دواجار بەسەر پارسنسی دراوسێی دا دێت. سەربەخۆیی تەنیا لە گەڕەکی هەژارنشینەکاندا هەیە، لەوێ تاوان و برسێتی دنیای تەنیوە. وینستۆن هەست دەکات ناتوانێت لەو گەڕەکە بژیت، هەرچەندە ژیانی وەک دانیشتووانی ئەو گەڕەکانە ناخۆش و پڕە لە سیخوڕی.

سزای تاوانە بچووکەکانیش زۆر توندە، چونکە جار جارە خەڵکی سەرپێچی یاسا دەکەن. پارتەکە دەزانێت کە خەڵک دەیەوێت سێکس بکات چونکە ئەمە غەریزەیەکی مرۆڤە، دەیانەوێت

گرێبەستی خۆشەویستی بکەن و بیر لە خۆیان بکەنەوە نەک هەر چییەکی حکومەتە دەسەڵاتگەرییەکە پێیان بڵێت ئەوە هەڵبژێرن و بیکەن. لەبەر ئەوەی خەڵک دەیەوێت ویستی ئازادی خۆی پراکتیزە بکات، پارتەکە هەمیشە چاو کرایەوە و ئاگادارە و هەموو شتێک بە تاوان دەزانێت و سزاکەشیان زۆر توندە بۆ ئەوەی هەمیشە لە ژێر کۆنترۆڵدا بمێننەوە.

**١٩٨٤ی ئۆروێل لە سەر زاری کەسی سێیەمەوە دەگێڕدرێتەوە، بەڵام بۆچوونەکە ئاشکرایە هی وینستۆن سمیسە. لە چاوەکانییەوە، خوێنەر دەتوانێت بزانێت کۆمەڵگەی دەسەڵاتگەری چۆن کار دەکات**

**٢- رواڵەت و واقیع**

لە ئۆشیانای دەسەڵاتگەری، خەڵکی هەمووی تەرخان کراوە بۆ بیگ برازەر و هەرچییەک حکومەتەکەی بیڵێت باوەڕی پێ دەکەن. بەڵام، هەر لە بیرۆکەکانی وینستۆنەوە تێ دەگەین، هەموو خەڵکی وەک ئەوەی خۆیان دەردەخەن وا نین. هەندێ کەس بە نهێنی هەست دەکەن باوەڕ بە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی جیاواز دەکەن، بێگومان، زۆر ئاگادارن لەوەی خیانەت لە خۆیان نەکەن. وێڕای ئەمەش، پارتەکە کۆنترۆڵی هەموو زانیارییەکان دەکات و مێژوو دروست دەکاتەوە، تەنانەت مێژووی دوێنێش، بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی ڕووداوە هەنووکەییەکانیان لەسەر خەڵکی هەبێت. وینستۆن زۆر ئەمە دەزانێت، چونکە ئەمە کاری ئەوە لەو وەزارەتی ناوی ڕاستییە، کارەکەی تەنیا گۆڕینی تۆمارەکانی مێژووە. ناتوانێت ئەوەی بیری دێتەوە پشتگوێی بخات: ئۆشیانا لە جەنگدا بوو لەگەڵ یۆراسیا و دوێنێ هاوپەیمانی ئیستاسیا بوو، نەک بە پێچەوانەوە. گەر هەر یەکێکی دیکە شتەکانی بە جیاواز بیر بێتەوە، زمانی خۆیان توند دەگرن بۆ ئەوەی لە دەمیان دەرنەچێت.

**نووسراوە. ناونیشانی بنەڕەتی ١٩٨٤ یەکەم جار ١٩٤٨ بوو، بەڵام ئۆروێل گۆڕی بۆ ئەوەی کاتەکە داهاتوو بێت**

تەنیا پیاوە پیرەکە، مرۆڤێکی بێ دەسەڵاتی هەژار لە سەر شەقامەکان دەژیت، باسی ڕاستییەکانی ڕابردوو دەکات، بەڵام بە کورتی و زۆر کەمیش شتی لەسەر خۆی بیر دێتەوە. وینستۆن پێویستی بەوەیە ئەوەی دەیزانێت ئاشتی بکاتەوە

و بیگونجێت لەگەڵ واقیعی پارتەکەی کە هەمیشە جیاوازە لە ڕواڵەتەکەی. وینستۆن لە دەفتەری یادگارییەکەی دەنووسێت " سەربەخۆیی ئەو سەربەخۆییەیە بڵێیت دوو کۆ دوو دەکاتە چوار. گەر ئەمە مسۆگەر بێت ئەوا هەموو شتێکی دیکەی بەدواوە دێت."

**٣- دڵسۆزی و خیانەت**

بۆ ئەوەی هەر خۆی لە دەسەڵاتدا بێت، پارتەکە دڵسۆزی و پێوەندی نێوان خەڵکی، کرێکاران، هاوڕێیان و تەنانەت ئەندامانی خێزانیش تێکوپێک دەشکێنێت. منداڵان هان دەدرێن بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەیان خیانەت دایک و باوکی خۆیان بفرۆشن گەر گومانی تاوانی هزریان لێ کردن (واتە گەر منداڵەکە زانی باوکی بیر بە ئاراستەی پێچەوانەی پارتەکە دەکاتەوە دەبێ بیدرکێنێت و بە گرتنی بدات).

پارتی ئینەر بە پێی یاسا سێکسی بۆ خۆشی قەدەغە کردووە و زەواجی نێوان پیاو و ئافرەتی کەم کردووەتەوە کە تەنیا بۆ خۆشی بێت. پێوەندی سێکسی، بە ڕای پارتەکە، هەڕەشەیەکە بۆ سەر پارتەکە چونکە دەبێتە هۆی خۆشەویستی نێوان دوو کەس، پێوەندی مرۆیی دروست دەکات، خەڵکی بۆ یەکتر دڵسۆز دەبن، ئەمانەش مەترسیدارن بۆ پارتەکە. وینستۆن پێی وایە کە خۆشەویستی وەک خۆشەویستی خۆی و جولیا دواجار پارتەکە دەڕووخێنێت، پێشی وایە توانای پارتەکە ئەوەندە نییە ئەو خۆشەویستی و دڵسۆزییە لەناو بەرێت. وینستۆن و جولیا هەردووکیان کۆڵ دەدەن و لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدان خیانەت لە یەکتری دەکەن. کاتێ ئازاد دەکرێن، خۆشەویستی و دڵسۆزیان بۆ یەکتر تێک و پێک شکێنراوە. لەبەر ئەوەی پارتەکە دەتوانێت بە ئاسانی تاوانی هزر بزانێت، خەڵکی هەمیشە وا خۆیان دەردەخەن کە زۆر دڵسۆزن بۆ پارتەکە. کەس متمانەی بە کەس نەماوە. وینستۆن هەڵەی کوشندە دەکات کاتێ متمانە بە ئۆبرین و چارینگتۆن دەکات، کە هەردووکیان خیانەتی لێ دەکەن. هەمیشە شتەکان بە هەڵە لێکدەداتەوە، وا دەزانێت هەردووکیان وەک خۆی بیری یاخییانەیان هەیە. کەچی دەردەکەوێت ئەوان داویان بۆ خۆی و جولیا داناوە. لە کۆتاییدا، کەس متمانەی پێ ناکرێت.

**٤- یوتۆپیا و دژە یوتۆپیا**

(دوورگەیەکی خەیاڵییە کە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و هەموو شتێکی دیکەی وەک بەهەشت وایە. "سێر تۆماس مۆر" کتێبێکی بە ناوی یوتۆپیا لە ساڵی ١٥١٦ نووسی باسی ئەو دوورگە خەیاڵییە دەکات. وشەکە بە یۆنانی واتە "هیچ شوێنێک". واتە بیروباوەڕی خەیاڵی).

ئاشکرایە کە ١٩٨٤ کتێبێکی دژە یوتۆپیایە. کاتێ ئۆبرین بە وینستۆن دەڵێت، ئەو جیهانەی ئەو و هەڤاڵەکانی دروستیان کردووە "تەواو پێچەوانەی ئەو بیرۆکە خەیاڵییانەی هیدۆنیستەکان کە کە چاکسازە کۆنەکان خەیاڵیان بۆی دەچوو." لەبری بوون بە کۆمەڵگەیەک کە شوێنی سەرکەوتنی ڕوحی مرۆڤ و داهێنان بێت، پارتەکە کۆمەڵگەیەکی دروست کردووە پڕە لە ترس، ئازار و خیانەت و ناپاکی هەردێ خراپتر دەبێت. ئۆبرین وێنەیەکی داهاتوو بە وینستۆن دەدات: پوتێک بە دەموچاوی مرۆڤەوە دەنووسێت، تا هەتایە بەردەوام دەبێت.

ئەو ڕوانگە ڕەشبینییەی داهاتوو خزمەتی مەبەستێک دەکات، ئۆروێل خۆی بە ئەنقەست دایناوە. ١٩٨٤ی نووسی وەک زەنگێکی ئاگادار کردنەوە تاکو خەڵکی ئاگادار بکاتەوە کە ڕێی تێ دەچێت ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە وجوودی هەبێت: کۆمەڵگەیەک چینی کرێکار بەردەوام بچەوسێنێتەوە. خوێنەر تەنیا یەک لایەنی دەبینێت کە دەکرێ داهاتوو ئەو جۆرە کۆمەڵگایە دروست بێت، بۆیە دەبێ هەوڵ دەن دروست نەبێت. دیدی دژە یوتۆپیای ئۆروێل هەندێ شتی پێکا وەک ترس و تۆقینەکانی جەنگی جیهانی دووەم و ترسەکانی جەنگی سارد. بە هەمان شێوە ڕۆمانە یوتۆپیاییەکانی تر ئامانجی خۆیان پێکاوە، وەک ڕۆمانی یوتۆپیای سێر تۆماس مۆری بەریتانی. ڕۆمانەکەی تۆماس هیوا و متمانەبەخۆبوونی بە دەست هێنا لە کۆتایی چەرخی ناوەڕاست.

هەواڵنامەی کتێب

**٥- نیشتمان پەروەری**

نیشتمان پەروەری کوێرانە کە گرێ لە دیکتاتۆرییەتی سەرکردەی ئەڵمانی ئەدۆلف هیتلەر و جۆزیف ستالینی سۆڤیەت بەردا لە سالآنی سییەکان و چلەکان ئیلهامی بە ئۆروێل بەشی بۆ نووسینی ئۆشیانا و بیگ برازەری سەرکردەی. هەروەک چۆن ئەڵمانەکان تەنیا لە ڕواڵەت ڕێزیان لە هیتلەر دەگرت و وەک باوکێکی خۆشەویست سەیریان دەکرد، هاولآتییانی ئۆشیانا وەک فریادڕەس و پارێزەر سەیری بیگ برازەر دەکەن، وەک برایەکی ڕاستەقینە چاوی لە گەلەکەی دەبێت و دەیانپارێزێت. وێنە گەورەکانی بیگ برازەر کە لە هەموو شوێنێکی ئۆشیانا دەردەکەوێت زۆر نزیکە لە وێنەکانی سەرکردەی کۆمەنیستی ماو تسی تونگ لە چین بەدیار دەکەوت.

وەک لە ڕژێمە دیکتاتۆرییە ڕاستەقینەکاندا، منداڵانی ئۆشیانا ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە درێژە دان بە دڵسۆزی و نیشتمان پەروەری هاولآتییەکان. هەروەک چۆن منداڵە ئەڵمانەکان دەچوونە ڕێکخراوی گەنجانی هیتلەر، منداڵانی ئۆشیانا دەچنە ڕێکخراوەکانی دەوڵەت بۆ

ئەوەی ببن بە سیخوڕ و هەمیشە سروودی نیشتمانیان پێ دەڵێنەوە. ئۆروێل وەسفی ئەوە دەکات چەندە گەمژانە و پێکەنیناوییە حکوومەتێک منداڵان بەکار بێنێت بۆ درێژە دان بە سیاسەتەکەی کاتێ وەسفی منداڵانی پارسنس دەکات وەک بڵێی تۆقێنەری پیرۆزن، هەمیشە هەڕەشە لە دایک و باویکان دەکەن دەسەڵاتیان لێ ئاگادار بکەنەوە گەر بە گوێی ئەوان نەکەن. لە شەستەکاندا، چین لە ژێر حوکمی ماو دا نەوەیەکی تەواوی منداڵان فێرە ڕێبازی خۆی دەکات بۆ ئەوەی دڵسۆز بن بۆ سیستمەکەی، بۆیە بۆ ماوەیەکی درێژ لە دایک و باوکیانی جیا دەکردەوە و وانەی خۆی پێ دەگوتنەوە بۆ ئەوەی دایک و باوکی منداڵەکان فێر شتی تریان نەکەن.

## پێکهاتە

### ١- بۆچوون

١٩٨٤ی ئۆروێل لە سەر زاری کەسی سێیەمەوە دەگێردرێتەوە، بەڵام بۆچوونەکە ئاشکرایە هی وینستۆن سمیسە. لە چاوەکانییەوە، خوێنەر دەتوانێت بزانێت کۆمەڵگەی دەسەڵاتگەری چۆن کار دەکات، بە تایبەتی چۆن تاکێک مامەڵە لەگەڵ هزرە نایاساییەکانی دەکات کە بە ئاسانی چاودێری دەکرێت لە ڕێگەی سیخوڕەکان و تەلەسکرینەکان کە سات بە سات ئاگاداری هەموو شتێکی خەڵکن. لەبەرئەوەی خوێنەر لە مێشکی وینستۆن دان، هەمان ئەو هەڵەیە دەکەن کە ئەو لە بڕیاردان لە سەر کەسەکان دەیکات. لە چاو تروکانێکدا سەیری ژوورێک دەکات لە کار کردن و بەخۆی دەڵێت کە دەزانێت کێ لە ماوەی چەند ساڵێکی داهاتوودا دەبێتە هەڵم و کێش ڕێگەی پێ دەدرێت بمێنێتەوە. پێشبینییەکانی لەمەڕ ئەوەی کێ دڵسۆزی پارتەکەیە و کێش هەو نییە دەردەچێت وورد نییە. بەم شێوەیە ئۆروێل نیشانی دەدات کە لە کۆمەڵگەیەکی زراو زەندەق چوودا، تێیدا پێوەندی نێوان مرۆڤەکان لە باشترین حاڵەتدا تەنیا پەسند دەکرێت و لە خراپترینیش نایاساییە، کەس دۆست و دوژمنی خۆی لە یەک جیا ناکاتەوە.

وینستۆن کارەکتەرێکە بە باشی چنراوە و بۆچوونەکانی ڕوونن (بەڵام بۆ خوێنەر ڕوونن، ناتوانێت بۆچوونەکانی بۆ هیچ کەسێک لە کۆمەڵگە ئاشکرا بکات). زۆرجار، ڕەخنەگران گوتویانە ئەو بۆچوونانە سەدای خودی جۆرج ئۆروێلن. بۆ نموونە، وینستۆن سەرسام دەبێت بە ڕوحی هەژارەکان، بەڵام بە سووکی سەیریان دەکات چونکە هەرگیز ناتوانن و ئەوەندە ئاقڵ نابن ژیان و حکوومەتەکەشیان بگۆڕن. لە لایەکی دیکەوە، سەرسامە بە

ئاڵۆزی و ژیری زەنگینەکان، کولتووری ئۆبرین کە هەرچەندە کارەکتەرێکی شەڕانگێزیشە. ڕەنگە ئەمە ڕەنگدانەوەی هەستەکانی چینایەتی ئۆروێل بێت، وەک یەکێک کە زۆر رۆشنبیر بوو و لە خوارووی هەموو کەسێکیشەوە بوو لە ئینگلتەڕا لە ڕووی ئابوورییەوە.

**٢- کات و شوێن**

لە نێوان ١٩٤٧ و ١٩٤٨ نووسراوە. ناونیشانی بنەڕەتی ١٩٨٤ یەکەم جار ١٩٤٨ بوو، بەڵام ئۆروێڵ گۆڕی بۆ ئەوەی کاتەکە داهاتوو بێت، لە هەمان کاتیشدا زۆر نزیک بوو لە واقیعی تاڵی ڕۆژگاری خۆی. ڕووداوەکان لە لەندەن ڕوودەدەن، کە لە ڕۆمانەکەدا بەشێکە لە وڵاتێک پێی دەگوترێت ئۆشیانا. ئۆشیانا یەکێکە لە سێ وڵاتە زلهێزەکەی جیهان، بەردەوام لە جەنگ دایە لە گەڵ یەکێک لە دوو زلهێزەکەی تر، ئیستاسیا و یۆراسیا. دوژمنەکان دەتوانن لە شەو و ڕۆژێکدا بگۆڕین و ببن بە هاوپەیمانی یەکتر، هەرچەندە پارتەکە تۆماتیکی مێژوو دەنووسێتەوە کاتێ ئەمە ڕوودەدات بۆ ئەوەی کەس ئەو بارودۆخە جیاوازانەی بە بیر نەیەتەوە. ئەم وڵاتە شەڕاوییە زۆربەی سەرچاوەکانی لە جەنگ خەرج دەکات، بۆیە هەمیشە باڵەخانەی شارەکان نیمچە ڕووخاو و ڕووخاو یان لە ژێر چاکردنەوەدان. هەموو کاڵایەکی بەکاربەر، لە خۆراکەوە تا دەگاتە جلوبەرگ، قاتییە، هەروەک چۆن لە ئینگلتەڕا وابوو لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم. وینستۆن ڕۆژگارێک لە لەندەن دەژیا، ئێستا بووەتە شارێکی خۆڵەمێشی، بۆگەن و خەمناک.

**٣- زمان و واتا**

ئۆروێل زۆر ئاگای لە هێزی زمان بووە، بۆیە زمانێکی نوێی بە ناوی نیوزپیک Newspeak دروست کردووە بۆ حکوومەتە دەسەڵاتگەرییەکە. نیوزپیک لە لایەن هاوڵاتییانی ئۆشیانا لە کتێبێکدا بە ووردی بەکار دەهێنرێت. زمانەکە لە زمانی ستانداردی ئینگلیزی جیا بووەتەوە و بە چەندین قۆناغدا تێپەڕ دەبێت تا لە ٢٠٥٠ دەگاتە دوا قۆناغی و جێگیر دەبێت. قۆناغی زمانەکە لە ساڵی ١٩٨٤دا هێشتا زۆر بە ئینگلیزی دەچێت.

بیرۆکەی سەرەکی لەپاڵ نیوزپیک ئەوەیە هەر وشەیەک پارتەکە ڕای لێ نەبێت بە هەوەسی خۆی دەیگۆڕێت یانیش بە تەواوی دەیسڕێتەوە. مەبەستی نیوزپیک بۆ تەسک کردنەوەی سنووری دەربڕینە، بۆیە وورده وورده وشەکان لە زمانەکە کەم دەبێتەوە. پێکهاتەی وشە و ڕێزمان سانا دەکرێتەوە، گۆکردنی وشەکان سانا دەکرێنەوە بۆ ئەوەی دواجار ژمارەی خوێنەران زۆر کەم ببنەوە. نیوزپیک چەند وشەیەکی تێدایە بۆ دەربڕینی

بیرۆکەی نوێ، وەک بیرکردنەوەی کۆن، کە گوزارەیە لەو ڕێگایەی خەڵک پێش شۆڕش بیری لێ دەکردەوە. لە ناوەڕۆکدا نیازێکی خراپ و بۆگەنی هەیە.

کاتێ نیوزپیک دەرکەوت، هاولاتییان چی تر نەیانتوانی لەبارەی بیرۆکەی کۆن بخوێننەوە و ئەو بیـرۆکـە نوێیـانـەش دەربڕن کـە دژی مـەرامـەکـانی پارتەکـەیە. پارچەیەکی تەواو لە ڕاگەیاندنی سـەربەخۆ " ئێمە ئەو ڕاستییانە بە بەڵگەی خود دەزانین..."، بۆ یەک وشـە کەم دەکرێتـەوە، ئەویش:هـزرەتاوان. دروشـمـە سـادەکان شـوێنی بیرۆکـە ئاڵۆزەکان دەگرنەوە. دروشـمـە دیارەکانی پارتـەکە ئەمـانـەن: "جەنگ ئاشـتـییـە"، سـەربەخۆیی کۆیلایەتـیـیـە" و "پشتگوێ خستن هێزە".

بەهۆی زمانێکی خەیاڵی، ئۆروێل دەتوانێت بڵێت دەکرێ زمان بە خراپ بەکار بهێنرێت و خـەڵک گومڕا بکات. لە دروست کردنی نیوزپیکدا، ئۆروێل کاریگەری بەلاغی سیـاسی و بەڵێنە بێ ماناو لێڵەکانی لە سەرە.

**٣- پێکهاتە**

١٩٨٤ بە سـەر سێ بەش و پاشکۆیەک دابەش بووە. بەشی یەکـەم باس لە جـیـهـانی وینستۆن دەکات، کە خوێنەر لە ڕێگەی چاو و بیرەکانی ئەو دەیبینن. لە تەنیایی ئەو دەگەن و بۆچی ئەمەش وای لێ دەکات ڕێی مەترسی بگرێتە بەر کە دواجار دەیڕووخێنێت.

بەشی دووەم، درێژترین بەشی گێڕانەوەکەیە، وینستۆن لەگەڵ ئەو کەسانە تێکەڵ دەبێت کـە پێی وایە ئـەوانیش وەک خـۆی یاخـین. پێـوەندی خـۆشـەویسـتی لەگـەڵ جـولیـا هـەیە، هـەروەها بـە دوو ئۆبرین دەکـەوێت و کـۆبوونـەوەیەکی نـهـێنی لەگـەڵ دەکـات.هـەر لـە بەشی دووەمدا، ئۆروێل بە درێژی باسی فێڵە سیاسییەکانی ئیمانوێل گۆلدستێن دەکات. شایەنی سـەرنج دانە کـە بڵاوکـەرەوەکـانی داوایان لـە ئۆروێل کـرد ئـەم کـەرەسـتـەیە لا بەرێت لە ڕۆمانەکە چونکە کاری گێڕانەوە دەوەستێنێت.

لە بەشی سـێیـەمـدا، وینسـتـۆن و جـولیـا لە لایەن پارتی ئینەر دەگیـرێن و لێک جـیـا دەکـرێنەوە. وینسـتـۆن ئـازارێکی زۆر دەچێـژێت و لـە سـەر دەسـتی ئۆبرین مێـشک شـۆر دەکرێت. گفتوگۆ و تێکەڵبوونی لەگەڵ ئۆبرین گرژییەکی کاریگەری هەیە چونکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە جەنگی نێوانیان لە سەر بنچینەی ڕێزێکی دوو لایەنەیە. بەداخـەوە ئەم ڕێزە بۆ ویسـنتـۆن خـێـر ناداتەوە چونکە وا لە ئۆبرین ناکـات ئـازادی بکات. ئۆبـرین سـەرکـەوتووانە مێشکی وینستۆن دەشـوات و وای لێ دەکات بیگ برازەری خـۆش بوێت.

کتێبێکە بە پاشکۆیەک کۆتایی دێت لە سەر پێشکەوتن و پێکهاتەی زمانی نیوزپیک. پاشکۆیەکە بە شێوەیەک نووسراوە وەک بڵێی گوتارێکی ئەکادیمیە، بەڵام ڕوونی دەکاتەوە نیوزپیک لە ڕۆمانەکە چۆن بەکار دەهێنرێت. شایانی گوتنە بڵاوکەرەوەکە داوای لە ئۆروێل کرد ئەم پاشکۆیە لابەرێت چونکە پێی وابوو پێویست نییە.

## دیدی مێژوویی ١٩٨٤

### ١- دەسەڵاتگەری

کاتێ ڕۆمانی ١٩٨٤ لە ساڵی ١٩٤٨ دا بڵاو کرایەوە، تازە جەنگی جیهانی دووەم کۆتایی پێ هاتبوو. ڕووسیا یەکێک بوو لە هاوپەیمانەکانی ئینگلتەرا. ئەوسا دیکتاتۆر جۆزیف ستالین سەرۆکی ڕووسیا بوو. ستالین بە مستێکی پۆڵایین حوکمی دەکرد، ناوبانگی هەبوو لە ڕەشەکوژی نیوە شەوان: لە نیوەی شەودا بە سەدان هاوڵاتی دەگرت و لە بیابانێک، شوێنێکی چۆڵ دەیکوشتن، وەک چۆن هاوڵاتییانی ئۆشیانا دەکرانە هەڵم و بزر دەکران. ستالین پێی وابوو هاوڵاتییان دوژمنی ئەون، وەک جولەکە، هونەرمەندان و بێ لایەنە سیاسییەکان. لە هەمان کاتدا، هیتلەریش لە ئەڵمانیا دوژمنەکانی خۆی سەر دەبڕی، لە کۆتاییدا شەش ملیۆن جولەکەی کوشت، نۆ ملیۆن خەڵکی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، قەرەج، هاوڕەگەزباز و بێ لایەنە سیاسییەکانی کوشت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە بیردا ناکۆک بوون لەگەڵی. ماو تسی تونگیش لە چین لە پێناو کۆمیونیزم لە دژی هێزە ناشنالیستەکانی بە سەرکردایەتی چیانگ کای شێک دەجەنگا. ماو لە ١٩٤٩ زاڵ دەبێت بە سەر ناشنالیستەکان و دەبێتە ڕێژیمێکی سەرکوتکەر، داپلۆسێنەر و دیکتاتۆری درێژخایەن.

دیکتاتۆرەکانی دیکەی ئەو سەردەمە: فرانسیسکۆ فرانکۆ لە ئیسپانیا و مۆسۆلینی لە ئیتاڵیا. ئەو سەرکردە چەوسێنەرانە هاووڵاتییانیان لە ڕێگەی پروپاگەندە و تووندوتیژییەوە کۆنترۆڵ کرد بوو. ئەم بارودۆخانە وای لە ئۆروێل کرد بیگ برازەر (برا گەورە) دروست بکات، سەرکردە و دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕەها کە هەموو چالاکییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی.

### ٢- سۆشیالیزم و کۆمیونیزم

ئۆروێل لە سییەکاندا لە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیادا لە دژی فرانکۆ جەنگاوە، پشتگیری باڵی چەپی سۆشیالیستەکانی دەکرد. کۆمەنیست نەبوو، بەڵکو سۆشیال دیموکراتێکی دڵسۆز بوو کە پێی وابوو حکوومەت، نەک پرۆژەی تایبەتی، دەبێ کۆنترۆڵی بەرهەم و

دابەش کردنی کالا بکات، لەبەر هەندێ زۆر بایەخی بە ژیانی هەژاران و چینی کرێکار دەدا. لە سەرانسەری جیهان، لە تەواوی سەدەی بیستدا، چینی کرێکار شەڕیان بوو بۆ ژیانێکی باشتر. لە ئەمریکا، کرێکاران جەنگێکی درێژیان کرد لە پێناو چاکسازیی کار کە دواجار چەندین سوودی لێ کەوتەوە وەک ئاسایشی کار، نیزامی سەلامەتی، مووچەی مەترسی، مۆڵەتی و مۆڵەتی نەخۆشی، دڵنیایی تەندروستی، مووچەی خانەنشین، پەککەوتن و یاسای منداڵە کرێکار، کە کرێکارە مۆدێرنەکان بە مسۆگەری ئەو مافانەیان بۆ دابین دەکرێت. هەندێ کرێکاری بەریتانی و ئەمریکی ڕوویان لە سۆشیالیزم و کۆمیونیزم کرد، پێیان وابوو ئەو چاکسازییە ئابووری و کۆمەڵایەتییانە کێشەکانیان چارەسەر دەکات. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، کارل مارکسی ئەڵمانیا پێشنیاری کرد: چارەسەر کردنی نایەکسانی نێوان کرێکار و بەڕێوەبەر، چینی کرێکار یان هەژار پێویستی بە شۆڕشێک و ڕێژیمێکی نوێی کۆمەنیست هەیە کە تێیدا یەک پارتی باڵا دەست کۆنترۆڵی سیستمی سیاسی و ئابووری ناکات. پێی وابوو کرێکار دەبێ کێڵگە و کارگەی خۆیان هەبێت و قازانج بە یەکسانی لە نێوان کرێکاران دابەش بکرێت.

لێرە لە ئەمریکا، کارگەی سەرمایەداری و خاوەن کانەکان وەڵامی داواکاری کرێکارانیان دایەوە و سۆشیالیست و کۆمەنیست خرانە پەراوێزەوە. ئەم کارە وای لە کرێکارە ئەمریکییەکان کرد شۆڕش لە دژی حکوومەتەکەیان بەرپا نەکەن. شۆڕشە کۆمەنیستییەکان لە ڕووسیا و چین ڕوویاندا، بەڵام دواجار ئەو وڵاتانە سیستمی ئابوورییان چاک کرد.

وەڵامی ئەمریکا بۆ کۆمیونیزم زۆر توند بوو لەکاتی جەنگی سارد لە پەنجاکان. ڕاستییەکەی، زۆر کەس پێی وابوو حکوومەتی ئەمریکی وەک حکوومەتە کۆمەنیستییەکان چەوسێنەرە. لە ژێر سەرکردایەتی سیناتۆر جۆو ماکارسی، لیژنەی ئەنجومەنی نوێنەران لە سەر چالاکییەکانی غەیرە ئەمریکییەکان بە توندی هێرشی کردە سەر ئەو کەسانەی کە بۆنی کۆمەنیستیان لێ دەهات، داوایان لێ کرا کە ناوی کۆمەنیستەکانی دیکە ئاشکرا بکەن یانیش لە کارەکەیان لا دەدرێن. فیلم دروستکاران و نووسەرانی هۆلیوود زیانێکی زۆریان بەرکەوت، زۆر کەس لە پیشەکەی لادرا پێش ئەوەی سەرۆک ترومان و بۆچوونی خەڵکی گشتی لە دژی ماکارسی وەستانەوە و ڕاوکردنی ساحیرەکان کۆتایی پێ هات. ئەو ترس و ڕاڕاییەی سەردەمی ماکارسی تەنی بوو هەمان ترس و ڕاڕایی ١٩٨٤ە، چونکە خەڵک بە فشار خیانەتیان لە هاوڕێکانیان، کرێکارە دۆستەکانیان و تەنانەت لە دایک و باوکیشیان دەکرد لە پێناو ڕزگار کردنی خۆیان. ئەمڕۆکە، کۆمیونیزم هێشتا چەند

یاوەرێکی هەیە لە ئەمریکا و ئینگلتەرا، هەروەک سۆشیالیزمی دیموکراسی، کە ئۆروێل لە باوەشی گرتبوو.

**٣- تەلەفزیۆن**

لەپاڵ بایەخ دان بە کرێکار و حکوومەت، ئۆروێل باش ئاگاداره لە داهێنانێکی گرنگ کە دوای جەنگی جیهانی دووەم بوو بە باو، دواجار بوو بە هێزێکی زاڵ لە کولتووری رۆژئاوادا: داهێنانەکەش تەلەفزیۆن بوو. یەکەم پەخشی bbc لە بەریتانیا لە ١٩٣٧ دەستی پێ کرد. گەلی ئەمریکی بۆ یەکەم جار لە ١٩٣٩ لە پێشانگای جیهانی نیویۆرکدا ئاشنا بوون بە تەلەفزیۆن. لە پەنجاکان داهێنانەکە پەرش و بڵاو بووەوە. ئەمرۆکە سەدا ٩٨ی ماڵی ئەمریکی بە لایەنی کەم تەلەفزیۆنێکی رەنگاو رەنگی هەیە. ئۆروێل درکی بەو ئالییەتە بەهێز و کاریگەرەی گەیاندن کردووە، پێی وابووە بە خێرایی دەکەوێتە هەموو ماڵێک. خەیاڵی بۆ ئەوە چووە کە تەلەفزیۆن هەر تەنیا پەخشی پروپاگەندە لە بن نەهاتووەکان ناکات بەڵکو رۆژێک دێ دەتوانێت وێنەی بینەرانیش بگرێت و پەخشی کاتەوە، وا لە پەخشکارەکە بکات سیخوڕ بێت لە سەر بینەرانی.

**بەراورد و هاودژ**

١٩٤٨: سۆڤیەتەکان چواردەوری رۆژئاوای بەرلین، ئەڵمانیایان گرت. ئەمریکییەکانیش بە فڕۆکە هاوکاری بەرلینییەکانیان دەکرد.

١٩٨٤: دیواری بەرلین، کە لە ١٩٦١ دروست کرا بۆ پچڕاندنی پێوەندی لە نێوان ئەڵمانیای رۆژئاوا و رۆژهەلات، وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئەمرۆکە: ئەڵمانیای رۆژئاوا و رۆژهەڵات یەکیان گرتووەتەوە، دوای ئەوەی دیواری بەرلین لە ١٩٩٠ رووخێنرا.

١٩٤٨-١٩٤٩: ماو تسو تونگ لەگەڵ چیانگ کای شێک و هێزە ناشنالیستەکان دەجەنگێت، دواجار لە ١٩٤٩ لێیان دەباتەوە و رژێمێکی کۆمەنیستی دیکتاتۆری دادەمەزرێنێت.

١٩٨٤: چین خۆی لەبەر پاکتاوکردنی کولتووریی شۆڕشی مەزنی کولتوری هەژاران لە شەستەکاندا راگرت. لە حەوتاکان بە رووی رۆژئاوادا کرایەوە لەبەر سەردانی سەرۆک نیسکۆن لە ١٩٧٢ چین دەستی کرد بە بازرگانی کردن لەگەڵ رۆژئاوا، هەروەها هەندێ چاکسازی دیموکراسی و ئابووری کرد.

١٩٨٩: قوتابییان داوای چاکسازی ئابووری و مافە مەدەنییەکانیان کرد،

خۆپیشاندانێکیان ساز دا لەبەردەم گۆڕەپانی تیانانمێن لە بێیجینگ، سەربازانی چین دەسرێژیان لێ کردن.

چین بەردەوام دەبێت لە بازرگانی کردن لەگەڵ ڕۆژئاوا، بەڵام بزووتنەوە دیموکراسییەکەی زۆر سست بوو.

١٩٤٨–١٩٤٩: لە سێپتێمبەری ١٩٤٩، سەرۆک ترومان ڕای دەگەیەنێت کە ڕووسیاش چەکی ئەتۆمی هەیە و پەرەی بە تەکنەلۆژیاکە داوە.

١٩٨٤: جەنگی سارد بەردەوام دەبێت چونکە پێشبڕکێی چەک لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا گەرموگوڕتر دەبێت.

لە ٨ی دیسێمبەری ١٩٨٧، سەرۆک ڕۆنالد ڕیگان و میخایل گۆرباتشۆڤی سەرکردەی سۆڤیەت ڕێکەوتنێک مۆر دەکەن: ئەمریکا ١٧٥٢ و سۆڤیەت ٨٥٩ بۆمبی ئەتۆمی لە مەوداری ٣٠٠ تا ٣٤٠٠ میل بتەقێننەوە. لە ١٩٩١ کۆماری پێشووی سۆڤیەت پارچە پارچە دەبێت. وەبەرهێنەرە ئەمریکییەکان یارمەتی سۆڤیەتەکان دەدەن دەست بکەنەوە بە بازرگانی نوێ چونکە سۆڤیەتەکان شەو و ڕۆژیان لێک گرێ دەدا بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریيان.

١٩٤٩: یەک ملیۆن تەلەفزیۆن و دوو دەرزەن وێستگەی تەلەفزیۆنی لە ئەمریکا هەیە. لە ١٩٥١ دەبێتە ١٠ ملیۆن تی ڤی، لە ١٩٥٩ دەبێتە ٥٠ ملیۆن.

١٩٨٤: ٨٥ ملیۆن ماڵی ئەمریکی تەلەفزیۆنی خۆیان هەیە. تەلەفزیۆن لە ڕێگەی کێبڵەوە دەگاتە نیوەی زیاتری ماڵەکان. کۆمپیوتەر دەبێتە کەلوپەلێکی ناوماڵ لە ئەمریکا.

ئەمڕۆکە سەدا ٩٨ی ماڵی ئەمریکی (٩٥ ملیۆن ماڵ) تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگیان هەیە، سەدا ٢٨یان دوو یان سێ تی ڤییان هەیە. سەدا ٦٥یان هێڵی کێبڵیان هەیە.

١٩٩٥: زیاتر لە سێ ملیۆن کەس کۆمپیوتەری کەسسی خۆی هەبوو. ئینتەرنێتیان بەکار دەهێنا، کە لە شەستەکاندا پەیدا بوو و خەڵکی لە زیاتر ١٦٠ وڵات بە یەکتر دەبەستێتەوە لە ڕێگەی ئیمەیڵ. لە نەوەدەکان ئینتەرنێت تەقییەوە.

سەرچاوە:

Source: Novels for Students. Copyright by Gale Group. Inc. Reprinted by permission.

Microsoft - Encarta - 2007. - 1993-2006 Microsoft Corporation.



ئەدیب نادر

# بەهرە و ڕەهەندەکانی تری داهێنانی تی. ئێس. ئێلیۆت

**وەکو چۆن لۆژیکێک بۆ فیکرەکان هەیە ئاوا لۆژیکێکیش بۆ خەیاڵ هەیە.**

«ئێلیۆت»

هەواڵنامەی کتێب



ئێلیۆت، نەک هەر بە بۆنەی شیعرەوە، بەڵکو بەهۆی ڕەخنەی ئەدەبی و شانۆی شیعریشەوە، دوابەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی پانتاییەکی گەورەی سەر گۆڕەپانی هزر و ئەدەبی ڕۆژئاوای بەرزفت کرد و ماوەیەکی دوورودرێژیش دنیای ڕۆژئاوای بەخۆیەوە سەرسام و سەرقاڵ کرد و ئەمەی بەردەستیش ئاوڕێکی سەرەتاییە لە ڕەهەندە ئیبداعیەکانی تری ئەو و هەوڵێکیشە بۆ تیشک هاوێشتنە سەر شوناسێکی ئاوڕلێندراو و فەرامۆش کراو.

## لەدایکبوونی شاعیرێک

«ئیلیۆت شاعیرێکی بەهرەمەند و گەورە بوو، کاتێ کە شیعرەکانی دەخوێنیتەوە ڕەنگدانەوەی واقیعی جیهانی سەرمایەداری و ژیانی ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوای تیادا دەبینیتەوە. کارەکانیشی لە هەڵوێستە ئایدۆلۆژی و بیروڕا سیاسییەکانی جیاوازن.» شاعیرێکی گەورەی وەکو یەفتۆشینکۆ ئاوا لەبارەی ئیلیۆتەوە دەدوێ کە بەڕای زۆربەی ڕەخنەگران و شاعیرانی سەدەی بیستەم گرنگترین کەسێتی و کاراکتەری ئەدەبی سەروبەندێکی پڕ هەڵچوون و داچوون و وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکانە و کارکردێکی بێپایانیشی لەسەر تەواوی دنیای ئەدەبی بەجێهێشتووە و یەکێکە لە پایە هەرە گەورەکانی شیعری هاوچەرخ.

ئیلیۆت لە ساڵی مردنی شاعیر و ڕەخنەگری ئینگلیزی «ماسیۆ ئارنۆڵد»دا لەدایک بوو. ئەگەر ئارنۆڵدی گەورە نووسەر سەدەی نۆزدەهەمی خەتم کردبێ ئەوا ئیلیۆت سەدەی گۆڕانکارییە گەورەکانی دەست پێ کردووە. هەر لەو ساڵەدا لە «سانت لویس» کە یەکێکە لە شارەکانی ناوچەی میزۆری لە ئەمەریکا لە ١٨٨٨/٩/٢٦دا «تۆماس ستێرنز ئیلیۆت» لە دایبابێکی نیوو ئێنگلاندی سەر بە ماڵباتێکی ئینگلیزی هاتە دنیاوە کە لە سەدەی حەڤدەهەمدا بەرەو ئەوێ ڕۆیشتن و لە شاری بۆستن دا نیشتەجێ بوون. دواتر باپیرەی «ویلیەم گرین لیڤ ئێلیۆت» بەرەو «سانت لویس» کۆچی کرد و سەرجەم زیندەگی خۆی لە پێناوی چارەسەرکردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا تەرخان کرد.

باوانی «هێنری وێرو شارلۆت تشۆنسی ستێرنز» ناردیانە قوتابخانە تاکو بە ئاکادیمییای «میلتۆن» و ئینجا زانکۆی «هارڤەرد» گەیشت و لە پاییزی ساڵی ١٩٠٦دا بۆ ماوەی سێ ساڵ لە فەلسەفە خوێندی و تایبەتێتی دەستەبەرکرد. لەو ماوەیەشدا دوان لە مامۆستاکانی کە «ئێرڤینگ بابیت و جۆرج سانتایانا»بوون کاریگەرییەکی فرەیان بەسەرەوە جێهێشت. دواتر ساڵی ١٩١٠ چووە پاریس و بۆ ساڵێکی ڕەبەق لە زانکۆی «سۆربۆن» ئەدەبی فەرەنسی و فەلسەفەی خوێند و گوێبیستی لێکچەرەکانی «بێرگسۆن»ی بیرمەند و فەیلەسوف بوو. ئینجا گەڕایەوە بۆ «هارڤەرد» بۆ ئەوەی ماوەی سێ ساڵی تری تیادا بەخوێندنی میتافیزیک و لۆژێک و زانستی دەروون و بێجگە لەمانەیش فەلسەفەی ئەندازە و زووبانی هیندی و سانسەکریتی بەسەربەرێ. پاشان کرا بە مامۆستای فەلسەفە لە هەمان زانکۆ و بوو بە دۆست و ئاشنای فەیلەسوف و بیرمەندی ئینگلیز «بێرتراند ڕاسڵ» کە هزر و بیری ئێلیۆتی شاعیری گەلێک بەدڵدا چووبوو. پاش تێپەربوونی چەند

مانگێک بەسەر مامۆستایەتییەکەیدا، زانکۆ بڕیاری دا کە ماوەیەک بە ئیلیۆت ببەخشێ هەتاکو لە زانکۆی «ماربۆرگ»ی جێرمانی بخوێنێت، ئەویش بێلێبڕ دوای زانکۆی ماربۆرگ چوو بۆ «ئۆکسفۆرد» و تیایدا سەرقاڵی خوێندنی فەلسەفەی یۆنانی بوو. هەر لەم ماوەیەشدا بوو کە کەوتە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە فەلسەفی و ئەدەبییەکانی لە گۆڤار و وەرزنامە ئەدەبییەکاندا و یەکەمین چامەی «گۆرانی عیشقی جەی. ئالفرێد پرۆفرووک»ی لە ساڵی ١٩١٥ لە گۆڤاری شیعری ئەمەریکیدا بڵاوکردەوە کە «هاریێت مۆنرۆ» دەری دەکرد و لە گۆڤارە ئینگلیزییەکانیشدا چەردە شیعرێکی تری بەدوای ئەوەدا بڵاوکردەوە. لە ساڵی ١٩١٥دا لەگەڵ «ڤیڤیان هێگ وود»دا هاوسەرگیریی کرد و لە ساڵی ١٩١٦یشدا بوو بە مامۆستای زووبانی فەڕەنسی و لاتینی و ماتماتیک و وێنەکێشان و جوگرافیا و مێژوو و تۆپی سەبەتە لە قوتابخانەی «های گەیت»ی نزیک شاری لەندەن. دوای ساڵێک دەستی لەمانە هەمووی هەڵگرت تا لە بانکی «لۆیدز» دەستبەکاربێت، بەڵام داواکارییەکەی درایە دواوە چونکە کاری لە دەریاوانی ئەمەریکیدا کردبوو و تەندروستیشی باش نەبوو. دوای ئەمە بەچەند کارێکی دیکەوە مژوڵ بوو هەتاکو لە ساڵی ١٩٢٧دا شوناسنامەی بەریتانی پێ بەخشرا و بە هاووڵاتییەکی ئینگلیز لە قەڵەم درا. دوای هەژدە ساڵ دوورکەوتنەوە و لە ئەمەریکا نەژیان دووبارە گەڕایەوە ئەوێ و کرایەوە بە مامۆستای شیعر لە زانکۆی «هارڤەرد»دا، نەک هەر ئەمە بەڵکو چواردە زانکۆی بەریتانی و ئەورووپی و ئەمریکی دوکتۆرای فەخرییان پێ بەخشی و چەند خەڵاتێکیشی پێ بەخشرا، لەوانە خەڵاتی حکوومەتی بەریتانیای ساڵی ١٩٤٨ و خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیشی هەر لە هەمان ساڵدا وەرگرت، ساڵێکیش بەر لەوە «ڤیڤیان»ی هەمیشە نەخۆش و ناتەواوی خێزانی کۆچی دوایی کرد و پاش ئەوە بە دە ساڵ و لە ساڵی ١٩٥٧دا «ڤالیری فێلێچەر»ی خواست کە لێپرسراوی کاروبارەکانی خۆی بوو هەتا لە دنیا دەرچوونیشی لە ١/٤/ ١٩٦٥دا پێکەوە ژیان.

## ئیلیۆت و بواری ڕەخنە

ئەو وەکو ڕەخنەگرێک جێگایەکی دیار و سەر بەجەماوەرێکی بەربڵاو پەلوپۆدارە و ڕەخنەگرێتییەکەشی لە ڕاستیدا گرنگە هاوشانی شاعیرێتییەکەیەتی. ئیلیۆت هەر لە تەمەنی بیست ساڵانەوە سەرنج و ناڕەزایی لەسەر ڕێبازە ڕەخنەییەکەی «ئارنۆڵد» هەبوو، بەڵام دواتر کە بەتەمەندا هەڵکشاو سی ساڵی تێ پەڕاند ئەم هەڵوێستەی وەرچەرخانی

هەواڵنامەی کتێب

بەسەردا هات، چونکە بیرورِا رِەخنەیی و جەختکردنە سەر کەلەپووره فیکری و رِۆشنبیرییەکانیان هاوشێوەییەکی گەورەی تێدابوو. ئەویش هەر وەکو «ئارنۆڵد» بایەخی بە کەلەپوور دەدا و دەیگوت: «بەشێک لە ئەرک و تاسکی «موهیمەی» رِەخنە پارێزگاری کردنە لە کەلەپوور... ئەرکی رِەخنەگریش ئەوەیە کە بەرِوانینێکی بەردەوام تەماشای ئەدەب بکات و وەکو گشتێک ببینێت...» هەر ئەم رِوانینەش ئەو بنەمایەیە کە بیرورِا رِەخنەییەکانی ئیلیۆتی لەسەر بنیات نراوە. شتێکی دیکەی گرنگیش لە فیکری رِەخنەیی ئەودا مەسەلەی دۆزینەوەی «هاوتایی بابەتییە» لە ئەدەبدا بەرِاستی یەکێکە لە بەهادارترینی ئەو کلیلانەی کە دەتوانێ وێڵگاو تونـاوتوونەکانی بەرهەمەکانی ئیلیۆت و ئەوانی تریش بکاتەوە. کە بێگومان ئەم مەسەلەیەیش جەخت کردنە لەسەر پێکەوە بەستنەوەی هەست و بیر بەو شێوەیەی کە سەرومرِ بیر وا لێ بکات لە وێنەی شیعریدا ئامادەگی تەواوی هەبێت.

نووسینەکانی ئیلیۆت هەتا بڵێیت کورت و پوخت و مانا گەیەنەرن و نووسینە رِەخنەییەکانیشی لە چوار پەرتووکی بچکۆلەدا بڵاوکردۆتەوە و سەرباریش لە سەروبەندی جەنگدا گەورەترین و قووڵترین کارکردی خستۆتە سەر ئەدەبی ئینگلیزی. ئەم نووسینە کورت و پوختانەشی بەرِاستی کاریگەرییەکی بێ هاوتایان لەسەر بزاڤی رِۆشنبیریدا بەجێهێشت و کاتی خۆیشی وەکو بیرۆکەی رِاگوزەر و سەرپێیی دەربارەی ئەدەبی سەردەمەکەی خۆی بڵاوی دەکردنەوە. بەڵام هاوکاتیش تەژیبوون لە زانیاری پێداگر و بەکەڵک. ئەم لێکۆڵینەوانە دواتر وایان لێهات لە هزری قوتابییەکانی ئەو دەمەی زانکۆدا جێگیربوون و چەشنی کۆمەڵە کلێشەیەکی ئەدەبی نوێ رِەگیان داکوتا.

دەکرێ ئەوماوە رِەخنەییانەی کە ئەو پیایاندا تێ پەرِی لە گۆشە نیگای زەمەنێکی مێژووییەوە بکرێت بەسێ بەشەوە.

یەکەم: لە ساڵی ١٩٢٨دا تەواو دەبێت کە ئەمیش تایبەتە بە رِەخنە بەگشتی و بابەتێتی هونەری بەشێوەیەکی تایبەتی سەراپای تەنیونەتەوە. ئەو نووسراوانەیش کە سەربەم ماوە زەمەنییەن:

* کەلەپوور و بەهرەی تاکرِەویی.
* بانگەواز و درامای شیعریی.

دووەم: هەتا ساڵی ١٩٣٤ درێژە دەکێشێ کە تیادا بیروبۆچوونە رِەخنەییەکانی چرِتربوونەوە و بەرەو رِووە کۆمەڵایەتییەکان و رِێبازە ئایدیاییەکان بردیان، نووسینەکانی ئەم قۆناغەیش:

* دانتێ.
* گرنگی شیعرییەت و ڕەخنە.

سێیەم: لە ساڵی ١٩٣٦وە دەست پێ دەکات و تا مردنی درێژە دەکێشێت و بریتییە لە ئاوێتەکردن و درێژکردنەوەی ماوەی زەمەنیی یەکەم و دووەم، نووسینەکانی ئەم قۆناغەی کۆتاییش:

## ئایدیای کۆمەڵگەی مەسیحی

ئێلیۆت دەڵێت: «پێویستە مرۆڤ تا دەتوانێ لە ڕەخنەی ئەدەبیدا کلاسیکی بێت نەک لە هونەری داهێناندا، چونکە تۆ لە ڕەخنەدا بەرپرس نیت تەنها لەوە نەبێت کە خۆت دەتەوێت. وەلێ لە خولقاندنی داهێناندا تۆ بەرپرسیاری لەوەی کە دەتوانی چی لەو مەتێریاڵە بکەیت کە لە سەرتە بەئاسانی پێی ڕازی بیت و بیقۆزیتەوە» ئاوڕدانەوە و گەڕانەوەی ئێلیۆت بۆ شارستانێتی مەسیحی لە کۆتایی بیستەکاندا و دوای بڵاوبوونەوەی چامەی بەناوبانگی «وێرانە خاک ١٩٢٢»ی و بەرلەوەیش کتێبی «دارستانی پیرۆز-١٩٢٠»ی کە ئەو بێ خەتایە لە پێوەنانی بۆیەی لاهووتیی تازە  پێیەوە. دواتریش ڕووی لەو لیبرالیزمە وەرگێڕا و دایە دواوە کە ئەو سەردەمە پەیڕەو دەکرا و، بێگومان فیکرەی ئەم هەڵگەڕانەوە و پشتگوێ خستنەیش دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە ساڵانی ١٩١٤.

لە سەرەتای پێوەندییەکەشیدا لەگەڵ «ئێزرا پاوەند» و «تی. ئی. هۆڵم»ی فەیلەسوف و ڕەخنەکاری هاوبیر و هاودنیا بینی خۆی، کە لەو بڕوایەدابوو- بابەت نییە بەکەڵکی شیعر نەیەت لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ پێش ئەو مێژووەیش، ئەو کاتانەی گوێ ڕادێرانی بۆ موحازەرەکانی «ئێرڤینگ بابیت»ی زانکۆی «هارڤەرد» بەر قەرار بوو کە دەربارەی دژە ڕۆمانتیسیزم بوون. لێکۆڵینەوەکەی ئێلیۆتیش «کەلەپوور بەهرەی تاکڕەویی» کە لە دووتۆییدا وەکو ڕەخنەکارێکی کارتێکراو بەوان دەردەکەوێت و تیایدا هێندە هەست بە بەرگری کردنی ناکرێت دەربارەی لیبرالیزم. بەڵام لە پێداڕۆیشتنی ئەو بڵاوەیدا لەسەر ڕێگەیەکی باو دیار دەدات. ئەم نووسینەی لەو ڕەخنانە نییە کە بۆ دووانێکی زۆر لەسەر خۆی پەلکێشت بکات، چونکە زوبانێکی بەربڵاو و وشکی هەیە، ئەوەش  دووپات دەکاتەوە کە ئێلیۆت ڕقی لە دووان و قسەکردنی سەربەست و ڕەهایە لە چوارچێوەی ڕەوانبێژییەکی ئاوهادا. لە نووسینی «گەڕانێکی کورت بەدوای ڕەخنەی شیعر»یشدا باسی سێ جۆرە ڕەخنە دەکات: یەکەم کە بە« ڕەخنەی داهێنەر» ناو دەبرێت و لە ڕاستیشدا داهێنانێکی

چڕوپڕی بە پەلوپۆ بەرهەم دەهێنێت. دووەم: کە بە «ڕەخنەی مێژوویی و ئاکاری» لە قەڵەم دراوە و سەر بەڕێبازەکەی «سانت بیڤ»ی ڕەخنەگری ناوداری فەرەنسییە و بیروڕا ڕەخنەییەکانی تەوزیف دەکات. جۆری سێیەمیش: کە بە ڕەخنەی تەنها و ڕاستەقینە» ناو دەبرێت، یاخود ڕەخنەی گشتی و جیاواز کە تایبەتە بە شاعیر ڕەخنەگرەکان و ئیلیۆتیش لەم بارەیەوە دەڵێت: «ڕەخنە لە شیعر دەگیرێت تاکو شیعر دروست بکات.» نەک خاوەن شیعرەکە بڕەنجێنێ و بیشکێنێتەوە. لە جێگایەکی تری ئەم کتێبەدا وای داناوە کە شاعیر گشت کاتێ هەوڵی ئەوە دەدات «کە بەرگری لەو شێوازە شیعرییە بکات کە دەینووسێت...».

ئیلیۆت وەکو ڕەخنەگرێکی جیددی و توندوتیژ هاوشێوەی «پۆڵ ڤالیری» شاعیر و ڕەخنەگری فەڕەنسی بوو، چونکە لە نێوانی ئایدیا و ڕێبازەکانیاندا گومان لەوە دەکرا کە هەر یەکەیان کارێکی زۆر لەوی دیکەیان بکات. ئەویش وەکو ڤالیری لەو بڕوایەدا بوو کە پێویستە ڕۆشنبیری و کولتووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا هاوکات لە نێو ئێسکی شاعیردا ئامادەگی هەبێت و کاری هونەریشی وەکو پێکهاتەیەک دادەنا کە مەبەستی دروست کردنی ئەنجامێکی سنوورداری هەیە، بەڵام لەوەدا لەگەڵیا جیاوازی هەبوو کە ئەم باوەڕی وابوو دەبێ شیعر مانایەکی قووڵی هەبێت و شتێکی مەزن بگەیەنێت.

لە کتێبی «دارستانی پیرۆز»دا، لە لێکۆڵینەوەکەی «دانتێ» لەگەڵ ڤالیریدا دانوستان لەسەر شتەکاندا دەکات و لەو خاڵەدا دەگەنەوە یەک کە دەڵێت: فەلسەفە لەناو شیعردا جێگای نییە و نابێتەوە. هەرچەندەش تێڕوانینی ئیلیۆت گوزارە لە زرنگی و مەزنی دەکات بەڵام سەرەنجام لەگەڵ تێڕوانینەکانی ئەودا هاوتەبا دەبن.

لە ساڵانی ١٩٢٧–١٩٢٩ «بابیت و فۆرستەر» ڕەخنەیان لە ئیلیۆت گرت و لەو خاڵەدا کە ئەوان بە خاڵی بێهێزییان دادەنا لێک جودا دەبوونەوە و ڕێک نەدەکەوتن کە ئەو دەیووت: «نابێ باوەڕ بەو ڕێبازە ئاکارییە بکەین کە لە دەرەوەی خودی خۆیدا هیچ بیانوویەکی نییە. «وێلبۆر. ئێس. سکۆت»یش دەڵێت: «ئێمە دەتوانین زاراوێکی وەکو «مرۆڤگەرایی مەسیحی» بەسەر ئیلیۆت دا بسەپێنین» و ئەم ڕاوبۆچوونەی «سکۆت»یش لە لایەن چەند ڕەخنەگرێکی ناوداری وەکو: «ئێدمۆند فوللەر وهیات واگنەر»ەوە پەسەند کرا، چونکە ئەم زاراوەیە چەقی تێڕامانە ڕەخنەییەکانی ئەو دیاری دەکات. ئیلیۆت لە کتێبی «ئایین و ئەدەب»دا لە بەشبەشبوونی شێوەی بایەخ پێدان و حوکمدان بەسەر ئەدەبدا دەڵێت: «نابێ مەزنیی ئەدەب بە تەنها بە پێوەری ئەدەب دابنرێت، هەرچەندە ئەوەشمان لەسەرە کە بڵێین کە حوکمدان خۆی لە خۆیدا ئەدەبە و بە تەنها بە پێوەرە ئەدەبییەکان دادەنرێت.» ئەم

هەواڵنامەی کتێب

جیاوازییەش وای لە برێک ڕەخنەگر کرد، بەتایبەتیش: «ئالان تەیت و جۆن کرادڕانم» و ئەوانەی کە بە شێوازێکی ئێتیکیانە پەرەیان بە مەزنیی ئەدەب دەدا، لە ڕاڤەکردنە ڕەخنەییەکانیاندا بە وردی ئاگایان لە نۆرمە ئەدەبییەکان بێت.

ئیلیۆت لەگەڵ ئەمەشدا یەکێک بوو لەو کاراکتەرە سەرەکییانەی کە لە پێشخستنی ڕەخنەی فۆرمیدا دەورێکی باڵای گێڕا، لە کاتێکدا بە تەوازۆوە ئەوەی ڕاگەیاند و بڵاو کردووە کە «ئیزرا پاوەند و هۆڵم» کارێکی بێ پایانیان تێ کردووە بەتایبەتی لە لایەنی هونەرەوە وەک هونەر نەک وەکو زاراوەیەک یاخود دەستەواژەیەک بۆ ئەو بیرە کۆمەڵایەتییە یاخود ئایینیە، یان ئاکارییە، یان ڕامیارییە، هەروەها بانگەشەی بۆ ئەوەش کرد کە دەبێت بەشێوەیەکی ورد و پوخت لەسەر تێکستە ئەدەبییەکان بنووسرێت و بەدواداچوونیان بۆ بکرێت. بێجگە لەمە لە زۆربەی نووسینەکانیدا باسی تێڕوانینی خۆی دەکات بەرامبەر بە شیعر وەکو ئامێرێکی سەربەخۆو پەرە بەو ڕاستییانەش دەدات کە لە ناو دەقەکاندا قوت دەبنەوە ، پێ بەپێی پەیوەندی بەهێزی ئەدەب وەک ئەدەب نەک وەکو شتێکی جودا. هەروەها لە لێکۆڵینەوەی «کەلەپوور و بەهرەی تاکڕەویی»دا ئەوە دەڵێت کە: «شاعیر لە سۆز و کەسایەتییەوە بۆ هۆنراوە ڕا دەکات.» و لە «دارستانی پیرۆز»یشدا بەجۆرێکی دیکە گوزارە دەکات و دەڵێت: «شیعر بەرەڵا کردنی سۆز نییە، بەڵکو ڕزگار بوونە لە سۆز، گوزارە نییە بۆ کەسایەتی، ڕزگار بوونە لە کەسایەتی. بەڵام کێ دەزانێت ئیرادەی ڕزگار بوون لە سۆز و کەسایەتی چی دەگەیەنێت؟ تەنها ئەوانە نەبێت کە لای خۆیاندا شکی پێ دەکەن.» ئەم وتەیە هانی ڕەخنەگرەکانی دا ڕەهەندی شارەزابوونیان لە ژیانەوە بگوێزنەوە بۆ برەو پێدان ئەویش بە چوونە ناو هونەری هۆنراوەوە. بەکورتی ئیلیۆت برەوی بەدانانی جۆرە ڕەخنەیەک دا کە ناگەڕێت بەدوای لێکۆڵینەوە دەرەکییەکانی دەقە ئەدەبییەکانی وەکو لێکۆڵینەوە مێژووییەکان، کۆمەڵایەتییەکان، دەروونییەکان، بەڵکە بە وردی پێودانگ و خوڕەوشتە ئێستاتیکییەکانی بەرهەمی ئەدەبی برەو پێ دەدات.

شیعرەکانی ئیلیۆت و ئیزرا پاوەند و ئەوانەی سەر بەمانە، سەر بە ڕێبازی «ئیمیجیزم» بوون، شەقڵیان زۆر بەهەند دەگرت چونکە شەقڵ ئاماژەی بەفیکرە دەدا و کاریگەریشی لەسەر مانادا بەجێ دەهێشت، بۆیە لەو باوەڕەدا بوون ئەگەر شەقڵ ببزرکێ و بشلەژێ ئەوا ماناش پێ بەپێ لەگەڵیدا گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و بەهای هونەری نووسینیش ئیدی تێک دەچێت و دەگۆڕێت. بێجگە لەمەیش ئەوان بە تەکنیکە هونەرییە ئاڵۆزەکانیان کە ڕەنگدانەوەی کاریگەری ڕەمزییە فەڕەنسییەکان و میتافیزیکگەدا ئینگلیزەکان بوو

گیانێکی بەهێزتریان کردەبەر ڕێبازە ڕەخنەییەکانی سەردەم.

ئیلیۆت لە لێکچەرێکدا بە ناوی «با ڕەخنە لە ڕەخنەگرەکان بگرین» کە لە زانکۆی «یێڵ»دا دایدا و پاشتر لە چەند شوێنێکیتریشدا خوێندییەوە و لە نۆڤەمبەری ساڵی١٩٦١یشدا بۆ یەکمجار بڵاوکرایەوە، تێیدا ڕیشخەندی بەو نووسینە ڕەخنەییانەی خۆی کرد و لەو بڕوایەدا بوو کە نووسینگەلێکی کۆنکریت نەبوونە لەسەر ئاستی خواست و ویست، تەنها ئەوە نەبێ کە بریتی بوونە لە بەرهەم و داهێنانی خۆی و ئەگەرچی هەندێ کەس وایان هەست کردووە کە ئەو چاڵشیان دەکات و ڕەنگە لەوەدا لەسەر هەقبووبن، بەڵام دەبێ ئەوەش کە قەبوڵی چاڵش دەکات بکەوێتە ڕێکخستنی کاروبارەکانی خۆی، ئەگینا شتێک نییە ئاسان بێت. هەروەها ئەوەشی دەربڕیوە کە ئەو ڕەخنانەی بەشێوازێکی توندڕەو و پێ بەپێی ئاستی تێگەیشتنی ئەو سەروبەندانەی خۆی نووسیووە و هەستی تەنگەبەر و دیاریکراوی خۆشی بەم چەشنە بەیان کردووە: «ئەو پەیڤانەی کە پێش سی یاخود چل ساڵ نووسیومە، وەکو ئەوەی دوێنێ نووسیبێتمەوە وان لە بەرچاومدا.»


ئیلیۆت

## ئیلیۆت و شانۆی شیعری

هەرچی چۆنێک باسی شانۆی شیعری بکرێت ئەوا پێویستە ئیلیۆت وەکو پێشەنگ و هێنەرەوەی ئەم هونەرە درامییە بەرزە بۆ نێو جوولانەوەی ڕۆشنبیری لەبەرچاو بگیرێت و کاریگەرییەکەی فەرامۆش نەکرێت و شوێنێکی دیاریکراویشی بۆ بانگێشتی زیندوو کردنەوەی ڕۆح لە درامای شیعریدا بۆ تەرخان بکرێت، پاش ئەوەی کە لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمەوە ئەستێرەی شانۆی شیعری ڕووی لە کزی و خامۆشبوونەوە کردبوو. بێجگە لەوەیش کە ئیلیۆت تازەگەری و جیاکاری لە شیعردا کردووە شانۆشی کردووە بە درێژ کردنەوەی شیعر و وزە شعیرییە نایاب و بێ ئەندازەکەی خۆی تەقاندۆتەوە. پاش ئەوەی کە ئیلیۆت خۆی بە جیدییانە لەنێو بزاڤی شانۆییدا دیتەوە، ئەوەی ڕاگەیاند کە نابێ شیعر تەنها هۆکارێکی ئەوتۆ بێت بۆ جوانکاری و ڕازاندنەوە، بەڵکو پێویستە لەسەری پاساوی بە درامی بوونی خۆی بداتەوە و لەوە زیاتر بێت کە هەر تەنها شیعرێکی بێ هاوتا و دانسقە بێت و لە دوو توێی و شەکلێکی شانۆییدا جێی بەخۆی دابێت. ئەو بێجگە لەو هەموو کارەیش کە لە بواری شانۆی شیعریدا ئەنجامی دابوو هێشتایش هەر لەو بڕوایەدا بوو کە بە تەواوەتی نەیتوانیوە هەموو ویست و ئامانجە گرنگەکانی خۆی تیادا بهێنێتە دی.

شیعر پێ بەپێی سوننەتە زوبانییەکان گرنگترین و کارامەترین، کارکردترین هۆکارێکە بۆ لەناوبردنی کۆت و بەندە شانۆییەکان و دەوڵەمەندکردنێتی بەڕەگەزێکی نەمری عاتیفە چونکە لە شانۆی پەخشانئامێز پتر مەودای گوزارە کردن بەرین و فراوان دەکات و لە توانایدایە شتگەلێکی زۆر زیاتر دەربارەی کارەکتەرەکان کەشف بکات و بێجگە لەوەش ببێتە هۆکارێک بۆ تەقاندنەوەی وزەی زوبان و هەروەها وزەی هەڵچوون و سۆزدارییەکانیش بتەقێنێتەوە.

بەڵگە نەویستە کە نووسینی شانۆگەری شیعری بەزاندنی سنووری گێتییەکی تازەیە، چوونە ژوورەوە و هەنگاونانە بەسەر ئەو ڕووبەرانەدا کە هێشتایش هەر پاکیزە ماونەتەوە، هێشتایش نەدۆزراونەتەوە. بەڕاستی لە شانۆی هاوچەرخدا چوونە نێو جیهان تووش بوونە بەنەخۆشی لە خەودا ڕۆیشتن. وۆڵتەرکیدی ڕەخنەکاری ئەمەریکی دەڵێت: هۆنراوە بە سەلیقەوە بۆ شانۆ نانووسرێت، بەڵام ئەگەر هات و نووسرا، ئەوا بەخۆڕایی دەنووسرێت، کەچی خۆڕایی نووسینیش مردنە. هۆنراوە هیچ نرخێکی نییە، ئەمیش وەکو هەموو لایەنە زیندووەکانی شانۆنامە، هەر تەنها ئەگەر هات و چەشنی ئاوێنەیەک وا بوو کە ئەو وێنەیە

پێچەوانە بکاتەوە کە مەردووم خۆیان ئەبینن.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا واتە لە نێوان سالآنی ١٩٠٠ وە هەتا ١٩٣٠ شانۆی ئینگلیزی بەتوندوتیژییەوە بەگژ بەکارهێنانی شێوازی شانۆی شیعری داچوو. یەکێک لەوانە کە بووە هۆی ئەوەی وا لەم لایەنەی ئەدەب بکات تا ببێتە لایەنێکی باوەڕ پێکراو و شێوەیەکی زیندووی ئەدەب، ئیلیۆت بوو، کە لە سالّی ١٩٢٦دا چەند بەشێکی لە شانۆنامەی «ئازارەکانی سووینی» بلآوکردەوە، بەلآم ئەم شانۆنامەیە ئیلیۆتی وەکو شانۆنامەنووسێک بە خوێنەرەکانی نەناساند، هەرچەندەش لەو کاتەدا ئەستێرەیەکی درەوشەداری بارتەقای ئاسمانی شیعری ئینگلیزی بوو. ئەو شانۆگەرییە شیعرییەی کە یەکەمجار ئیلیۆت نووسییەوە «تاوانی کوشتن لە کاتەدەرادا» بوو کە شیعرەکانی تا سەرحەدێکی ڕاستگۆ و ئاشکرا گۆرانیئامێز بوون و مەبەستیشی ئەوە بوو کە لە نێوەندێکی ئایینیدا پێشکەش بکرێت نەک لە سنوور و نێوەندێکی بازرگانیدا، شانۆگەرییەکەیش کۆپلە و وێنەی شیعریی ناوازەی لەخۆ گرتبوو. ئەم شانۆگەرییە لە سالّی ١٩٣٥دا بلآو بووەوە و بووە هۆی ئەوەی کە ئیلیۆت لەم ژانرەشدا ناوی پڕشنگدار بێت هەر وەکو چۆن لە شیعر و ڕەخنەیشدا پڕشنگدار بوو. هەندێجار کە باس لە شانۆگەری پەخشان ئامێزیش دەکرێت ئەوە لە بیر ناکرێت کە ئەمیش هەروەها خالّی نییە لە بە شیعر بارگاوی بوون، ئەمەش لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەندێک لە نووسەرەکان کۆشاون دیالۆگەکان بەچەشنی هۆنراوە بنووسینەوە. بێگومان ئەوەیش کە دەبێ لەیاد نەکرێت ئەوەیە کە شانۆی هاوچەرخ گەلێک قەرزداری ئیلیۆتە، ئەمیش لەبەر دوو هۆی سەرەکی:

یەکەمیان: لەبەرئەوەی پارێزگاری لە بیری شانۆی شیعریی نوێ کرد و بە زیندوویی هێشتییەوە.

دووەمیشیان: قورسایی هونەر و شۆرەتی خۆی خستە سەری و بەجیدییانە خۆی بۆ تەرخان کرد.

ڕەوینەوەی شیعری گۆرانی ئامێز لە شانۆگەرییەکانی دواتریدا ڕەوینەوەیەکی تەواو هەست پێ کراو بوو، سەرباری ئەوەیش کە شیعری گۆرانی ئامێز یەکێک بوو لە ئارەزووە پەیگیرەکانی خودی ئیلیۆت خۆی، کە مرۆڤ لە بەرامبەریاندا هیچی پێ نەدەکرا ئەوە نەبێت کە دەستەوسان گوێیان لێ ڕابگرێ و بەسەرسامییەوە دەمیان بۆ داپچڕێ و هەستەکانی پێیان کەسیرە بن. ئەو قەرزار بار کردنەیش کە ئیلیۆت بەرۆکی شانۆی نوێی پێ قورس کرد، ڕێگای ئەوەمان لێ ناگرێت کە بلّێین ئەو هەموو قوربانیدانە لە خۆڕا

کۆتایی پێ نەهێنرا، چونکە ئیلیۆت هەموو ئانوساتێکی مێژوو لە دەفتەری نەمراندا ئامادەگییەکی نەمری دەبێت، نەک تەنها بەر شانۆنامەکانی، بەڵکو لەبەر شیعرە گۆرانی ئامێزەکانیشی و لەبەرئەوەی ئیلیۆت لە بناغەدا شاعیرێکی لیریکی بوو نەک شاعیرێکی درامی و لە نێوانی شیعر و شاعیری لیریکی و درامیشدا گەلی هاوبەشیی هەیە، بەڵام هەریەکێ لەمانەش بە سەلیقەی جیاوازەوە شەقڵ دەگرێت و ئیدی شیکردنەوە هەڵناگرێت. هەربەم شێوەیە ئەگەر شانۆنامەیەک گۆرانی ئامێز بوو ئەوە وای لێ ناکات ببێت بەتاقە سیمایەک تا بەکارێکی گۆرانی ئامێز دابنرێت. پێ بەپێ ئەگەر هۆنراوەیەکیش گۆرانی ئامیز بوو ئەوە وای لێ ناکات ببێتە خاوەنی هێزێکی درامی و ئەوەش ناگەیەنێت کە ئەم نووسینە ئیتر شانۆییە، چ لەلایەنی فۆرمەوە و چ لە لایەنی کارتێکردن و ناواخنەوە. بێجگە لە ئیلیۆت گەلێک لە شاعیرانی تریش شانۆنامەی شیعرییان نووسیوە، لەوانە کۆلێریج، شیللی، کیتس، بایرۆن، وردزوێرس و گەلێ شاعیری دیش. بەڵام ئەم شانۆنامانەی ئەمان بەڕاوبۆچوونی وۆڵتەر کیر نرخ و بایەخێکی ئەوتۆیان نەماوە و لە جیهانی شانۆدا تەنها ناوهێنانیان تۆزێک سەرنجڕاکێشە و هیچی دی. بەڵام بەهەرحاڵ ئیلیۆتی شاعیر نەیدەویست ئەو هەستە بێگەرد و پاکەی کە هەیبوو تەنها لە شیعرە سیمبۆلییەکانیدا دەری ببڕێت، هەستی بە کەلەبەرێک دەکرد و هەندێ شتی لە هزردا گەلاڵە ببوون و تا دەهاتیش پەنگیان دەخواردەوە و نەیدەتوانی لە بارتەقاو فەزای شیعردا دەریانببڕێت و درکیشی بەوە دەکرد کە شیعر لە توانایدا نییە ئەم هەموو بیرە قووڵانە دەربڕێت، بۆیە توانای بەهێزی لە شانۆنامەی شیعریدا ئازمایش کرد و دواتر بەجۆرێک تیایدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا کە لە ناو ڕیزی هەڵگرانی ئاڵای شەکاوەی شانۆی ئینگلیزیدا بە فیگەرێکی بەرجەستە دانرا.

ئیلیۆت کە شاعیرێکی داهێنەر بوو، هەر لەبەرئەوەش بوو کە شانۆگەری شیعری بە درێژ کردنەوەیەک دەزانی بۆ شیعر، هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئەوەی دووپات دەکردەوە کە ئەو ویستانەی کە لەودیو شانۆنامە شیعرییەکانیەوە حەشاری دابوون و ناو بەناو دەیگرتنە جەماوەرەکەی، ئاواتەکانی هەموو جێبەجێ نەکردبوو، لە دیوی ناوەوەشیدا دەیویست هۆیەک بدۆزێتەوە کە کەسایەتییەکانی پێ بدوێنێ، بەمەرجێکیش ئەگەر کەسایەتییەکان ویستیان ئەوا بە شیعر بدوێن. شتێکی ئاساییە گەر بڵێین ئیلیۆت بەتایبەتی دوای ئەوەی شانۆ لقی بەرەو ڕیالیزم لێ بووەوە، شانۆگەری بەرفراوانییەکەی جارانی هێندە نەما هەتا جێگای گۆرانییەکانی شاعیری تێدا ببێتەوە کە ئەویش شتێکی سەرەکی و داهێنانێکی

گرنگ بوو بە دەستییەوە.

ئیلیۆت هەمیشە مرخی لەوە خۆش کردبوو کە لە پشت تیۆرەکەیەوە بانگێش بۆ گەڕانەوەی درامای شیعری بکات و عەوداڵبوونی خۆی بەدوای شانۆگەرییەک ڕابگەیەنێت کە وێنەیەک دروست بکات تێکەڵ بێت لە شیعر و دراما و لێکدابڕان و پسانیان لە میاندا نەبێت. لەم ڕووەشەوە بە ئایدیا شانۆییەکانی ئەریستۆ کارتێکراو بوو، بەڵام تاقە جیاوازییەک کە لە نێوانیاندایە ئەوەیە کە ئەرستۆ وای دەبینی کە شیعر و سەما و موزیک لە خوددا تەنها ئاستێک دروست دەکەن، ئەگەر درامای شیعریش دووبارە بگەڕێتەوە ناو مەیدانی ئەدەب ئەوا بێشک دەبێ هەندێک لە سرووتە کۆنەکانی لەگەڵدا بێتەوە مەیدان، بەڵام ئیلیۆت ئەو توانا بەهێزەی لە شیعرەوە بادایەوە بەلای شانۆدا و بەدوای ئەو شێوازەدا گەڕا کە شێوە جودا و جیاکارەکەی خۆی بەسەردا بسەپێنێ. ئەگەرچیش ئەو شانۆنامانەی کە ئەو نووسینی بە ژمارە کەمیش بوون بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوشانی ڕێڕەوی شانۆی هاوچەرخ و نوێ بڵاوکرانەوە و کاریگەرییەکی فرەیشیان خستە سەر ڕەوتەکە خۆی. ئەوەی کە «ماتیسۆن»یش بۆی چوو لە پێداویستی ئیلیۆت بۆ درامای شیعری هەتا ئێستا لە تیۆر نزیکتر بوو وەکو لەوەی لە ڕیالیزمەوە نزیکتر بێت، ئەم بۆچوونە هەتاکو تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکانیشی گرتووەتەوە.

ئیلیۆت سەرباری ئەوەیش بەیناو بەین ڕەخنەی لە خۆی دەگرت و ئەمەشی بەکارێکی بە بایەخ دادەنا، ئەم ڕەخنانەیش هەڵقوولاێنکی ڕاستگۆی بیروباوەڕەکەی بوون و جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە شیعر دەرکەوتن نییە لە بوونی شانۆگەریدا و تەنها ئارایشت و جوانکاریش نییە، لەبەرئەوە داوای لە شیعر کرد جەخت لەسەر بوونی درامی خۆی بکاتەوە و لە شانۆدا خۆی پاساو بدات. لە تێڕوانینی ئیلیۆتدا، نووسەری دراما یان ئەوەی شانۆگەری شیعریی دەنووسێت، پێویستە هاوکات لە دوو ئاستدا کاریگەری گەورەی بۆ سەر جەماوەر هەبێت کە ئەوانیش ئاستی شیعری و ئاستی شانۆیین. گرنگترین ئەو شانۆنامە شیعرییانەیش کە ئیلیۆت نووسیوونی ئەمانەن:

- تاوانی کوشتن لە کاتەدەرادا.
- ئاهەنگی کۆکتێل.
- تاشەبەرد.
- نووسیاری باوەڕ پێکراو.
- ستەیتسمەنی گەورە یاخود پیاوی خانەنشینکراوی دەوڵەت.

٠ یەک گرتنەوەی ئەندامانی خێزان.

لە پاڵ ئەم شانۆنامانەدا جاروبار نووسین و لێکۆڵینەوەی لەبارەی شیعر و شانۆ و هونەری دراما و ڕەخنەی ئەدەبی دەنووسی و لە ساڵی ١٩٥١دا کتێبی «شیعر و دراما»ی بەچاپ گەیاند، لە ساڵی ١٩٥٣یشدا کتێبی «دەنگ سیانەی شیعر»ی بڵاوکردەوە. لێرەیشدا ڕەنگە پێویست بێت باس لە چەند شانۆگەرییەکی بکرێت تا ببێتە ژێدەرێکی بچکۆلانەی نووسین لەمەڕ گەورەیی و داهێنەریی و توانای بێ پایانی ئەم کەڵە شاعیرەی کە گۆڕانی بە دنیادا هێنا و هەرگیز دنیای دوای ئەو دنیای پێش ئەوە نییە ئیتر.

## شانۆنامەی "تاوانی کوشتن لە کاتە دەرا دا"

ئیلیۆت ئەم شانۆگەرییەی بۆ ئەوە نووسی کە هەر لەو جێگایەدا بنوێنرێت کە شا هێنری دووەم بڕیاری تێکدان و ڕووخاندنی کانتەربەری و کوشتنی ئەسقوفەکەی لە ساڵی ١١٧٠دا دەرکرد. ئەم کارە چارەسەری سەربوردەی «تۆماس بێکیت» دەکات کە یەکێک بوو لەو کەسانەی بە هۆی بەڕێوەبردنی کڵێسەی ئینگلیزییەوە ناوی دەرکرد و ناسرا. ئیلیۆت دووبارە دەستی بە داڕشتنەوەی ئەم چیرۆکە باستانییە کرد و شێوازێکی جیاکار و هاوچەرخی پێ بەخشی و تیایدا تەقەللای ئەوەی دا کە ململانێی نێوان هێزی ڕۆح و هێزە دنیاییەکان و خاڵی یەکتربڕینی نێوان کات و نەمریی بخاتە بەرچاو. ناوەڕۆکی ئەم شانۆگەرییە لە بیرۆکەی شەهیدکردنی «تۆملس بێکیت» دەدوێت، کە سەرۆکی ئەساقیفەی کانتەربەرییە و بوێری ئەوە دەکات لە ڕووی شادا بوەستێ و دژایەتی بکات. سوارەکانی شا هێزی دووەمیش ڕێگای پێ دەگرن و لەودیو شوورەکانی کاتەدەراکەدا دەیکوژن و شەهید دەبێت. پاش ئەوەی کە سوارەکان بە تاوانەکەیان هەڵدەستن، بۆ کۆرسی دەگێڕنەوە، کۆرسیش بریتییە لە کۆمەڵە ئافرەتێکی کانتەربەری، ئەم وتنەوە و گێڕانەوەیەش بەشێوەیەکی دیماگۆگییانە دێنەدی، کە لەوانەیە لەم بەشەیدا ئیلیۆت بە شانۆگەری سانت جۆن»ی بەرناردشۆ کارتێکراو بوو بێت. تەنانەت لەم شێوازەیدا ئەو هاودژییەش کە لە نێوان هێزی ڕۆح و هێزی ئایینیدایە یەکتربڕی مابەینی کات و نەمری دەردەبڕێ. لە بارەی بابەتەوە ئەم بەرهەمە شانۆگەرییەکی مێژوویی نییە کە هەر لە تەنها دووبارە گێڕانەوەی کوشتنەکەی «تۆماس بێکیت» بێت کە توانی دژایەتی شا هێنری دووەم بکات و لە ڕوویدا بوەستێت، بەڵکو ئیلیۆت بەشێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکەدا کرد کە بگاتە ئاستێکی فەلسەفی و ڕۆشنبیری مەزن. هەرچی چۆنێک بێت «بێکیت» ڕێگای

شەهیدبوونی بۆ خۆی هەڵبژارد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ساتی مردنەکەی گەلێک وورووژێنەر و کارەساتاوی بوو چونکە هێزێکی ڕۆحیی گەورەی بەرهەڵدای جیهان کرد. هەندێک لە ڕەخنەکارانیش وای بۆدەچن کە پاڵنەرێکی ڕامیاریانە وای لێکرد کە ئەم کارە بەرهەم بهێنێت و وێنای ئەو تاوانکاری و قەڵاچۆکردنە جەستەیی و ڕامیاریانە بکات کە بەو سەردەمەی ئەورووپیادا بڵاو ببوونەوە.

ئیلیۆت دایەلۆگەکانی بە زوبانێکی ڕەوانی سەروبەندی چەرخی ناوەند نووسیبووەوە، کە مامۆستاییەکی گرنگ و کارامانەی ڕێی دووردرێژ و لەسەرەخۆی ژیاندنەوەی درامای شیعری بەرجەستە دەکرد و وای لەو کەسانە دەکرد کە ماوەیەکی زۆر بوو بەرگرییان لە دووبارە بوونەوە و گەڕانەوەی شیعر بۆ سەر شانۆ دەکرد، لەو کردەیەیان پاشگەز ببنەوە و باوەڕی بەوانەیش هێنا کە گومانیان لە بوونی زووبانێکی درامی خوازراو بەتایبەتمەندێتییە باوەکان دەکرد، بە جۆرێک کە دەبێت لە شیعری تازە و هاوچەرخدا بدۆزێتەوە. ئەم شانۆگەرییە زۆربەی خواستەکانی ئیلیۆتی لە زمانێکی هارمۆنی و هەڵقوولا و لە زاری کەسایەتییەکانەوە جێبەجێ کرد و بووە خاڵی دەستپێک و بەرزترین تەقەلا بۆ زیندووکردنەوەی ڕۆح لە درامای شیعری و وێناندنی وەرچەرخانی هەڵوێستەکانی سەردەم.

بایەخی ئەم شانۆنامەیە بەشێوەیەک بوو کە لەسەر شانۆیەکی بچووکدا سەد جار پێشکەش کراو پاشان لەگەڵ جێگای تری وڵاتیشدا نمایش کرا، هەرچەندە ئیلیۆت بە جۆرێک نووسیبووی کە لە شوێنێکی تایبەتمەند و بۆ تاقمێکی تایبەت و دانسقە ئامادە بکرێت و پیشان بدرێت، بەڵام شێوەی سەرکەوتنە بێ هاوتاکەی وای لە خەڵکەکە کرد کە بە هەموو وزە و توانایەکیانەوە بۆچوونە ژوورەوە بۆ نێو هۆڵی نواندنی شانۆگەرییەکە کە پاڵ بەیەکترییەوە بنێن تا تامەزرۆییە سەیر و لاپڕەسەنییە بێ بەزەییەکەی خۆیان تێر بکەن.

## شانۆنامەی "یەک گرتنەوەی ئەندامانی خێزان"

ئیلیۆت لەم شانۆگەرییەدا کە لە ساڵی ١٩٣٩دا بڵاوکرایەوە توانی لە چوارچێوەیەکی تازەدا کۆن و نوێ ئاوێتەی یەکتری بکات. لەسەر بابەتی شوناسی کەسایەتی خۆ بنیات نرا، چونکە هەمیشە ئامانجی باڵای نووسەری درامی «خۆت بناسە» بووە. لێرەیشدا ئیلیۆت ڕاڤەی سەرگوروشتەی ئۆرستیای ئیگریکی بەزوبانێکی هاوچەرخ و لەزاری

خەڵکانێکی هاوچەرخەوە دووپات دەکاتەوە. هاری، شاکەسی ئەم شانۆنامەیە لە خودی خۆی و ماڵبات و نەریتەکانی دادەبڕێت، یاخود ئەو خۆی لەو شتانە دادەماڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ هەوارگەی باوباپیرانی کە لە باکووری وڵاتدایە و دەچێتە لای دایکی کە کەسێتییەکی ساردوسڕ و خەمساردی هەیە بەڵام باڵادەستە و پلانی ئایندەیەکی گونجاو لەگەڵ نەریتەکاندا بۆ هاری دادەنێت، وەلێ دەبینین کە هاری ئەو هەستە ئاشکرا دەکات کە بۆ لەناوبردنی هاوسەرەکەی بێ حەوسەڵە و تەنگەتاوی کردووە. بەئاشکرا سەرنجی ئەوە دەدرێت کە ڕۆحی تۆڵەسەندنەوە لەودیو پەردەکانەوە خۆی مەڵاس دەدات و دواتر هەر بە ڕێکەوت هاری ڕووبەڕووی ئەو ڕابردووە دەبێتەوە کە هەمیشە ئامادەگی هەیە و درک بەوە دەکات کە زیندەخەونە ترسناکەکانی دەربارەی تاوانی کوشتن بەرەنجامی ئەو مناڵییەیەتی کە ئەزموونێکی شاردراوە و نامەفهوومی هەیە، چونکە بەر لە لەدایکبوونی باوکی ئاواتی بەوەوە خواستبوو کە دایکی بکوژێت. ئاگاسای میمکیشی کە ئەمەی بۆ دەدرکێنێت باوکی خۆش دەوێت و ڕێگای ئەو تاوانی کوشتنە نادات، هەر تەنها لەبەر ڕزگار کردنی کۆرپەڵەکەی سکی دایکی، بۆیە لە ڕاستیدا ئەوە لە جێی دایکی ڕاستەقینەیەتی و هاریش بۆ ئەم سیمبۆڵی ژیانە. بەم زانیارییانەش کە لە خولیاکانییەوە سەردەکەن و دەردەپەڕین، هاری توانای ئەوەی دەبێت کە خۆی لە دیلێتی نەریتەکان ڕاپسکێنێ و دووری و لێدابڕان هەڵبڕێژێت و دەشیزانی کە ڕەنگە ئەمە ببێتە هۆی لەناوبردنی دایکی، لە ڕاستیشدا هەر ئەوە ڕوو دەدات و نەفرەت بەسەر ماڵباتەکەدا دەبارێ. بەڵام هاری بۆ ئەوە دەڕوات کە خۆی بگەیەنێتە خواژنەکانی دڵنەرمی ناسکی و دووی خۆیشیدا هەردوو ئافرەتەکە بەجێ بهێڵێ، کەچی دەستەی خانەوادەکە هیچ لە بارەی ڕۆیشتنەکەیەوە بەخەبەرنین. ئەوەی کە گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە کۆرس ئاستێکی بەرزی تێگەیشتن و زیرەکی و بە تواناییان هەیە و بەکەشوبای ڕووداوەکانیش هەستەوەر و ئاشناترن. ڕەنگە زۆرێک لە خوێنەران وای ببینن کە هاوشێوەییەک لە میانی هەڵوێستی هاملێت و هاری دا هەیە، بەوردیش لە زیرەکییە گاڵتەجاڕانەکەی و مەینەتییەکەی و تەنانەت پێوەندیشی بە دایکییەوە. لە دەقەکەدا هەستێکی ئەوتۆ هەیە کە شاکەس توانای دۆزینەوەی ئەو وشە دەربڕانە و ئەو ڕووداوانەی نییە کە دەشێ بەشێوەیەکی گونجاو ببنە سەدایەک بۆ هەستە ناوەکییە گرنگەکانی. دواتریش «هاردینگ» کە دەروونناسێکی بەناوبانگە ئاوا وەسفی ئەم شانۆگەرییەی دایەوە کە نموونەیەکی کلاسیکییە بۆ دەربازبوون لە هەژموون و دەسەڵاتی دایک.

## شانۆنامەی "ئاهەنگی کۆکتێل"

لەم شـانۆگـەرییـەدا کـە سـاڵی ١٩٤٩ بڵاوکـرایـەوە، ئیلیـۆت توانی گـەورەترین و بێ سنوورترین سەرکەوتن لە شانۆکانی لەندەن و نیۆیۆرکدا دەستەبەر بکات.

لێرەدا ئیلیۆت هەوڵی تێکەڵکردنی کۆن و نوێی لە بۆتە و شێوازێکی سەردەمانەدا داوە و گەڕاوەتەوە بۆ داستانە دێرینەکانی یۆنان و باوەڕە سەرەتاییە بڵاوەکانی نێو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەروەکو چۆن ڕەفتاری لەگەڵ داستان و ئەفسانەدا کردووە لە چامەی «وێرانە خاک»دا، کە لەمیشدا هەمان شێوەی شانۆیی و درامایی وەرگرتووە و لە چامەکە جودای ناکاتەوە بە ئاستەم نەبێت. لەسەر پانتایی ئەم کارەشدا چەردەیەک یاساوڵ ئاهەنگ دەگێڕن، کابرایەکی نامۆ و غەوارە وێنەی پیرە ئافرەتێکی چەنەلێدەر و خاوەن کۆمەڵە پەیوەندییەکی زۆر و پچڕ پچڕی ئەملا و ئەولا گۆڕانکاری بەسەردا دێت و دەبێ بە پزیشکی بیمارییە دەروونی و ڕەوانییەکان، بەڵام بە چەشنێک ئەچێتە بنج و بناوانی ژیانی نەخۆشەکانییەوە کە هیچ پزیشکێک تەنانەت خەونیشی پێوە نەبینیوە و نابینێت. ئێدوارد و لاڤینیا هاوسەرگیری دەکەن، سەرباری ئەوەی کە دەزانن و درکیان بەو کۆت و بەندانە کردووە کە سنووریان بۆ دیاری دەکات و دەیخاتە ژێر هەڕەشەوە. سیلیاش کە ئازار دەچێژێت و حەوجەی بەوە هەیە کە خۆی لە تاوانێکی نادیار پاک بکاتەوە، ئەو ڕێگا نادیارە دەگرێتە بەر کە هەستە ناوەکییەکەی دەیگرێتەوە بەر، ئەویش لە پێناوی شەهید بوون بەشێوەی لە خاچدان. بەڵام پیتەری هونەرمەند کە کارەکتەرێکی ترە تەنها لە کۆتاییدا کە بۆ شوێنێکی زۆر دوور دەیگوێزنەوە شتێک لە بارەی ئەو کۆچە ڕۆحییە تێ دەگات.

بەڵام وردبوونەوەی لە پەیوەندی ئەم کارە و کارە سەرەتاییەکانی ئیلیۆت پەی بەوە دەبەین کە لێرەدا ئیلیۆت هەستی بەوە کرد کە شیعر پێداویستی بە سیستەمێکی وردی تەقەشوفکەر و دەستگیرۆییکەر هەیە. ئایا ئەمە ئیلیۆت لە ناوەڕۆکی قووڵ و ئاسۆداری ڕەمزییەتبوون ڕزگاری نەبووە و هەرجارەی شێوەیەک لە شێوەکانی ڕەواجداریی کۆمەڵایەتی تیادا دەردەخات و بەسەر نواندنێکی تەمومژاوی ویستراودا زاڵی دەکات. ئیلیۆت لەناو دەقەکەدا ناگەهان گۆرانییەک بەرجەستە دەکات و دەیەوێت خووڕەوشتەکانی خۆیمان پێ نیشان بدات، کە ئەمەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئیلیۆت بە سییانەکەی یۆریپیدیس کارتێکراو بوو کە نموونەیەکی بڵند و بێ وێنە بووە بەرامبەر بەم شانۆگەرییەی. ئیلیۆت خۆشی لە «شیعر و دراما»دا باسی ئەوەی کردووە کە لەم کارەیدا

لە بەکارهێنانی کۆرس و تارمایی دەستی هەڵگرتووە و پەنای بۆ داستانی کۆنی ئیگریکی بردووە تاکو بیرۆکەکەی بەرجەستە بکات، بەڵام وای داناوە کە ئەم بیرۆکەیە خاڵی تێتەقاندن و دەستپێکردن بێت. کاتێ کە لەم شانۆگەرییەشدا سەرکەوت هیچ یەکێک لە برادەر و ناسیار و ڕەخنەگرانی درامای ئەو سەردەمە پەییان بەوە نەبرد کە «ئەلسێستیس»ی یۆریپیدیس چاوگەی سەرەکی شانۆنامەکە بوو. ئەوەی کە دەبێ لێرەشدا ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە کە شانۆگەرییەکە سەرکەوتنێکی جەماوەریی بێ پایانی بەدەست هێناو وای لە نووسەرە لاوەکان کرد پشت بەو پیاهەڵدانە ببەستن و لە شێوازی نووسینە تازەکانیاندا بەکاری بهێنێن و گەشەی پێ بدەن، یەکێکیش لەو لاوانەی کە گەلێک کەڵکیان لێ وەرگرت «هاوڕۆڵد پینتەر» بوو، کە بە تایبەتیش لە «ئاهەنگی سەری ساڵ»ەکەیدا بە ئاشکرایی ڕەنگدانەوەی دەرکەوت.

لە شانۆنامەی «ئاهەنگی کۆکتێل»دا خۆدانە دەست یاخود قبووڵ کردنی ژیانی ڕۆژانە باڵادەستە کە ئەمەیش لەو شتانە بوو کە ئیلیۆت بەرلەوەی ڕێگای بەخۆی نەدەدا مامەڵەی پێ بکات. چونکە ئێدوارد و لاڤینیا ژیانێکی فرە سادە و ئاسایی دەژین و سیلیایش ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە بەو شێوەیە بژێت و بەشێکی زۆریش لە چیرۆکەکەی سیلیا بەشێوەیەکی دەستئەنقەست نارۆشنە و تەوەری قسە و گفتوگۆی لەگەڵ دەروون شیکارەکەدا گەوهەر و ناوەڕۆکی کارەساتاوی ئەم کۆمیدیایە پێک دەهێنێت، کە ئەویش حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی گۆشەپەرێزییەکی ڕۆحی یاخود ئەوەی کە هێزی بە گۆشەگیرییەکی بۆش و بەتاڵی نێو سارایەکی قەرەباڵغ ناوی دەبات. بێگومان نهێنییە شاراوەکان سەرجەمی شانۆنامەکانی ئیلیۆت ڕێک دەخەن و هەریەکەیان دەبنە هەڵگری ئاڵای پرسیارێکی شەکاوە، کە لە دواییدا بە دیار دەکەوێت و ڕووبەڕووی مەردوومەکە دەبێتەوە بەبێ ئەوەی بەرسیڤێکی ماقووڵ و بەڕێوجێ بەدووی خۆیدا بە کێش بکات.

ئەم شانۆنامەیە کە کەوتە بەردەست خوێنەرانەوە بە گەرمی و جۆش و خرۆشێکی لە ڕادەبەدەرەوە باوەشیان بۆ کردەوە چونکە تامەزرۆی ئەمجۆرە دەقانە بوون، تاکو بیخوێننەوە و لەسەر شانۆیشدا چێژ لە نواندنی ببینن، لەبەرئەوەیش کە ئیلیۆت لەو ماوەیەدا ئیدی ببوو بە گەورەترین کەسێتی و ڕووبەرێکی مەزنی لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا بۆ خۆی بەرزەفت کردبوو ببوو بە خاوەنی خوێنەرانێکی بێشووماریش. بێگومان شیعر لەم دەقەدا جیایە ئەگەر بێت و لەگەڵ کارەکانی دیکەیدا بەراورد بکرێت، چونکە لێرەدا بەشێوەیەکی دیار مەبەستەکان بەدەستەوە دەدات. بێجگە لەمەش گەورەترین

خۆبەختکردنی ئیلیۆت ئەوەبوو کە دەستی لەو وێنە چڕ و پڕانەی خۆی هەڵگرت کە تژی بوون لە تەمومژ و هێما، ئەم ڕەوشت و ڕەفتارەیش بەتایبەتی لە بەرهەمە دواییینییەکانیدا زیاتر دەردەکەوێت و سەدا دەداتەوە. بەهەوانتە نییە کە نووسەر و لێکۆڵەرێکی ناوداری وەکو «ئەی، ئێڵ، مۆرتن» دەڵێت: «خۆم بەناچار دەزانم کە بڵێم ئیلیۆت لە میانی ئەو پیاوانەی سەردەمەکەماندا پایەیەکی باڵای بەرزەفت کردووە کە کۆمەکیان کردووم بەشێوەیەکی باشتر بگەمە تێگەیشتنی جیهانی هاوچەرخ.» ئێمەش دواجار لەگەڵ «ئیزرا پاوەند»ی کارامەترین هونەرمەندا دەڵێین «هەرچەندە زانیاریمان لە بارەی ئیلیۆتەوە پتر بێ، هێندە چاکترە» و ئومێدی ئەوەش دەکەین کە زانیارییەکی ورد و بەنرخمان لەسەر ڕەهەندەکانی تری بەهرە ئەدەبییە گەورەکانی ئەم شاعیرە بەرچاوخستبێ کە دەکرێ بوترێ بەشێکی گەورەی جوگرافیای ڕۆشنبیری سەدەی بیستەمی سەرقاڵی خۆی کرد و لەوانەشە هەتا دنیا دنیایە کاریگەری کارە ئیبداعییە بێ وێنەکانی ئیبداعی ئایندەی دونیا بە ڕەسەنێتی و گەورەیی خۆیان بارگاوی بکەن و هەمیشەش لە دەقە پەیگیرەکانی داهاتوودا بە نەمری بژین.

* خوێنەری خۆشەویست ئەم بابەتە لە ساڵی ١٩٨١دا نووسراوە و لەبەر پێداگری و هەمیشە نوێیی ئەم بابەتە کۆنە بە پێویستم زانی دەستکارییەکی بەجێی بکەم و بیخەمە بەردەستی ئێوە.

* ئەو سەرچاوانەش کە لەبەر ڕۆشناییاندا ئەم بابەتە هاتووەتە بەرهەم ئەمانەن:


١- الأرض اليباب - ت- س - اليوت - الشاعر والقصيدة - الدكتور عبدالواحد لؤلؤة- المؤسسة العربية للدراسات والنشر- الطبعة الأولى- بيروت ١٩٨٠.

٢- في المسرح الشعري- عبدالستار جواد- سلسلة الموسوعة الصغيرة- العدد ٤٩- منشورات وزارة الثقافة والأعلام- بغداد ١٩٧٩.

٣- قلعة أكسل- إدموند ولسون- ترجمة جبرا إبراهيم جبرا - المؤسسة العربية للدراسات والنشر- الطبعة الثانية- بيروت ١٩٧٩.

٤- أشكل الرواية الحديثة - مجموعة مقالات نقدية - تحرير واختيار وليام ڤان أوكونور - ترجمة- نجيب المانع- الطبعة الأولى- بغداد ١٩٨٠.

٥- نقاد الأدب - دراسة في النقد الإنجليزي الوصفي - تأليف جورج واتسون - ترجمة وتعليق وتقديم: د. عناد غزوان إسماعيل و جعفر صادق الخليلي- الطبعة الأولى- بغداد ١٩٧٩.




هەواڵنامەی کتێب



ئەحمەد تاقانە

# میر..
# لە سێبەری -مەم وزین-دا

رۆچوونێکە بە ناوەرۆکی دەقی – مەم و زین – ی ئەحمەدی خانیدا(*)



میری مەجلیس نەکەنت ، موتریبی گۆیا چ بکەت؟
خونچە خەندان نەبتن ، بولبولی شەیدا چ بکەت؟!

– ئەحمەدی خانی –

میری من شاهێکە دەست و پێوەنی دڵسۆزی نین
چاو بە سووراون هەموویان ، هەڵکەری نەورۆزی نین

– تاقانە –

## پێشەکی

سوكرات (٤٦٩ – ٣٩٩ . پ . ز) ی فەیلەسووفی بەناوبانگی یۆنان، لەو بڕوایەدا بووە كە هەوڵی وەدەستهێنانی ڕاستی، لە ئەنجامی گفتوگۆیەكی ئازادانەی ڕاستەوخۆی بەرامبەر یەكدی دێتە كایەوە و دەردەكەوێ، ئەو گفتوگۆیەی هەر هەموو لایەنەكانی بەو پەڕی سەربەستییەوە بەرامبەر یەكدی گفتوگۆ بكەن ، بێ ئەوەی ڕێی ڕادەربڕین لە هیچ كەسێكیان بگیرێ، هەروەها لەو بڕوایەدا بووە كە ئەم كارە بە ڕێگایەكی دیكەی وەك نووسین و بەنووسین ڕەخنە لە یەكدی گرتن نایێتە دی .. لەو بڕوایەدا بووە كە نووسین بە هەر شێوە و شێوازێك بێ، ڕاو دید و بۆچوونی نووسەرەكەی دەردەبڕێ، هەوڵی بەسەر خوێنەردا سەپاندنیشی هەر دەدا، هەر لەبەر ئەوەبووە ئەم بیرمەندە گەورەیە دوای خۆی نووسینی بەجێ نەهێشتووە.

ئەفلاتوون (٤٢٧ – ٣٤٧ . پ . ز) یش بڕوای بەو ڕێبازی گفتوگۆیەی سوكراتی مامۆستای هەبووە، كەچی ئەمیان بەنووسین ویستوویەتی ئەو ڕێبازە بنوێنێ بۆیە وەك بیرمەندێكی داهێنەر لە نووسیندا شێوەی گفتوگۆی نێوانی چەند، یان چەندین كەسایەتیی هێناوەتە گۆڕێ و لە كۆتاییی ئەو گفتوگۆ بە ڕواڵەت ئازادانەدا كەسایەتییەكان هەر یەكەیان سەربەستانە ڕای خۆیان دەردەبڕن ... تا دەگاتە ئەنجام ... بەلام هەمیشە و لە هەموو گفتوگۆكانیدا هەر كەسایەتیی سوكرات سەردەكەوێ، كە زۆربەی لێكۆڵەروان وای بۆ دەچن ئەمیان ڕای تایبەتیی ئەفلاتوونی نووسەری گفتوگۆكان خۆیەتی ... هەندێكیش بەهی سوكراتیان دادەنێن.

لە نێوانی ڕێبازی سوكرات و ئەفلاتوونی شاگردیدا، ڕەخنەی ئەوە لە ئەفلاتوون گیراوە كە نووسەر هەركێ بێ و نووسینی خۆی بە هەر شێوەیەك بگۆڕێ و داپۆشێ و برازێنێتەوە. (وەكو پێشتریش گوتمان) مەبەستی خۆی هەر بەسەر مەبەستەكانی دیكەدا زاڵ دەكات و سەردەخات و هەوڵی ئەوە دەدا، ئەگەر بە ئاشكراش نەبێ، بە شێوەیەك لە شێوەكان، بۆ چوونەكانی خۆی بەسەر خوێنەردا هەر بسەپێنێ .

ئەحمەدی خانی (١٠٦١ ی. هـ / ١٦٥٠ ی. ز – ١١١٨ ی. هـ / ١٧٠٧ ی. ز) ی شاعیری مەزنی كورد، هەر لەپێشەكییەكانی داستانی (مەم و زین) ەكەی خۆیدا ئەم مەبەست ویستییە دەردەبڕێ و دان بەوەدا دەنێ كە ئەم باسی دڵدارییەی بۆ دەربڕینی مەبەستی خۆی كردووەتە بیانوو:

**شەرحا غەمێ دل بكەم فەسانە**

**زینێ و مەمێ بكەم بەهانە ...** (١)

جگە لەوەی دەبێ ئەمە بە بەرچاوەوە بگرین، لەلایەكی دیكەوە دەبینین، وەكو مامۆستا

سەججادی پشتی بە دێڕە شیعرەکانی خودی خانی بەستووە، دەڵێ: خانی بۆیە ئەم داستانەی وا هۆنییەوەو خستییە سەر دورو گەوهەری زمانی کوردی تا وەکو:

مەردوم نەڵێن کە کورد، هیچ نازانن و بنچینە و بناغەیان نییە، دیسان تا وەکو نەڵێن: هەموو قەومێ خاوەن کتێبن، کرمانجی تەنیا نەبێ هیچ حسابێکیان نییە!. ئینجا ئەڵێ: مەردم نەڵێن کورد – کرمانج عشقێکیان بۆ خۆیان نەبووە و هیچ شتێکیان نەکردووە بە ئامانج و هەروا بە خۆڕایی سووڕاونەتەوە. بەڵێ ئەمە ئەڵێن بەلام وە نەبێ وابن، وە نەبێ بێ عیلم و عیشق و بێ کەماڵ بن، ئەوەندە هەیە بێ خاوەنن بۆیە وا بەم جۆرە بەرچاو ئەکەون. ئەگەر ببوایە بۆ ئێمە خاوەنێک، پایە بەرزێک، قەدرشناسێک، عیلم و هونەرو کەمال و بڕوا، شیعرو غەزەل و کتێب و دیوانی شیعر، ئەمانە هەموو لەلای ئەو باو بوایە، ئەم نەقدینانە لەلای ئەو ڕەواجی ببوایە، چاوێری عالە قسەزانەکانی بکردایە، پایەیانی بەرز بکردایەتەوە بۆ سەر گەردوون، سۆزێکی بدایە بە فەقێ تەیران، سۆزێکی وا هەتا دنیا دنیا بوایە سەرسام بوایە... بڵێم چی خۆ کەسێکی وا نەبوو تا وا بکا؟؟..[٢]

د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ – یش کە باسی مەبەست لە نووسینی داستانی (مەم و زین) دەکا، کە هەر پشت بە دێڕە شیعرەکانی خودی خانی بەستووە، دەڵێ:

خانی لە بەشەکانی یەکەمی کتێبەکەیدا، ئەوەی کە وا ڕاهاتووین بە دیباجەی ناو ببەین، مەبەست لە دانانی کتێبەکەی (مەم و زین) ی دیاری دەکاو لە دوو خاڵدا کورتیان دەکاتەوە:

یەکەم: بۆ ئەوەی بە زمانی نەتەوەیی خۆی شتێک بنووسێ، بۆ دەرخستنی گەلەکەی و وزە بیرمەندییەکانی کە وەکو خۆی دەڵێ بووەتە کەلوویەکی دیاری نێوانی.. لە (عەرەب – ەوە تا گورج). هەروەها بۆ ئەوەی کەس نەڵێ میللەتە جۆراوجۆرەکان کتێبیان هەیە و تەنیا کوردە کە لەم بوارەدا هیچ حسێبێکیان بۆ ناکرێ.

دووەمیان: ئەوەیە، بۆ ئەوەی چاودێران نەڵێن کوردەکان عیشقیان پێ نە بڕاوە و لە عیشقی حەقیقی و مەجازی بەتاڵن.[٣]

دیارە ئەو دێڕە شیعرانەی پشتیان پێ بەستراوە ئەمانەن کە دەڵێن:

**دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد**

**بێ مەعریفەتن بێ ئەسڵ و بونیاد**

**ئەنواعێ میلەل خودان کتێبن**

**کورمانج تەنێ دبێ حسێبن**

هەم ئەهلێ نەزمێ نەبێن کو کرمانج
عیشقەک نەکرن ژ بۆ خوە ئامانج...[٤]
کورمانج نە پڕ دبێ کەمالن
ئەمما د یەتیم و بێ مەجالن
فیلجوملە نە جاهل و نەزانن
بەلکی د سێفیل و بێ خودانن
گەردی هەبوویا مەژی خودانەک
عالی کەرەمەک لەتیفەدانەک
علم و هونەرو کەمال و ئێزعان
شیعرو غەزەل و کیتاب و دیوان
ئەڤ جنسی ببا ل با ل وی مەعموول
ئەڤ نەقد ببا لنک وی مەقبوول
من دێ عەلەما کەلامێ مەوزوون
عالی بکرا ل بانێ گەردوون
بینا ما ڤە روح مەلایێ جزیری
پێ حەی بکرا عەلی حەریری
کەیفەک وە بدا فەقیهی تەیران
حەتتا ب ئەبەد بمایی حەیران
چ بکەم کو قەوی کەسادە بازاڕ
نینن ژ قوماش ڕا خەریدار..[٥]

هەموو ئەمانە بەبەرچاوەوە دەگرین، بەڵام من مەبەستی سەرەکیی ئێرەم ئەو دێڕانەیەتی کە باسی داواکاریی پاشاو میر و دەسەڵاتیان تێدا دەکا و ئاواتیان بۆ دەخوازێ، بەڵام پێش ئەوەی بچمە ناو باسەکەوە، دەبێ ئەوە بوترێ کە:

سەرنجێکی وردی سەرتاسەریی دەقەکە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە دەقەکە لەدوو ئاستدا نووسراوەتەوە تەنانەت (میر)ی ناو دوو ئاستەکە لێک جودان، کەمن لەگەڵ ئەم بۆچوونەدام، وەکو گەلێک نووسەرو لێکۆڵەرەوەی دیکەش باسی ئەوەیان کردووە[٦]، ئەگەرچی د. عیزەدین هەردوو

میری دەرەوەی داستان و ناوەوەی داستانی کردووەتە یەک،(٧) ئاستێکیان ئەو بیرو بۆچوونانەی خودی خانی خۆیەتی کە بە ئاشکرا ... دەکرێ، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە، لە کرۆکی داستانی – مەم و زین – ی جودا بکەینەوە و بە پێشەکی و دیباجەو پەراوێز و هی دیکە ناو براون .. لەمەیاندا خانی چیی لە دڵدا بووە و مەبەستی خۆی بە پێی بۆچوونی خۆی چی بووە ڕاستەوخۆ گوتوویەتی و درکاندوویەتی .. جا بەبۆچوونی خۆم – وەکو لەمەودوا باسی لێوە دەکەم – بیروڕای گشتیی بەهی بەرژەوەندیی تایبەت بەخۆی ئاوێتە کردووە .

ئاستی دووەمیان: ئەو ناوەرۆک و هەڵسوکەوت و بیر و بۆچوونانەیە کە ئاوێتەی کرۆکی چیرۆکەکەو کەسایەتی و ڕووداوەکانی کراون، یان دەبوو بکرانایە .. چیرۆکە فۆلکلۆرییەکە، کە سوودی لێ وەرگرتووە و بەپێی بۆچوونی خۆی و ویست و مەبەستی خۆی لە داڕشتنەوەی سەرلەنوێی داستانەکەدا دەبوو کاری بۆ بکردایە، هەر وەکو گەلێک لە کەڵە شاعیر و نووسەرە جیهانییەکانی دیکە کردوویانە و سوودیان لە ڕووداوی مێژوویی یان چیرۆکی فۆلکلۆری و .. تاد... وەرگرتووە، بۆ نموونە شەکسپیر لە (ڕۆمیۆ و جولێت)و (هاملت)و هی دیکەداو ئەلبێر کامۆ لە (کالیگۆلا) داو نازم حیکمەت لە (فەرهاد و شیرین)ەکەیداو زۆرانی دیکەش کردوویانە، تەنانەت بۆی هەبوو کەسەکانی، کەم یان زیاد و ڕووداوەکانیش تاڕادەیەک دەسکاری بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ بۆ چوونەکەی خۆی و مەبەستیدا ڕێک بێ.. کە بە بڕوای من – وەکو دواتر باسی لێوە دەکەم – یان نەیتوانیوە بەوردی مەبەست بپێکێ ، بە تایبەتی لە بیر و ویستە سەرەکییەکەدا ، کە وەکو خۆی ئاواتی بۆ دەخوازێ.. دامەزراندنی دەوڵەت ترۆپکی ئاواتەخوازییە دەربڕاوە بێ ئەنجامەکەی بووە، یانیش هەر ئەو ناوەرۆکەی مەبەست بووە کە وەکو لێی تێدەگەین و لەدەقەکەی و!! باسی لێوە دەکەین..!! یانیش هەر داستانەکەی بە هەڕەمەکی و بێ گوێدانە تەبایی و ڕەوانیی مەبەستی ناو داستانەکەو مەبەستەکانی ناو دیباجەکانی نووسیوە و ئاڵۆزی و ناپەسندیی تێ کەوتووە!. من ئەگەرچی تا ڕادەیەک باسی هەندێک لایەنی ئاستی یەکەمیان دەکەم و لێی دەکوڵمەوە ، کە ئەمە بۆ .. چوونە ناو کرۆکی باس و مەبەست بە پێویست دەزانم . بە شێوەیەکی سەرەکی حەز دەکەم پتر کار لەسەر ئاستی دووەمی داستانەکەی – دەقی مەم و زین – ی ئەحمەدی خانی – بکەم و پتر شیی بکەمەوە کە بزانین وەکو دەق چیی لێ تێدەگەین و خانی ویستوویەتی چی بڵێ؟؟... ئایا ئامانجی دروشمە سەرەکییەکەی پێکاوە؟!.. یان خوێنەری (لە خوێندنەوەی کرۆکی داستانەکەدا) وا لێ کردووە کە بڕوا بەدروشمەکە بهێنێ؟!.. و گەلێک پرسیاری دیکەش .

***

ئەحمەدی خانی بە هێنانە بەرەوەی ئەو هەستە نەتەوەییانە تا ئێستا گۆی هونەری بردووەتەوە و دوای ئەوەی ئەو هەموو ئاواتانە دەخوازێت ، لە کاتێکدا وەکو شاعیرێکی مەزنی داستاننووس و بیرمەندێکی گەورە کە داوای شتی زۆر گەورە دەکا ، کە پاشایەتییەکی کوردی دڵسۆزی بە توانایە ، کە – وەکو بە قسەی خۆی ، بە ڕادەربرین لەگەڵ میر و دەسەڵاتداراندا هیچی پێ نەکراوە – دەبوو وەکو ئەدیب و شاعیرێک لە کرۆک و بیری ناو داستانەکەدا کاری بۆئەم لایەنە بکردایە ، نەک بە ئاواتەخوازی دەریبڕێ ، با لە پێشەکی و پاشەکیی پەراوێزەکانی داستانەکەدا لە سەرچاوەیەکی هەست و بیرێکی پیرۆزیشەوە ئاوی خواردبێتەوە .

بەڵێ خانی هەستێکی نەتەوەیی گەورەی وروژاندووە و سەرنجی نیشتیمانپەروەرانی ڕاکێشاوەو ئاگرێکی پیرۆزی هەڵکردووە.. بەڵام لە ڕاستیشدا ئەمەی وەکو تەلیسمێک، مەبەستێکی دیکەی سەرەکیی خۆی پێ پاراستووە و بەو پەساپۆرتە دەربازی کردووە ، ئەویش دژایەتی کردنی میر و دەست و پێوەندەکانیانە کە من بە ناڕەوای دەبینم ، خۆ ئەگەر ڕەخنە گرتن بوایە لە میری سەردەمی خۆی (میری زەمانە)، پاساوێکی دەبوو، کەچی خانی هیچی تێدا نەهێشتووەتەوە و وەکو دەبینین هەموو میر و حاکم و گەورەکانی دیکەی داپڵۆسیوەو لە پێش چاوی خستوون.

خانی بە چەندین جۆری دژبەیەک لە کرۆکدا ، ئەهاتنەدیی ئەو ئاواتانەی (هاتنە دیی دەوڵەتێکی کوردو هەڵکەوتنی پاشایەک و ... تاد!)ی لێکداوەتەوە. لەلایەکەوە بە کاری خودای دادەنێ کە هیچ توانا و دەسەڵاتێکی لە بەرامبەردا ناوەستێ و هیچی لە گەڵدا ناکری.

**ئەمما ژ ئەزەل خـودێ وەسـاکـر**

**ئەڤ ڕۆم و عەجەم ل سەر مە ڕاکر...**(٨)

لەلایەکی دیکەشەوە هۆیەکە دەباتەوە سەر یەکنەگرتن و فرەبەرەکی و ڕێکنەکەوتنی میللەتەکە و وای لە قەڵەم دەدا کە:

**گەر دی هەبوویا مە ئیتتیفاقەک**

**ڤـێکرا بکرا مـە ئینقـیـادەک**

**ڕۆم و عـەرەب و عـەجـەم تەمـامی**

**هەمـیـان ژ مـەڕا دکـر غـولامی**

**تەکـمـیل دکـر مـە دین و دەوڵەت**

**تەحسیل دکر مە علم و** حیکمەت..(٩)

کەچی لە جێیەکی دیکەدا تاوانەکە دەخاتە سەر میر و حاکم و گەورەکان و .. شاعیرانی لێ دەردەکا و بەبەستەزمان و لە ڕیزی فەقیر و هەژار و بێ دەسەڵاتانیان دادەنێ:

**ناموسە لە حاکم و ئەمیران**

**تاوان چییە شاعیر و فەقیران.**.(١٠)

دیارە ئەحمەدی خانی بە بیر و بۆچوونی خۆی لەو ڕوانگەیەوە شاعیران بە بێتاوان دادەنێ – کە بەر لە هەموو شاعیران مەبەستی خۆیەتی – کە کار و ئەرکی سەرشانی شاعیران جودایە و لەو بڕوایەدایە بەپێی ڕێ و شوێن و ئەرکی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی و نەتەوایەتیی خۆیان، پەیامی خۆیان ڕاگەیاندووە، پێویستە حاکم و ئەمیران گوێیان لێ بگرن و پشتگوێیان نەخەن .. ئەوی دیکە دەبێ میر و حاکمان کاری بۆ بکەن و بەدیی بهێنن، شاعیران کاریان ئەوەیە حاکم و ئەمیران ئاگادار بکەنەوە و بە ئەدەبەکەیان هۆشیاری بڵاوبکەنەوە و.. شاعیران بەلای خانی – یەوە – بەتایبەتی خۆی – کە باسی کردووە – ئەمەیان کردووە، کەچی میری سەردەمی خۆی – کە بەلای ئێمەوە ڕوون نییە ئەو میرە کێیە – گوێی لێ نەگرتووە و بە قسەی نەکردووە. بڕوانە چ ڕەخنەیەکی توندوتیژ لەو (میری ئەو سەردەمەی) خۆی دەگرێ و دواتر لە پاڵ پێدا هەڵدانێکی پەردەپۆشانەی چەند دێڕیدا دەڵێ:

**لێ حاکمێ وەقتێ مەعریفەتناک**

**مەسمووع نەکر ب سەمعێ ئیدراک..**(١١)

**لەورا کو ئەوی نەکر پەسەندە**

**ب ئەصڵ و نەسەبا خوە لەو ڕەوەندە..**(١٢)

ئینجا بۆی دەهێنێتەوە و پێداهەڵدانێکی چاوشارکێئامێزی چەند دێڕی بۆ میر دەنووسێ و دەڵێ :

**میرێ کو بناڤێ میرزایە**

**مەحزا نەزەرا وی کیمیایە**

**قەلبێ د زەغەل دکەت بلووری**

**پوولێ د دەغەل دکەت فلووری**

**سەبار هەبن فلووسێ ئەحمەر**

**دەرحال دکەت ب یەک نەزەر، زەر**

**ئەعـــلایی دکـــەت ب قـــەهرێ ئەدنا**

**ئەدنـایی دکـــەت ب لـوطفێ ئـەعـــلا**

**پاشـــان دگـــرت وەکی ئەســـیـران**

**ئازاد دکـــەتن وەکی فـــەقـــیـران**

**هـــەر ڕوژ هـــەزار بـــێ نـــەوایـــان**

**هەر لـەحـزە ب لـوطفێ ســەد گـەدایان**

**زەنگین دکـەتن بدەســتێ هێـمـەت**

**حـیکمـەت ئـەڤـە ناکـەتن چو مـیننەت..(١٣)**

دە بڕوانە چۆنی لێکدەداتەوە و هۆی گوێ لێ نەگرتنی میری سەردەمی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ، چونکە مـیر بە ڕەگـەز (ڕەوەند) و کۆچەر و ناشـارسـتانی و دوور لـە ژیاری بووە، نەیتوانیوە لە قسـەکانی بگات و شتێک بە شتێک بکاو ئەو بڕە شیعرە بەو دێڕە تەواو دەکا کە دەڵێ: بەرامبەر چاکە هیچ مننەتێک ناکا، کە لە ڕاستیدا ئـەمەیان ڕەخنەیەکی ناڕاسـتەوخۆی توندە لە هەموو ئەوانەی دەگرێ کە بەرامبەر هەرچاکەیەکیان مننەت بەسەر خەڵکیدا دەکەن... دواتر لەباسی پەسنی شیعر و قسەکانی خۆی و باسی هەر ئەو میرەی سەردەمی خۆیدا - کە لە دەرەوەی داستانەکەدایە - دەڵێ:

**گـەردێ وی نەزمر بدامـە جارەک**

**ئیکسیرێ تەوەجـجوها مویارەک**

**ئەڤ قەول هـەمی دکرنە ئەشعار**

**ئـەڤ پوول هـەمـی دبوونە دینـار**

**ئـەمما نـەزمرا وی زێدە عـــامـــە**

**لەو خـاس نەزمر ژ دل نـەدا مـە**

**ئەو رەحمەتێ خـاسە بۆ عەوامی**

**یارەب تو بدەی وی هـەر دەوامی..(١٤)**

تەنانەت .. وا دیارە ... ئەم گوێ لێ نەگرتنە بووەتە گرێی دەروونیی خانی و لە دێڕە شیعرێکی دیکەی دەرەوەی داسـتـان و دیبـاجـەی (مـەم و زین) یشـدا کـە واتاکـەی لە (مـەلای جـزیری)(١٥) وەرگرتووە دەڵێ:

**میری مەجلیس نەکەنت موتریبی گۆیا چ بکەت؟!**

**خونچە خەندان نەبتن ، بولبولی شەیدا چ بکەت؟!..**(١٦)

نەک هەر بەرامبەر بەو میرەی سەردەمی خۆی ڕای بەمجۆرەی دەربڕیوە ، بەڵکو خانی بەگشتی ڕای بەرامبەر حاکم و میر و شایەکان زۆر خراپە و دەڵێ :

**حـــوککام ببـــاطن و بەزاهـر**

**بێ شـوبهە مـوشـابهن ب ئاگر**

**زاهـر د ســــەباحی و بنوورن**

**بـاطـن ژ مـــــەدارهیێ ددوورن**

**ڕەحمێ کو دکن ژ ڕەنگێ ڕۆژن**

**قـەهرێ کو دکن جـهان دسـۆژن**

**زینـهـــار بوان نـەکی تـو بـاوەر**

**گەر باب و پەسـی وەگەر بەرادەر**

**خاسـما کو موقـەرەبێ دبەدخاه**

**نیـزیک بېن نـەعووزوبیللاه...**(١٧)

بەرامبەر حاکمان لەوە پتریش پێ دادەگرێ و دەڵێ:

**حـــوککام ژ جنسی شـــاهـــمـــارن**

**ئەسحـابێ سـەمـووم و مۆهرەدارن**

**مـۆهـران کـو ددین بزان کـو زەهرە**

**مێـهـرێ کـو دکن بزان کـو قـەهرە**

**عـــاقل حــــەزەرێ دکن ژ مــــاران**

**غـــافل دبنـە مـــوحـــێب و یاران**

**هـەرچەند لنک ب عـــــزز و نـازی**

**هـەرچەند دگـــەل ب لـەعب و بـازی**

**جــوزئی ببتن ژ تـە تـەغــەییـــور**

**کـوللی دکــەتن لتــە تەدەبــور...**(١٨)

ئەگەر خۆ لەو لایەنەشەوە تەماشا بکەین، داخۆ کە میر بە قسەی خانی – ی شاعیر و زانای ئاینیی نەکردبێ تاوانە؟! ئایا میر بەرپرسە و هەر دەبێ هەرچییەکی پێ گوترا هەرچییەکی پێشنیارکرا جێبەجێی بکا؟؟! خانی وەکو لەپێش چاوماندایە داوای شتی زۆر گەورە دەکا (دامەزراندنی دەوڵەت و پەیدا کردنی شا!! با هەر بە قسەو بە ئاواتەخوازییش بێت و بە هەر مەبەستێک بووبێ!!) کە ئەمەش وا ئاسان نییە! نەک هەر ئەو میرەی خانی بەخۆی بە چەندین دێڕە شیعر پەسنی دەدات و پێیدا هەڵدەڵێ، کام میر حەز ناکا ببێتە شا؟؟ بەڵام! بۆ هەموو میرێک و لە گشت بار و دۆخێکدا ئەمە دەلوێ؟ ئەگەر شاعیر لایەکی مەسەلەکە شارەزا بێ و هەندێک لایەن لێکبداتەوە .. ئەوا میر دەبێ بەر لەوەی نیازی بێ دەست لە کارێکی وەها بدا، هەر هەموو لایەکان لێکبداتەوە تا خۆی و دەوروبەر و گەلەکەی و نەتەوەکەی بەگشتی تووشی شەڕێکی خۆشکێن و کارەساتهێن نەکا، ئەمە مێژووە و بەزەیی بەهیچ کەسێکدا نایێتەوە.. سەرەڕای لەناوچوون و وێرانی و کاول بوون، ناوێکی ڕەش و زڕاو لە لاپەڕە ڕەشەکاندا تۆمارکردنی بەدواوەیە.. لێرەدا ئەو تاکە دێڕە شیعرەی یوونس ڕەئووف "دڵدار" (١٩١٧ – ١٩٤٨)ی شاعیری (ئەی ڕەقیب) مان بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێ:

**بەڵێ خۆشە ئەمەل گەر بێ لەسەر ئەم ڕێگەیە ڕەنج دەی**

**بەڵام گەر هەر خەیاڵات بێ، ئەوی هەتبێ ئەویش ئەڕوا** (١٩)

ئەمە کارێکیشە پەیوەندیی بە گەلێک لایەنی دیکەوە هەیە، تەنیا بە میرێک – چەندێکیش توانا و بلیمەتیش بێ – لایەنی پاڵپشتی دیکەی پێویستە.. هەر لە پتەویی هێز و توانی خودی خۆی و ناوەوەی کۆمەڵەکەی خۆیەوە بگرە .. تا دەگاتە ناسینی دوژمن و تەگەرەکانی سەر ڕێی لێکدانەوەی توانا و هەموو لایەنەکانی بەرامبەر. کە میرەکانی ئەو ڕۆژگارانە ئەمانەیان بۆ نەلواوە.

ئەمە هەڵوێستی خانی بووە بەرامبەر میری سەردەمی خۆی و بەرامبەر حاکمان بەگشتی .. وەکو دواتریش باسی لێوە دەکەین، بەرامبەر میری ناو داستانەکەش هەڵوێستێکی باشی نەبووە، ئەگەرچی لە گەلێک شوێنی داستانەکەدا پێیدا هەڵدەدات و کارپەسندیی باس دەکا، بەڵام وەکو ئەنجامی گشتیی داستانەکە کارێکی وای نەکردووە، وەکو شاکارێکی ئەدەبی کاریگەریی ئەوەی ببێ و هەر هیچ نەبێ خوێنەران هان بدا بۆ پشتگیری کردنی پرۆسەی پەیدا بوونی شایەکی کورد ...کە نزیکترین ڕێگا ئەوە بووە پشتگیریی میرێکی چاک و دڵسۆزی بکردایە، کە نەیکردووە!! ئەمە ئەگەر پشتگیریی ئەو میرە نەکا کە پێیدا هەڵدەڵێ، ئەی کەواتە کێ چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێ ببێتە ئەو شایە (پادشاە)ی خانی هەر خۆی بەقسەی سەر پەراوێزو

پێشـەكییـەكانی ئاواتی بۆ دەخوازێ و چاوەڕوانی دەكا، بـەتایبـەتی لەو سـەردەمـانەدا كـە باری كۆمەڵایەتی و هـەست و ئاستی جەماوەر ، تەنانەت ئێستاش ، هی ئەوە نەبووە كەسانی دیكە ببنە شا و (پادشاه).

پەندی كوردەواریی خـۆمـان دەڵێ: "هـەر دەوەنە و دەبێ بـە دار" .. خـۆ ئەگـەر ئەو پەندە كـەمێك دەستكاری بكەین، دەبێ بڵێین: هـەر میرەو دەبێتە شا!! . ئەمە یاسایەكی گشـتیی بەڵگە نەویستە .. بەدەس من و تۆ نییـە!! ئەی خۆ گـڵـمتك و تـاشـەبەرد نابن بەدار! هـەر دەوەن دەبێتـە دار و هـەر میر و نەوەی شا – ئەگەر ببن – دەبنە شا!

كەواتە خانی دەبوو پشتگیرییەكی تەواوی لە میرەكەی سـەردەمی خـۆی ... یانیش بەلای كەمەوە پشـتگیریی مـیرەكەی ناو داسـتانەكەی بكردایە كە بە ڕواڵەت وەكو بینیـمان ئەو هـەمـوو پەسن و پێدا هەڵدانەی بۆ هۆنیوەتەوە... كەچی هیچ یەكێكیانی نەكردووە.

ئەم باسـە هـەر بەمـەندە كـۆتاییی نایەت، بـەڵكو هـەڵسـوكـەوتی هەمـوو كـەسـایەتییـەكـانی ناو داستانی (مـەم و زین)ی خانی ئەمەمان بۆ ڕوون دەكەنەوە كە دڵسـۆزو یاریدەدەری میر نین، وەك لە بەشـەكانی دواتری ئەم لێكۆڵینەوەیەدا هـەوڵی ڕوونكردنەوەی ئەوانەش دەدەین.

هەوراز نامەی کێتێر

**(*) تێبینی:**

ئەم نووسـینە بـەشێكـە لە پرۆژەی لێكۆڵینەوەیەكی فـراوانتـر، هـەر بەو ناوەوە، واتە: (مـیـر.. لە سێبەری مەم و زین – ی ئەحمەدی خانی – دا).

**سەرچاوەكان:**

١– ئەحمەدی خـانی – مەم و زین – ڤەژینەرو شرۆڤەكەر: پەرویزجهانی – انتشـارات صلاح الدین ایوبی – چاپا یەكێ: ١٣٤٧.

٢ – عەلائەددین سەججادی– مێژووی ئەدەبی كوردی –چاپی دووەم– چاپخانەی مەعارف –بەغدا– ١٩٧١

٣ – د. عزالدین مصطفی رسول – احمدی خانی – شـاعرا و مفكرا – فیلسـوفا ومتصـوفا – مطبعە الحوادث – بغداد – ١٩٧٩

٤ – دیوانی مـەلایێ جـزیری – بەرهەڤكرن و ڤـەوژارتنا – تەحـسـین ابراهیـم دۆسـكی – پێـداچوون و لێ زڤرینا – اسماعیل طە شاهید –چاپخانەیا هاوار – چاپا یەكێ – ٢٠٠٠ – دهۆك .

٥ – اسمـاعیل بادی – ژ هەڵبەستێن ئەحمـەدێ خانی – كـە لە د. شوكرییە ڕەسـووڵ – گۆڤـاری ئاسۆی زانكۆیی – ژمارە / ٨ ی حوزەیرانی ١٩٧٨ ی وەرگرتووە.

٦– عـەبـدولخـالق عـەلائـەددین – دڵدار شـاعـیری شـۆرشـگێری كـورد – چاپخـانـەی (دار آفاق عربیـە

للصحافه والنشر) – ١٩٨٥ – بەغدا.
٧– رشيد فندى – مناقشات حول خانى (دراسه نقديه) – معمل و مطبعه الجاحظ – بغداد.
ساڵی ١٩٨٦ ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتیمانیی بەغدا وەرگیراوە.

**پەراوێزەکان:**

١ – مەم و زین – پەرویز – د / ٣٢١ – ل / ٤٢
٢ – سەججادی – مێژووی ئەدەب .. – ل / ٢٣٣ – ٢٣٤
٣ – د. عزالدين – احمدی خانی – ص / ٤١
٤ – مەم و زین – پەرویز – د / ٢٤٠ – ٢٤٢ – ل / ٣٤ – ٣٥
٥ – س. پ – د / ٢٤٥ – ٢٥٣ – ل / ٣٥ – ٣٦
٦– رشيد فندى – مناقشات حول خانى – ص / ٢٢
٧ – د. عزالدين – احمدی خانی – ص / ١٤٧
٨ – مەم و زین – پەرویز – د / ٢٠٨ – ل / ٣٠
٩ – س. پ. د / ٢٣١ – ل / ٣٣
١٠ – س. پ. د / ٢١٥ – ل / ٣١
١١ – س. پ. د / ٢٧٤ – ل/ ٢٨٠
١٢ – س. پ. د / ٢٧٦ – ٢٧٥ – ل / ٥٩ – ل / ٣٨
١٣ – س. پ. د /٢٧٥ – ٢٨١ – ل / ٣٨
١٤ – س. پ. د / ٢٨٤ – ٢٨٥ – ل / ٢٨ – ٢٩
١٥ – مەلای جزیری دەڵێ:

دوڕی ناسوفتە دڕێژم ژ لەبێ لەعل (مەلێ)
گەر ڕەوان بەخش نەبت، نەظمێ کەڕو لاڵ چ حەظ؟
بەدەوی پاک چ کەت فوسحەتێ مەیدان کو نەبی
موستەمع گوە نەدرت موطرب و قەووال چ حەظ؟

بڕوانە: دیوانی جزیری – تەحسین دۆسکی – ل / ١٥٨
١٦ – اسماعیل بادی – ژ هەڵبەستێن ئەحمەدێ خانی – ل / ٣٤ کە لە ل / ٨٢ ی د. شوکرییە ڕسووڵ – گۆڤاری ئاسۆی زانکۆیی – ژمارە / ٨ ی حوزەیرانی ١٩٧٨ ی وەرگرتووە.
١٧ – مەم و زین – پەرویز – د / ١١٩٣ – ١١٩٧ – ل / ١٣٥
١٨ – س. پ. – د / ١٦٩٧ – ١٧٠١ – ل / ١٩٠
١٩ – عەبدولخالق عەلائەددین – دڵدار شاعیرێکی شۆڕشگێڕی کورد – ل / ١٩٣

هەواڵنامەی کتێب



د. شێرکۆ بابان

# ڕێزمانی کاری تێپەڕ لە شرۆڤەکاریدا

هەواڵنامەی کتێب

## ١- دەستپێک:

لە ئاستی ڕێژەی تێپەڕدا، هێشتا زۆر ماوە کە لێی بتۆژێتەوە و بکرێت بە ڕێزمانێکی پوختە. لە ڕاستیدا، ڕێزمانی کاری تێپەڕ و میکانیزمەکانی (تێپەڕاندن)، واتە میکانیزمەکانی بە تێ پەڕ کردن، هێشتا پێویستی بە ئەوەیە کە شرۆڤە بکرێت. لە ئەم ڕووەوە، ڕێزمانی کوردی مۆرکی خۆی هەیە و نابێت هەر بە ئەو ڕێزمانەوە بوەستین کە بە ڕێزمانی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی شرۆڤە پەسند دەکات. بە واتایەکی تر دەبێت ڕوو بکەین لە ڕێزمانی (بەرکار) و جۆرەکانی و دۆخەکانی بە وردی لێک بدەینەوە، چ لە ئاستی ڕستەسازییدا و چ لە ئاستی ئەو وشانەدا کە لەسەر بنجی کارێک ڕۆ دەنرێن. لە ئەم نووسینەدا، نەختێک هەنگاو دەکەینەوە، بەئەو هیوایەی بتوانین تۆزێک لە ئامانجی توێژینەوەکە نزیک ببینەوە.

## ٢- کاری تێپەڕی بنجی:

ئەم جۆرە تێپەڕە بەجوانی لێکدراوەتەوە و بەجوانی باسکراوە لە ڕێزمانی قوتابخانەکاندا، تەنانەت، هەندێک ئەندازەیش پێشنیار کراوە بۆ ناسینەوەی، وەک وەرگرتنی ڕیزە جێناوی لکاو (م، ت، ی، مان، تان، یان) لە دەمکاتی ڕابردوودا. نموونەی ئەم جۆرە تێپەڕە بریتییە لە کارە بنجییەکان، وەک:

(ناردن، نووسین، گرتن، بردن، ...هتد.)

لە ڕاستیدا، هێزی تێپەڕی ئەم کارانە هەر بە پتەوی دەمێنێتەوە، ئەگەر (واتا گۆڕ)ێک بەکار بهێنرێت و یان ڕوخساری کارەکە درێژ ببێتەوە. بۆ نموونە، وەک کاری (گرتن) تێپەڕە، کارەکانی (داگرتن، ڕاگرتن، هەڵ گرتن، دەست گرتن، ئێشک گرتن... هتد) هەر بەتێپەری دەمێننەوە. سەرەڕای ئەوەی گوترا، چەند سەرنجێکی تر هەیە بۆ تۆمارکردن، وەک:

**یەکەم:** ئەم جارە کارە ڕووداوێکی ڤیدیۆیی دەنوێن و دەشێت سروشتی ڕووداوەکە لەسەر یەکەی کات ڕابخرێت.

**دووەم:** ئەم جۆرە کارە بکەرێکی چالاک و وزە خەرجکەریان هەیە.

**سێیەم:** گشت کاتێک (بەرکار)ێک دابین دەکەن، کە ڕووداوی کارەکەی لەسەر بگەڕێت.

### ٣- کاری (توانین):

لە ئاستی کاری (توانین)دا، دوو بەکارهێنان هەیە، کە بریتین لە:

**یەکەم:** بەکارهێنانی ئاسایی وەک هەر کارێکی تێپەر لە زمانەکەدا وەک:

**شیلان ئەم بەردە ناتوانێت**

**دووەم:** بەکارهێنانی نائاسایی یان وەک کارێکی یاریدەدەر بەرانبەر بە کاری (can, could) لە زمانی ئینگلیزیدا، وەک:

**شیلان ناتوانێت ئەم بەردە لاببات**

لە نموونەی یەکەمدا، دەستەواژەی (ئەم بەردە) بریتییە لە کۆڵکەی (بەرکار) و بەڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ کاری تیپەڕی (توانین). لە بەرامبەردا، لە ڕستەی دووەمدا، دەستەواژەی (ئەم بەردە) هەر بریتییە لە کۆڵکەی (بەرکار)، بەڵام دەگەڕێتەوە بۆ کاری (لابردن)، نەک بۆ کاری (توانین). بە واتایەکی تر، کاری (توانین) لە ڕستەی دووەمدا (بەرکار) وەرناگرێت و بەشێوەیەکی واتایی دەچەسپێت و دەبێت بە کارێکی (یاریدەدەر) بۆ هەر کارێکی زمانەکە. بەتەریبی لەگەڵ ئەم کارەدا، نموونەی تریش هەیە، وەک کاری (ویستن):

- **وەک کاری تێپەڕی ئاسایی:**

**شیلان پارەی ویستبوو**

– **وەک کاری یاریدەدەر:**

**شیلان ویستبووی پارە ببات.**

لە ڕستەی یەکەمدا کۆلکەی بەرکار (پارە) دەگەڕێتەوە بۆ کاری تێپەڕی (ویستن)، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا، دەگەڕێتەوە بۆ کاری (بردن) و کاری (ویستن) داوای بەرکاری نەکردووە.

### ٤- کاری (ڕاکردن):

ئەم کارە هەرچەندە تێپەڕە بە ڕێزمان، بەڵام تێنەپەڕە بە واتا، وەک:

**من ڕام کرد.**

ئەوەی سەیرە لەم کارەدا ئەوەیە کە:

**یەکەم:** واتای (تێنەپەڕ)ی زاڵە بەسەر ڕستەکەدا.

**دووەم:** لە ئەم جۆرە ڕستەیەدا، ڕێژەی کاری (بکەر نادیار) چێ نابێت.

**سێیەم:** لە لایەکی ترەوە، وەک ڕستەکە تێپەڕە، ناتوانین (بەرکار) بخەینە سەر ڕستەکە، وەک:

من (دوو کیلۆمەتر) ڕام کرد.

**چوارەم:** بەرانبەر بە ئەو ڕستەیەی پێشەوە، ناتوانین بڵێین:

دوو کیلۆ مەتر ڕاکرا

کەواتە، دەستەواژەی (دوو کیلۆمەتر) بریتی نییە لە (بەرکار)، چونکە ڕێژەی بکەر نادیار پەسەند ناکات.

**پێنجەم:** پێ دەچێت کە پێشگری (ڕا)

جیاوازبێت لە هەمان پێشگر لە کارەکانی تردا، وەک:

[ڕاگرتن، ڕاگواستن، ڕاگەیاندن، ڕاهاتن، ڕاهێنان، ڕابواردن، ڕاچەنین، ڕاپسکان،...]

لە ئەم ڕووەوە، پێشگری (ڕا) لەوە دەچێت کە (بەرکار) بێت و واتای کاری (کردن)ی گۆڕیبێت بۆ (ڕاکردن)، وەک:

| بەرکار | کار |
|---|---|
| هەناسە | دان |

| | |
|---|---|
| ڕا | کردن |
| ئێشک | گرتن |
| سەر | دان |

**شەشەم:** بە بەراورد لەگەڵ کاری (توانین)ی یاریدەدەردا، هەرچەندە کاری (ڕاکردن) بەرکار وەرنەگرێت، بەڵام بریتی نییە لە کارێکی (یاریدەدەر) و ناچێتە سەر کارێکی تر.
کەچی، کاری (توانین) دەتوانێت ڕۆڵی یاریدەدەر ببینێت لەگەڵ کاری (ڕاکردن)دا:
شیلان ناتوانێت ڕا بکات

## ٥- تێپەڕ بە چاوگی (ئاندن):

لە زمانی کوردیدا، چاوگی (ئاندن) ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە ڕستەسازیدا و سەرپاکی ئەو ڕێژانەی کە دروستیان دەکات لە پەرێزی کاری (تێپەڕ) دان. لە ئەم ڕووەوە، چاوگی (ئاندن) بە چەند ڕێگایەک دەردەکەوێت، وەک:

**ڕێگای یەکەم:** چاوگی (ئاندن) دەچێتە سەر گشت کاری تێنەپەڕی (بکەر سست) و لە ئەم میکانیزمەدا بکەرێکی دەرەکی دەسەپێنێت بەسەر ڕستەکەدا و بکەرە سستەکە دەکات بە (بەرکار)، وەک:

- تێنەپەڕی بکەر سست:
  دارەکە دەسووتێت.
- تێپەڕی (ئاندن)، بکەر چالاک:
  شیلان دارەکە دەسووتـ(ێنـ)ێت.

لە ڕاستیدا، ئەم میکانیزمە زۆر بەربڵاوە گشت کاری تێنەپەڕی (بکەر سست) دەگرێتەوە، بێ جگە لە کارەکانی (بوون و هەبوون).

**ڕێگای دووەم:** دەرگای چاوگی (ئاندن) واڵایە بەڕووی هەو دەنگێکی سروشتیدا کە توخمی ئاوازەی دەنگێنەری تێدا هەبێت. بۆ نموونە، ئەگەر ئامێرێکی تازە دروست بکرێت دەنگێکی تێدا بێت وەک هۆنەی (ڤـژژژ...)، ئەوا دەتوانین چاوگی (ڤژاندن) چێ بکەین و بڵێین:

ئەو ئامێرە، بۆچی وا دەقیژێنێت.

لە ئەم جۆرە کارەدا، ڕێزمانێکی تێپەڕ هەیە بەڵام (بەرکار)ی دەرەکی وەرناگرێت،

هەواڵنامەی کتێب

چونکە دەنگە سروشتییەکە (ڤـژژژ...) بووە بە (بنج)ێک و واتای بەرکاری هەڵگرتووە. لە ڕووی بەراوردەوە، ئەم جـۆرە چاوگـەی (ڕێگای دووەم) بە ئەوە جـودا دەبێتـەوە لە چاوگی ئاندن (ڕێگای یەکـەم)، کـە (بەرکـار) وەرناگـرێت و لە ئەنجـامـدا نـاتوانێت ڕێژەی (بکەر نادیار) دروست بکات.

**ڕێگای سێیەم:** یەکێک لە سیما بنەڕەتییەکانی چاوگی (ئاندن) ئەوەیە کە بکەرێکی دەرەکی چالاک دەسەپێنێت بەسەر بکەرێکی سستـدا و دەیکات بە (بەرکار). ئەم میکانزمە ناتوانێت بچەسپێت، مەگەر بە (بزڕکاندن)، وەک:

دەرچوون ———— دەرچوواندن

وەک دەگوترێت:

مامۆستا ئازاد شیلانی دەرچوواندووە

یان،

ئایا ڕاستە، شیلان دەرچوێنراوە؟

لە شێوازای شاری سلێمانیدا، کاری (دەرچوواندن) سووک کراوە بۆ (دەرچاندن)، وەک:

مامۆستا ئازاد شیلانی دەرچاندووە.

یان،

ئایا ڕاستە، شیلان دەرچێنراوە؟

بێگومان، ئەم جۆرە بەکارهێنانە بە ڕاستەوخۆیی ئەتیکێتی شاری سلێمانی پێوە دیارە.

**ڕێگای چوارەم**: هەندێک جار چاوکی (ئاندن) دەخرێتە سەر هەندێک وشە، وەک:

(ڕاستاندن، گشتاندن، ... هتد).

ئەم جـۆرە بەکـارهێنانە زۆر بەشـەرمنییـەوە دەگـات بە زمـانـی نووسـین، چونکە پێویستییەکی زۆری لەسەرە، بەڵام ڕێزمانی نییە، لە ئەم ڕووەوە، خۆزگا دەزگا باڵاکانی زمـانی کـوردی ئەم (دەمـی دەرخـوارد)ەیان دەکـردەوە، بەڵام بە ڕێسـایەکی ڕژد و سـفت و کەلێنبڕ. بۆ نموونە، دەشێت ئەم دەمە بکرێتەوە بۆ دەرخـوارکردنی هەر ناوێکی سادە و بەجێ، وەک:

کەڵک: کەڵکاندن: کەڵکێنەر، کەڵکێنراو

تیشک: تیشکاندن: تیشکێنەر، تیشکێنراو

بەرد: بەرداندن: بەردێنەر، بەردێنراو

بەفر: بەفراندن: بەفرێنەر، بەفرێنراو

پیت: پیتاندن: پیتێنەر، پیتێنراو

پێز: پێزاندن: پێزێنەر، پێزێنراو

لیک: لیکاندن: لیکێنەر، لیکێنراو

توخم: توخمان: توخمێنەر، توخمێنراو

بێگومان، لە ئاستی (ناو)دا، چاوگی (ئاندن) کاریگەری فراوانتر دەبەخشێت و دەتوانین دەیان و سەدان ناوی (بەجێ) سەودا بکەین.

## ٦- کاری تێپەڕ بەجیناوی خاوەنێتی:

پێ دەچێت کە ڕێچکەیەکی ڕستەسازی (تێپەڕ) هەبێت بۆ وەرچەرخاندنی کاری تینەپەری ئاسایی و کاری تێنەپەری بکەر نادیار، لە ئەم ڕێچکەیەدا، جێناوەکانی خاوەنێتی (م، ت، ی، مان، تان، یان) دەبن بە جێناوی (بکەر)ی تێپەڕ و بە جێگۆڕکێ باز دەدەنە سەر (کۆڵکە)یەک کە ئەرکی (بەرکار) وەردەگرێت، بۆ نموونە، دەگوترێت:

**خانووەکە ڕووخا**

بە ئاشکرا دیارە ئەم ڕستەیە (تینەپەڕ)ە و لەسەر کاری (ڕووخان) ڕۆنراوە، بەڵام دەتوانرێت دەربچەرخێنرێت بەدیوی (تێپەڕ)دا، وەک:

(من) خانووەکە(م) ڕووخا.

(تۆ) خانووەکە(ت) ڕووخا.

(ئەو) خانووەکە(ی) ڕووخا.

(ئێمە) خانووەکە(مان) ڕووخا.

(ئێوە) خانووەکە(تان) ڕووخا.

(ئەوان) خانووەکە(یان) ڕووخا.

لە ئاستی ئەم ڕستانەدا چەند سەرنجێک هەن، وەک:

**یەکەم:** بۆ ڕستەی تێنەپەری (خانووەکە ڕووخا)، چاوگی تێنەپەری (ڕووخان) هەیە، بەڵام بۆ شەش ڕستەکەی تر چاوگێک هەیە لە چەشنی (خانوو ڕووخان).

**دووەم:** چاوگی (خانوو ڕووخان)، لەسەر ئەندازەی (دەست شکان)، (دارسووتان)،

(براکوژران)،... ڕۆنراوە.

ئەم جۆرە چاوگە کۆلکەیەکیان وەرگرتووە کە لە (بەرکار) دەچێت، ئەگەر بەراورد بکرێت بەکاری تێپەڕ، وەک (نامە نووسین، دار شکاندن، خانوو ڕووخاندن،...).

کەواتە، دەبێت لە چاوگی (خانوو ڕووخان)دا، وشەی بەرایی (خانوو) بریتی بێت لە (بەرکار).

**سێیەم**: لە چاوگی (خانوو ڕووخان)ەوە، دەتوانین (ناوی بکەر) دروست بکەین، وەک (خانوو ڕووخاو). ئەم جۆرە ناوە دەبن بە (ئاوەڵناو) بۆ ئەو کەسانەی کە جێناوەکانی خاوەنێتی (م، ت، ی، مان، تان، یان) دەیان گرێتەوە. ئەم ڕاستیەش لەسەر شەش ڕستەکەی سەرەوە دەرخراوە.

**چوارەم**: لە لایەکی ترەوە، ناوی (خانوو ڕووخاو)، لە (ئاوەڵناوی تەرخان کراوە) دەڕوانێت، وەک (ماڵ وێران، خانوو سپی، باخچە خۆش، پرچ درێژ، خوێن سووک، ...هتد).

**پێنجەم**: وەک حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی جێناوەکانی خاوەنێتی (م، ت، ی، مان، تان، یان) بۆیان هەیە کاری (تینەپەڕ) وەربچەرخێنن بە دیوی (تێپەڕ)دا و ڕێچکەیەکی سنتاکسی تازە بخەنە گەڕ.

**شەشەم**: بە تەریبی لەگەڵ کاری تێپەڕی، ئاساییدا، کاری تێنەپەڕی (بکەر نادیار)یش دەتوانێت هەمان میکانیزم چێ بکات، وەک:

(ناو نووسراو، خانوو ڕووخێنراو، باوک کوژراو، ماڵ ڕمێنراو، ماڵ وێران کراو، ... هتد).

**حەوتەم**: وەک ئەو وشانە ڕەگەزی (ئاوەڵناو) هەڵ دەگرن دەشێت بە ئامرازێکی کۆ (ان) سەودا بکرێن، وەک ئەوەڵناو: ماڵ وێرانان، ناو نووسراوان، ناوک کەوتووان، ... هتد.

### ٧- دووجار تێپەڕ:

لە نموونەیەکدا، وەک:

شیلان کراسی کڕی.

وشەی (کراس) بریتییە لە (بەرکار) و (شیلان)یش بریتییە لە (بکەر) لە ڕستەیەکی تێپەڕدا. سەرباری ئەم ڕاستییە، دەتوانین جارێکی تر هێزی تێپەڕینی ڕستەکە پتەوتر بکەین، وەک:

من کراســ(م) به شیلان کڕی.

یان،

من ..........  پێـ(م) کڕی.

بێگومـان، ئەگـەر ڕسـتـەکـەی بەرایی ڕوو بکات لە چاوگی تێپـەڕی (کـڕین)، ئەوا ئەم دوو ڕسـتـەیەی دوایی ڕوو دەکەن لـە چاوگی (کراس پێ کڕین) و (پێ کڕین). لە ڕاسـتـیدا، پێ دەچێت کە دەمی ئەم میکانیزمە والا بێت بە ڕووی کاری تێپەڕدا، وەک:

پێ کڕین، پێ فرۆشتن، پێ نووسین، پێ گرتن، پێ کوشتن، پێ بڕین، پێ سڕین، پێ گوشین، پێ ولێن،...

لە ئەم چاوگانەوە، ناوی بکەر و ناوی بەرکاریش چێ دەبن، وەک:

پێ کڕ: پێ کڕدراو، پێ فرۆش: پێ فرۆشراو

پێ نووس: پێ نووسراو، پێ گر: پێ گردراو

پێ کوژ: پێ کوژراو، پێ بڕ: پێ بڕدراو

پێ وڵ: پێ وڵراو، .........: ............

لەســەر ئەندازەی (پێنووس) و (پێ گر)، گـشت وشـەکـانی تر لـە ناوی ئامـێـرێک، یان ئامرازێک دەڕوانن، کە ڕووداوی ئەو کارانەیان پێ ئەنجام بدرێت. لە بەرانبـەردا، وشەکانی تر (پێ کڕدراو، پێ فرۆشراو، پێ نووسراو،...) ناوی بەرکار زاڵ دەکەن بۆ ئەو کەسەی، یان ئەو چشـتـەی کە ڕووداوی کارەکەی لەسـەر دەگەڕێت. یان، دەتوانـین ناوی بکەر چێ بکەین لە ئەو کارانە، وەک (پێ کڕەر، پێ فرۆشـەر، پێ نووسـەر، پـێ گرەر، پێ کوژەر، پێ بڕەر،..). لە ئەم میکانزمەدا، کە دوو جار باری تێپەڕی چەسپاوە، چەند وشەیەک چێ بووە وەک:

| | | |
|---|---|---|
| | پێنووس | (ناوی ئامراز) |
| پێ نووسـەر | پێنووسـەر | (ناوی بکەر) |
| | پێنووسراو | (ناوی بەرکار) |

### ٨- پوختەکاری:

لە پەرێزی ڕێزمـانی کاری تێپەڕدا، کۆڵکەی (بەرکار) بووە بە سـەنگی مەحـەک، بەڵام ئەم دیاردەیە زۆر سـفت و سـۆڵ نییـە و کەلێنی تێـدا هەیە. بۆ نموونە، کـاری تێـپـەڕ هەیە کـە کۆڵکەی (بەرکار) وەرناگرێت. یان کار هەیە کۆڵکەی (بەرکـار) هەرس دەکات لە واتاکەی

دا، یان زۆر بابەتی تر. لە ئەم پوختەکارییەدا، چەند خاڵێک هەیە بۆ تۆمار کردن، وەک:

* کاری تێپەڕی ئاسایی هەیە و کۆلکەی (بەرکار) وەردەگرێت بە ڕوونی و بە ئاشکرایی.
* کاری تێپەڕی ئاسایی هەیە کە (بەرکار) وەر ناگرێت، وەک (ڕاکردن، بۆڕدان، ...).
* کاری تێپەڕی نائاسایی هەیە کە بە میکانیزمی وەرچەرخان کۆلکەیەک دەخاتە نێو خانەی (بەرکار) لە تەونی بیردا، وەک (دەست شکان، باوک نەمان، برا کوژران، ...).
* کاری وا هەیە کە بە چاوگی (ئاندن) چێ بووە و تێپەڕە و کەچی نە کۆلکەی (بەرکار) وەردەگرێت و نە چاوگی بکەر نادیاری هەیە. لە ئەم جۆرە چاوگەدا، سیمای کارێکی تێنەپەڕ لە ئارادایە، چونکە کۆلکەی بەرکار هەرس بووە لە واتای کارەکەدا، وەک (چریکاندن).
* چاوگی (ئاندن)، لە ئاستی گشت کارێکی تێنەپەڕی (بکەر سست)دا برەوی هەیە، بەڵام لە ئاستی کاری تێنەپەڕی (بکەر چالاک)دا دادەمێنێت، مەگەر بە زۆری لێ کردن، وەک:

ڕۆیشتن: ڕواندن

دەرچوون: دەرچوواندن

* کاری (توانین) بۆی هەیە وەک کارێکی تێپەڕی (بەرکارگر) بێت، یان وەک کارێکی یاریدەدەر بە واتای (can)، کە بەرکار وەرناگرێت.
* پێشگری (پێ) بۆی هەیە (دووبارە تێپەڕ) بسەپێنێت بەسەر کاری (تێپەڕ)دا، وەک (کڕین، پێ کڕین) یان (نووسین، پێ نووسین)، ... هتد.

**سەرچاوە:**


- د. وریا عومەر ئەمین، لە ڕووەکانی تێپەڕی، ڕۆژنامەی (بەدرخان)، ژمارە ٧٦، هەولێر، ٢٠٠٦/١٢/٢٢.
- د. شێرکۆ بابان، دیوە تیورییەکانی ڕێزمانی بەرکاری ڕاستەوخۆ، گۆڤاری (ئەکادیمی)، ژمارە ٦، هەولێر ٢٠٠٧.
- شادمان سالار نەریمان، ناوی دەنگ لە زمانی کوردیدا، بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی خواردوو، زانکۆ بەغدا، ٢٠٠٢.
- د. ئەورەحمانی حاجی ماف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی پێنجەم، کردار، سلێمانی ٢٠٠٠.
- د. وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تر لە زمانەوانیدا، تێنەپەڕ فەرمانێکی بکەر نادیارە، ل١٨٢-١٨٩، هەولێر ٢٠٠٤.




هەواڵنامەی کتێب

ناساندن

حەمید کەشکۆڵی

# هونەری پاکبوونەوە لە ئەدەبی ستیغ داغرمانی سویدیدا

و: سەلاح عومەر

هەواڵنامەی کتێب



ستیغ داغرمان

تا ئەمرۆش تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی هەمەجۆر لە بارەی نووسەری سویدی گەورە ستیغ داغرمان بلاو دەکرێتەوە کە باس لە بەرهەم و ژیاننامەی ئەو دەکەن. لە سویدیش کۆمەڵەیەک بەناوی ستیغ داغرمان هەیە کە ئەرکی کارکردنە لەو شتانەی پەیوەندی بەم نووسەرە مەزنەوە هەیە، وەک ئەرشیف و بەرهەم و ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی پەیوەندیان بەو و بەشیعر و چیرۆک و رۆمان و شانۆ و سیناریۆکانیەوە هەیە، بە چەشنێ ئەم بەرهەمانەی ئەو لە ماوەی ئەو تەمەنە کورتەی کە (۳۱) ساڵە نووسیویەتی بەموجیزەیەک دەژمێردرێ. لە کاتێکدا نووسەری وا هەیە تەمەنی کیسەڵی هەیە کەچی ئەوەی دەینووسێ شایانی پاشەڕۆی نووسەرێکی وەک داغرمانی نییە.

بۆیە من بەو توانا کەمەی کە لە نووسیندا هەمە ئەم نووسەرە گەورەیە وەردەگرم، لە هەمان کاتدا نیگەرانم لەوەی لەیادکردنەوەکەیدا خراپە بنوێنم، شەرمیش دەکەم ئەم وتارە لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوە و توێژنەوانەی تۆژەرە سویدیەکان لە بارەی ئەو دەینووسن بەراورد بکەم، بەڵام پێم باش بوو وەک پێویستیەک بۆ ناساندنی بەخوێنەران، شتێ لەبارەی بنووسم ناشزانم بەرهەمەکانی تا چەند وەرگێڕاوەتە سەر زمانی دیکە. ستیغ داغرمان لە (٥)ی ت١ی ١٩٢٣ لە یەکێ لە گوندەکانی ناوچەی (الفکارەبی) لە ماڵی باپیرەی لە دایک بووە و هەر لەوێ گەورەبووە، چاک پەروەردە کراوە و خۆشەویستی و گرینگی پێ بەخشراوە.

ستیغ لە یادەوەریەکانی ڕۆژانەیدا زۆر بەچاکی باس لەمە دەکات. باوکی کرێکاری تەقاندنەوەی چیاکان بوو و ئامادەیی ئەوەی تێدانەبوو ئەو کات خێزان پێک بهێنێ. ژیانی داغرمان لەگەڵ سەردەمی کۆنی مێژووی سوید وەک وڵاتێکی کشتوکاڵی و لەناو مەزراکاندا وەک (لاگر کرانتز) دەڵێ دەست پێ دەکات. ئەم کەش و هەوایە لە هەندێ لە بەرهەمەکانی بەتایبەتی ڕۆمانی (ئازاری ژن گواستنەوە) ڕەنگی داوەتەوە. هەروەها ستیغ لە کێڵگەکەی باپیری کاری کردووە و لەبارەی ماوەی ئەو قەیرانەی بەسەر ئەوروپا و سوید هەڵی کردووە لەڕێی ئەو لات و هەژارانەی لە کێڵگەکەی باپیری تووشیان دەهات سەرنج و تێبینی لا دروست بوو. کە باپیری هەمیشە بەگەرمی پێشوازی لێ دەکردن و لەگەڵیان بەخشندە بوو. بەڵام مردنی باپیری کۆستێکی گەورە بوو بۆی و نائارامییەکی مەزنی لا دروست کرد. باپیری کە بەدەستی شێتێکی تاوانبار لەو کاتەی شەوێک لە شەوان ئەسپەکانی خۆی بەسەر دەکردەوە گیانی لەدەست دا. (داغرمان) لە بارەی ئەم کارەساتە لە یەکێ لە قەسیدە سەرەتاییەکانی نووسیویەتی، ئینجا داپیرەشی پاش ماوەیەکی کەم دەمرێ و پاش دوو ساڵی تریش هاوڕێیەکی ئازیزی دەکەوێتە ژێر ڕەنووە بەفر و گیان لەدەست دەدات کە پێکەوە بوون و لە ناو چیاکاندا گەشتیان دەکرد. ئەم مردنە کارەساتاویانە کارێکی زۆریان کردە سەر ژیانی داغرمان. لەو کاتەی کە ساڵانێ بوو لە ستۆکهۆڵم دەژیا و بەچاوی خۆی ئەم ڕووداوانەی دەبینی و تیایاندا دەژیا. لە هەمان کاتدا لە پەیمانگای (سودرئالاتین)ی کلاسیکی ساڵی (١٩٤٢) خوێندنی هەروەها، وە بۆ ماوەیەک لە پەیمانگای ستۆکهۆڵمی باڵا چووە بەرخوێندن. بەڵام هێندەی پێ نەچوو بۆ خوێندنی ڕۆژنامەگەری ئەوێی جێهێشت و کاری لە ڕۆژنامەی (ئاربیتارن) کرد، هەر لە قۆناغی ئامادییشەوە ئەندامێکی کارای بزوتنەوەی سەندیکایی بوو، ئەو بزوتنە سەندیکایەش تەوژمێکی سیاسی ڕادیکاڵی بوو و لەگەڵ حیزبە بورژوازی و سوسیالیستیە دیموکراسییەکان لە ڕووی هەڵوێست لە مەسەلە سیاسیە بنبڕکەرەکان جیاوازی بوو.

سیمای سەندیکایی بەسەر تێڕوانینەکانی داغرمان بۆ جیهان و ژیان دیار بوو و وەفاداری

بیروڕاکانی بوو، پەیوەندییەکانیشی بە قوربانییانی شەڕ و هەڵاتووە سیاسیەکان وایکرد هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێ لە ئافرەتە پەناهەندانە شیوعییەکان بکات. ئەویش (ئاناماریە)یە کە یەکێ بوو لە قوربانییەکانی دەستی تیرۆر و ئازاردانی بێ هاوتا. (ئاناماریە) ساڵی ١٩٣٤ لە ئەڵمانیا هەڵهات و چووە نەرویژ و دوایی لە سوید گیرسایەوە. پێشتریش لە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا بەشداری کرد بوو و خۆشەویستترین هاوڕێی لەوێ لەدەست دابوو. (ئاناماریا) لە یەکێ لە یانەکانی گەنجانی سەندیکایی ساڵی (١٩٤٢) چاوی بە داغرمان کەوت کە ئەو کات داغرمان تەمەنی (١٩) و ئانا (١٨) ساڵان بوون.

ژیانی داغرمان گۆڕانێکی ڕیشەیی پاش دەرچوونی ڕۆمانی یەکەمی بەسەردا هات و وەک نووسەرێکی بەناوبانگ لە ناو خەڵکدا دەرکەوت.

هەتا لەسەر ئاستی خودیش ناوی ڕۆیشتوبوو بەخاوەنی پارەیەکی باش، ئەمەش وایکرد ببێ بەخاوەن ئۆتومبێل و کۆشک کە ئەوسا ئەمە تاڕادەیەک دیاردەیەکی نامۆ بوو. داغرمان زۆر حەزی لە لێخوڕینی ئۆتومبێلی گەورە و فەراح و خێرا بوو. لە ژیانی یەکەم هاوسەریشیدا تووشی سەرنەکەوتن هات بۆیە (ئەیڤا بیورک)ی ئەکتەری خواست. وە لە قۆناغی گەنجێتیدا لە ماوەیەکی پێوانەییدا بەبەراورد لەگەڵ هاوڕێ نووسەرەکانی بەتەمەن لە خۆی گەورەتر و ئەوانەی لە تەمەندا وەک ئەو بوون لە بواری ئەدەب سەرکەوتنێکی گەورە و ناوبانگێکی فراوانی پەیداکرد و ، خەڵک کتێبەکانی ئەویان خوێندەوە و بەشێوەیەکی بەرفراوان کەوتنە گفتوگۆکردن لە بارەیان، هەروەها شانۆگەریەکانیشی لەسەر تەختەی شانۆ نمایش کران و ڕۆشنایی لەسەر بوو. بەڵام پاش ڕۆمانی (ئازارەکانی ژن گواستنەوە) بەرە بەرە بەرهەمەکانی لە کورتیاندا کە ساڵی (١٩٤٩) بڵاو کرایەوە پاشان. زۆر هەوڵی دا بەرهەمەکانی وەک جاران زۆر بکاتەوە، بەڵام لەمەدا سەرنەکەوت. وە ئەو کاتەی توانای بۆ داهێنان و نووسین وەدەست هێناوە بۆ یەکێ لە هاوڕێکانی دەنووسێ: (ئەی خوایە چەند خۆشە پاش دوو ساڵ سست بوون، تووشی خەوزڕان بووم و بۆ دوو شەو نەمتوانی بنووم، لە شەوی سێیەمدا تا گرتمی: تایەکی فێنک کەرەوە، ئێستاش هەست بەمەستیەکی خۆش دەکەم.)

بەڵام کۆسپ و زەحمەتی بەردەوام زۆر دەبن. بۆیە هەوڵی دا نیگەرانییەکەی سڕ بکات و لەڕێی هاتوچۆکردنی هۆڵەکانی سینەما و سەیر کردنی تۆپی پێ متی بکات. هەروەها بەدوای ئیلهام وەرگرتن لە گەشت و کەش و هەوای تازە دەگەڕا بەڵام بێ هودە بوو.

(ئاناماریا) کە تا ئێستا لە ژیان ماوە لە یەکێ لە چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ ڕۆژنامەی (ئەسقسکادا غیلارت) کە بەیانیان دەردەچووم دەڵێ:

لە ناو خەڵک بووم و خەڵک قسەیان لەبارەی ئەوەوە دەکرد و مشتومڕیان بوو، ستیغ کەمدوو بوو

بێ دەنگ دادەنیشت، من لە جیاتی ئەو قسەم دەکرد.

ستیغ ئانامارپای زۆ خۆشدەویست، بەڵام خۆشەویستییەکی یەک لایەنە. ئانامارپا دان بەوەدا دەنێ کە هەمان هەست و نەستی بەرامبەر ئەوەوە نەبووە. وەبەپێی قسەی ئانا ئەوان وەک دوو هاورێ وابوون و باوەڕیان بە ئایدۆلۆژیایەکی هاوبەش هەبووە و بیریان لە گۆڕینی جیهان کردووەتەوە. ئانا دەڵێ: (هەردووکمان هەوڵی پەروەردەکردنی میللەتمان دەدا و هاوکاری یەکمان لەم کارە دەکرد، هەروەها دەڵێ: ستیغ ڕوحی لە تەنیایی دەچوو و هەستی بەوە نەدەکرد کە خەڵک خۆشیان دەوێ.)

لە ڕۆمانی (ئەژدیهاک)دا لە نیگەرانی نەوەی چلەکانی سەدەی ڕابردوو دەدوێ، کە ڕووداوەکانی لە یەکێ لە سەربازگەکانی سوید ڕوو دەدەن، (ئەژدیهاکیش) لێرەدا ئاماژەیە بۆ ئەو مەترسیانەی ڕوویان لە ئەوروپا و مرۆڤایەتی کردووە و هێمایە بۆ شوومی جەنگ و کارەساتە مرۆییەکان. ستیغ ماوەی پاش شەڕی دووەمی جیهان لە ئەڵمانیا ژیاوە و لەوێ ڕێپۆرتاژی گرینگی بۆ ڕۆژنامەی (ئەربیتارن)ی سویدی ناردووە، کە لەو نامەیەی لە ١٩٤٥/١٠/٢٩ نووسیویەتی هاتووە دەڵێ: (خۆم لەناو وێرانەکاندا ون کردووە و ئەو کاتەی شەوان تەنیا خەون دەبینم، هێدی هێدی خۆم وەدەست دێنمەوە).

لەدوا قەسیدەکانیدا کە بەر لە خۆکوشتنی نووسیویەتی ڕەشبینیەکی ترسناک دەردەبڕێ و نیگەرانیەکی گەورە هەیە، وەک بەردەوام دان بەوە دادەنێ.

لەم بارەیەوە بۆ ئەنجا لانڤەری کچە ئەکتەری شانۆیی دەنووسێ: بەشێوەیەک لە شێوەکان لەناو ڕێڕەوێکی داخراودا ژیانم قەتیس ماوە و نازانم چۆن بێمە دەرەوە، وەک جاران ناتوانم بنووسم و پێ بکەنم و قسە بکەم و بخوێنمەوە. هەست دەکەم وام لێهاتووە بکەومە دەرەوەی یارییەکە.

ستیغ داغرمان لە ١٤ ت٢ ١٩٥٤ لە تەمەنی (٣١)ساڵیدا لە گەراج لە گوندی (ئانەبلری) بەهۆی گازی ئۆتۆمبێلەکەی پاش کردنەوەی لە ناو گازەکەدا خۆی کوشت.

داغرمان نیگەرانی نەوەکەی خۆی لە سوید و ئازارەکانی بەرجەستە دەکات. لەم بارەیەوە وتەیەکی هەیە کاتێ دەڵێ: نیگەرانی لە هەموو نیگەرانییەکانی جیهان گەورەترە.

فرانزکافکاش لە بیروباوەڕ و داهێناندا ئیلهام بەخش و نموونەی باڵای بوو ، هەروەها ستیغ نووسەری ئێرانی سادق هیدایەتم بیر دێنێتەوە کە لە ماوەی ژیانی ئەودا ژیاوە و خۆی کوشتووە.

داغرمان تا ئەوپەڕی مرۆیی بوو لە پێناوی خزمەتی مرۆڤایەتیدا. و بیری لە گۆڕینی جیهان و بەرەو باشترکردنی دەکردەوە

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی الصباح، چوارشەممە ١٤ ئایاری ٢٠٠٨، ژمارە ١٣٨٨**

کاروان عومەر کاکەسوور:

# تەکنیک و زمان بەشێکن لە نووسەر خۆی و لە ئەزموونی ژیانیەوە پەیدا دەبن

سازدانی: سەرنووسەر

## سەرەتای نووسینی خۆم بە ژیاننامە دەست پێ کردووە



**کاروان عومەر کاکەسوور لەناو چیرۆک و رۆمانی کوردیدا شێوەیەک لە گێڕانەوەی دەگمەن و تایبەت بەخۆی داهێناوە. هەم لە چیرۆک و رۆمانەکانی و هەم لە بۆچوونەکانیدا. ئەم داهێنەرە شایەنی ئەوەیە بەوردی بخوێندرێتەوە و رەخنە و لێکۆڵینەوەی کوردی ئاستەکانی ئەم شێوە گێڕانەوەیە دەستنیشان بکات و شوێنی شیاوی خۆی بداتێ**

## بارەی هەر شتێکەوە قسە بکەم، دەمەوێ لە کۆمەڵێک لاوە لێی بڕوانم

*** زۆربەی ئەو نووسەرانەی لە دەرەوە دەگەڕێنەوە، چەند گفتوگۆیەک لەگەڵ ڕۆژنامە و گۆڤار و تیڤییەکاندا ئەنجام دەدەن، بەڵام تۆ وەکو هەر جارێکی دیکە خۆت لەم گفتوگۆیانە دوورخستەوە. ئەمەیان بۆچی؟**

– من یەکێکم لەوانەی زۆر حەز لە گفتوگۆ ناکەن. من شتێکم هەیە، نازانم باشە یان خراپ، ئەویش ئەوەیە، کە لە ***بارەی*** هەر شتێکەوە قسە بکەم، دەمەوێ لە کۆمەڵێک لاوە لێی بڕوانم. زۆر لق و پۆپی لێ دەکەمەوە و دوایی دەمەوێت هەموو ئەو لقانە، هەموو ئەو سەرەباسانە بە یەکترەوە گرێ بدەم. ئەمە لە گفتوگۆی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا زۆر زەحمەت نییە، بەڵام لە گفتوگۆی ڕووبەڕوودا کارێکی سەختە. لە گفتوگۆی ڕووبەڕوودا کۆمەڵێک هۆکار هەن، کە دەبنە ڕێگر لەوەی من لە چەند لایەکەوە لەبارەی بابەتی پرسیارەکەوە قسە بکەم و دواجار ئەو سەرەداوانەش بەیەکەوە گرێ بدەمەوە. حەز دەکەم لە گفتوگۆکاندا شتێکی نوێ بڵێم. پێم خۆشە بێ دەنگ بم، بەڵام وەکو هەندێک نووسەر پێنج شەش گفتوگۆ بەسەر یەکەوە نەکەم و لە هەمووشیاندا هەر ئەو شتانە بڵێم، کە کەسانی دیکەش لە من چاکتریان لێ دەزانن. من هەر کاتێک داوای گفتوگۆم لێ کرابێت، بەو نووسەرە یان بەو ڕۆژنامەنووسەم گوتووە، ئەگەر بتوانم، وەڵامی پرسیارەکانت دەدەمەوە، چونکە هەموو جارێک وام زانیوە ناتوانم لەبارەی ئەو پرسیارانەوە هیچ بڵێم، کە ئاڕاستەم کراون. ڕاستییەکەی من تەنها لە کاتی نووسیندا هەست بە سەربەستیی خۆم دەکەم، چونکە لەوێ تەنیام. بەلای منیشەوە تەنیایی زمانە و زمانیش سەربەستییە. لە کاتی گفتوگۆدا ئەو سەربەستییەی خۆم لە دەست دەدەم، واتە چییتر زمان بەشێک نییە لە من و ناتوانم تەعبیر لە شتێک بکەم، کە لە دەستم داوە. لەم سەفەرەم بۆ یەکەمجار بەهۆی هاوڕێیانم (د. ئازاد حەمە شەریف) و (سەباح ڕەنجدەر)ەوە (فەرەیدوون سامان)م ناسی. هەرکە بینیمی، پێی گوتم تۆ لە نووسیندا توانایەکی سەیرت هەیە، بەڵام باوەڕ ناکەم لەکاتی ئاخاوتندا وا بیت. نازانم چۆن زانی من توانای قسەکردنم نییە. من ئەگەرچی تەنها ئەم گفتوگۆیەم لەگەڵ تۆدا کرد، بەڵام لە نزیکەوە زۆر نووسەر و ڕۆشنبیرم بینی، کە بۆ من مایەی خۆشحاڵییە. بە نیازیشم لەبارەی هەموو ئەو نووسەرانەوە بنووسم، کە لەم سەفەرەمدا بینیومن، بەتایبەتی ئەو کتێبانەی، کە پێیان داوم. من ئەگەرچی زۆر خۆم لە گفتوگۆکان بە دوور دەگرم، بەڵام نایشارمەوە ئەزموونی چاکم لەگەڵ ئەو نووسەرانەدا هەیە، کە گفتوگۆیان لەگەڵدا کردووم. من لە گفتوگۆکانی (ئیدریس عەلی، توانا ئەمین، دانا فایەق) و نووسەرانی دیکەوە زۆر شت فێر بووم. من لە چاپکردنی کتێبەکانیشم هەروام. یەکێک نیم لەوانەی هەڵپەی بڵاوکردنەوەیان هەیە. دوای ماوەیەکی زۆر کتێبەکانم چاپ دەکەم، بەڵام پێش بڵاوکردنەوە بۆ

چەند نووسەرێکیان دەنێرم و گفتوگۆیان لەبارەیەوە دەکەین. بۆ نموونە من ئەگەر کتێبێک لەبارەی ژیانی خۆمەوە بنووسم و تەنها بۆ (ڕزگار شێخانی)ی بنێرم، بەو مەبەستەی گوێ لە تێبینییەکانی بگرم، ئەوا بۆ من ئەوەندەی چاپکردنی گرینگە. ئەمەش لای من جۆرێکی دیکەی گفتوگۆیە.

*** ئایا ژیاننامە چەند ڕەگەزەکانی ڕۆمانی تیایە، یان ئایا ژیاننامە ڕێخۆشکەرە بۆ نووسینی ڕۆمان؟ لەکاتێکدا تۆ پێش ڕۆمان، ژیاننامەت نووسیوە. لە شێوازی نووسینەکەش سوودت لە هونەری ڕۆمان وەرگرتووە. دەکرێت جیاوازی و پێوەندییەکانی ئەو دوو شێوازەمان بۆ باس بکەیت، لە کاتێکدا تۆ هەردووکیانت ئەزموون کردووە؟**

– ڕەنگە ئەو خوێنەرانەی ئاگایان لە بەرهەمەکانی من هەیە، وا بزانن هەڵەیەک لەم پرسیارەدا هەیە، بەوەی من ڕۆمانم لەپێش ژیاننامەدا چاپ کردووە، نەوەک بەپێچەوانەوە، بەڵام ڕاستییەکەی من سەرەتای نووسینی خۆمم بە ژیاننامە دەست پێ کردووە. لەبیرمە لە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی بووم (گێلەپیاو)ی (عەزیز نەسین)م خوێندەوە. ئەو ڕۆمانە زۆر کاری کردە سەر من، چونکە من وەکو زۆربەی هاوڕێیانی گەڕەکم حەزم لە کۆمیدیا بوو. دەمویست لاسایی ئەو ڕۆمانە بکەمەوە و منیش ژیانی خۆم و خەڵکی گەڕەکەکەم بنووسمەوە، کە پڕی بوو لە دیمەنی کۆمیدی. ئەو هەموو ئازار و مەینەتەی من لە ژیانی خۆم و هی کەسانی دیکەی گەڕەک و شارەکە دیبووم، فێری ئەوەیان کردبووم، کە کۆمیدیا ڕووی ڕاستەقینەی تراژیدیایە. لەو سەردەمە بەردەوام شیعرم لەبارەی خەڵکی دەوروبەرم دەنووسی، کە زۆربەیان سادە بوون و سیمایەکی کۆمیدییان هەبوو. شکستی حەفتا و پێنج کاریگەرییەکی زۆر گەورەی کردبووە سەر هەموومان. بە چاوی خۆم حاڵی ئەو هاوڕێیانەی خۆم دەبینی، کە لە شاخ گەڕابوونەوە و چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا. هەبوون ماڵەکانیان لەلایەن سەرۆکجاش و ئەمنەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا بوون. هەبوون باری داراییان بەشێوەیەک خراپ بووبوو، کە لە سێ ژەم، ژەمێکیان نەدەخوارد. جارێکیان بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوانەم وەکو خۆی نووسییەوە، بەڵام چونکە ئەوسا هیچم لە هونەری گێڕانەوە نەدەزانی، بۆیە نەمدەتوانی وەکو چیرۆکنووسێک مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا بکەم. دوایی کاتێک هەوڵی نووسینی چیرۆکم دا، ئەو خەیاڵانە بۆ من یارمەتیدەری باش بوون. ژیاننامەی خۆم و کەسانی دیکە بەردەوام بەشێک بووە لە چیرۆک و ڕۆمانەکانم، بەڵام بایەخدانم بە هونەری نووسین، ڕێگر بووە لەوەی من ئەو ڕووداوانە وەکو خۆیان بنووسمەوە. پێشتریش گوتوومە، کە ناکرێت تۆ لە ڕێگای کتێبی منداڵییمەوە وێنەی ڕاستەقینەی ناوەڕاستی

شەستەكان و سەرەتای حەفتاكانی من و خەڵكی گەڕەكەكەمت دەستبكەوێتەوە. جیاوازیی نێوان ڕۆمان و ژیاننامە زۆرە، كە ڕەنگە تەنها ڕەگەزی گێڕانەوە تیایاندا هاوبەش بێت. بەڵام هێشتا جیاوازییەكی دیكەش لەنێوان ئەو دوو جۆری گێڕانەوەیەدا هەیە. گێڕانەوە لە ژیاننامەدا پابەندی مێژووە، بەڵام لە ڕۆماندا گێڕانەوە بۆ تێكشكاندنی دەسەڵاتی مێژووە. لێرەدا دەبێت ئێمە جیاوازییەكی گەورە لەنێوان دوو جۆر لە ژیاننامەدا بكەین. یەكەمیان ئەو ژیاننامەیەی، كە ڕووداوەكان، كەسەكان، سەردەمەكان و شتەكان وەكو خۆی دەگێڕێتەوە. ئەمەیان زیاتر شێوازی نووسینی سیاسەتمەدار و گەڕیدەكانە. جۆری دووەمی ژیاننامە ئەوەیە، كە هەموو ڕووداو و كارەكتەر و سەردەم و شتەكان تێكەڵی خەیاڵ و فانتازیا دەكات. بۆیە ئەمەیان لەگەڵ ڕۆماندا جیاوازییەكی گەورەی نییە. من لە كتێبی (منداڵیم ئاسكێك بوو بەسەر پەلكەزێڕینەكاندا بازبازێنی دەكرد)دا نەهاتووم چی لە واقیعدا ڕووی داوە، وەكو خۆی بینووسمەوە، بەڵكو خەیاڵی منداڵیی خۆمم نووسیوەتەوە. ڕاستە لەپاڵ ئەوەدا ڕووداوی واقیعییشم گێڕاوەتەوە، بەڵام لە چاوی منداڵێكەوە. بینینی منداڵیش بۆ واقیع تا ڕادەیەكی زۆر پابەندە بە فانتازیاوە، بەوەی منداڵ لە ڕێگای هەستەكانیەوە واقیع دەبینێت، نەوەك لە ڕێگای هۆشیارییەوە. هەروەها ئەو كتێبە پابەندی مێژوویەكی دیاریكراو نییە، بەڵكو لە ڕێگای خەیاڵی زاتی و كۆوە تا سەردەمی شۆڕی یەكەمی جیهانی درێژ دەبێتەوە. ئەو كتێبە لە یەک دوو ڕۆمانی كورت و لە چەند چیرۆكێكی كورت و هی درێژ پێكهاتووە، بۆیە دەكرێت چ لەسەر ئاستی چیرۆک و ڕۆمان و چ لەسەر ئاستی بایۆگرافیادا بیخوێنیتەوە.

*** كۆمەڵەچیرۆكی ئەسپیدیلۆن لای نووسەر و ڕەخنەگرانەوە چ لە ڕووی تەكنیک و چ لە ڕووی زمانەوە بە خاڵێكی جیاكەرەوەی چیرۆكی كوردی دانراوە. لەوێ مامەڵەیەكی جیاواز لەگەڵ فانتازیادا هەستی پێ دەكرێت. لەپشت ئەو مامەڵەكردنەوە چ نهێنییەک هەیە، كە هەتا ئێستا لای ئێمە شاراوەیە؟**

– لەو گفتوگۆیەدا، كە (دانا فایەق)ی چیرۆكنووس لەگەڵیدا كردووم بە درێژی باسم لەوە كردووە، كە تەكنیک و زمان بەشێكن لە نووسەر خۆی و لە ئەزموونی ژیانی نووسەرەوە پەیدا دەبن. لەنێوان دیدگای نووسەر و زمان و تەكنیكدا پێوەندییەكی ئاڵۆز هەیە، كە ئەو پرۆبلیماتیكەی لەسەر دامەزراوە، بەڵام فانتازیا لە دەرەوەی هەموو ئەمانەدا سەر هەڵدەدات. ئەگەر زۆر جار گوێمان لێ دەبێت دەڵێن فلان كەس چیرۆكنووسێكی باشە، بەڵام زمانێكی باشی نییە، یان تەكنیكەكانی لاوازن، یان بەپێچەوانە دەگوترێت فلان ڕۆماننووسێكی، یان چیرۆكنووسێكی باش نییە، بەڵام بە زمانێكی چاک دەنووسێت و لە تەكنیک شارەزایە، ئەوا

ئەمانە هیچ مانایەکیان نییە. تۆ هیچ شتێکت نییە، بێجگە لە تێکست. کاتێکیش تێکستت هەیە، کە هەموو پرۆسێسەکان تەواو بوون. لە پشت ئەم شێوازی خوێندنەوەیەدا، هیچ دیدگایەکی فیکری و ئیستاتیکی بوونیان نییە. ئەم خوێندنەوەیە باز بەسەر هەموو وردەکارییەکانی تێکستدا هەڵدەدات و پشت بە بڕیارەکانی خۆی دەبەستێت. چیرۆک و ڕۆمان بە پلەی یەکەم زمان و گێڕانەوەن و ئەو دوانەش لە یەکتر جیا ناکرێنەوە. هێزی ئەو زمانەیە گێڕانەوە ئاڕاستە دەکات و ئەو تەکنیک و فێڵانە دەدۆزێتەوە، کە ڕووداو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتییەوە دەگەیەننە ئاستی خود. من ئەگەر لە سەرەوە پێم گوتی، کە فانتازیا لە دەرەوەی هەموو ئەو شتانەوە سەر هەڵدەدات، ئەوە مەبەستم ئەوەیە، کە فانتازیا پێش دروستبوونی زمان خۆی دەردەخات. لای ئێمە هەڵەیەکی گەورە هەیە، یاخود با بڵێین خراپ تێگەیشتنێکی کوشندە هەیە، کە پێی وایە ئەوە دیدگایە فانتازیا دەخوڵقێنێت و هەڵیدەسووڕێنێت. بڕۆ سەیری زۆربەی نووسینە ڕەخنەییەکانی خۆمان بکە و بزانە ئەم ڕستە سواوە بەردەوام ناگوترێتەوە. ڕاستە دیدگا و فانتازیا دوو ڕەگەزی گرینگن، یان با بڵێین دوو کۆڵەگەی سەرەکیین لە چیرۆکدا، بەڵام چیرۆکنووس لە ڕێگای دیدگاوە خەیاڵ و فانتازیا ناخوڵقێنێت. ئەرکی دیدگا ئەوەیە، کە فانتازیا ڕێک بخات، چونکە ئەگەر وا نەبێت فانتازیا فۆرم وەرناگرێت، مەبەستم فۆرمی گێڕانەوەیە، نەک سنووردارکردنی فانتازیا. فانتازیا خۆی ڕێک لەو ساتەوە ئاکتیف دەبێت، کە دیدگا بوونی نامێنێت. ئەگەر لە حاڵەتی نووسین وردبیتەوە، مەبەستم ئەو کاتەیە، کە تۆ تێیدا چیرۆک یان شیعر دەنووسی، ئەوا هەموو ئەو زانیارییانەت بیرچۆتەوە، کە تۆ بە درێژاییی ژیانت لە قوتابخانە و لە کتێب فێریان بوویت. بۆ نموونە ئەگەر تۆ وەکو چیرۆکنووسێک لەبارەی خۆرەوە بنووسیت، ئینجا خۆرهەڵاتن بێت یان خۆرئاوابوون، ئەوا پێویستە بیرت چووبێتەوە، کە تۆ وەکو زانستێک دەزانیت بۆ خۆر هەڵدێت و بۆ ئاوا دەبێت. تۆ سەیری چیرۆک و ڕۆمان بکە بە هەزارەها شێوە وەسفی جوانیی خۆرهەڵات و خۆرئاوابوون دەکەن، بەڵام زانست خۆی تەنها یەک لێکدانەوەی کۆنکرێتی بۆ ئەو دوو حاڵەتە هەیە. بە ڕای من ئەگەر بڵێین چیرۆک دیدگا و فەنتازیاشە، هێشتا کۆمەڵێک وردەکاری هەیە، نەمانگوتوون. کەواتە هێشتا ئێمە لەناو ئەو هەڵەیەدا دەرباز نەبووین، کە دەڵێین چیرۆک دیدگا و فانتازیایە. ئەگەر وایە ئەی کوا زمان؟ کوا ئەرکەکانی زمان؟ دەشێ ئێمە کاتێ لەناو خەیاڵی خۆماندا ڕۆ دەچین، سەدان شتی سەیر سەیر لەناو ئەو خەیاڵەدا بخوڵقێنین، بەڵام چۆن ئەو وێنانەی خەیاڵ بگوازینەوە؟ چۆن لە خۆمانیان ڕزگار بکەین؟ چیرۆکنووس دەگاتە ئەو باوەڕەی، کە دوو جۆر گێڕانەوە هەیە. یەکێکیان هی خەیاڵ خۆیەتی، کە لە حاڵەتێکی نائۆرگانیدایە. هێشتا زمان دروست نەبووە.

دووەمیان کاتێک زمان دروست دەبێت. لێرەوە هاوکات دیدگا دەردەکەوێت. نابێت بیرمان بچێت، کە دیدگا زۆربەی کات ناتوانێت ئێمە ڕازی بکات. لەم پرۆسێسی گواستنەوەیەدا زۆر شت هەن ڕۆڵی گرنگ لە چۆنیەتیی دەربڕین دەبینن. مەبەستم وشە و ئەرکەکانی وشەن وەکو ڕستەسازی و ڕێنووس و خاڵبەندی و زۆر شتی دیکە. ئەم شتانە ڕاستە بە لاوەکی حیسابیان بۆ دەکرێت، بەڵام هەتا بڵێی گرینگن. (ئەسپیدیلۆن)، کە کۆمەڵێک چیرۆکە و سەرەتای ئەزموونی منە لە مەنفا، بەرهەمی ئەو تێڕوانین و ڕامانانەی خودی خۆمە بۆ پێوەندیی مرۆڤ بە کات و شوێنەوە. وەکو خۆت دەزانی هەموو چیرۆکەکان لە کەمپەکانی ئەڵمانیا و دانیمارک نووسراون. ئەوەی یەکەم کەس لە فرۆکەخانەی فرانکفۆرت پێشوازی لێ کردم و ناوی لەسەر پسوولەیەکدا نووسیم، بۆ ئەوەی خۆراک و جلوبەرگ و شوێنم بداتێ، پۆلیس نەبوو، بەڵکو کات بوو. ئەوە یەکەمجارم بوو ئەو کائینە سەیروسەمەرەیە ببینم. لە هەموو ژیانمدا نە ئەوەندە بیرم لە کات کردبووەوە و نە بەو ئەندازەیە لێی ترسا بووم. لەوێ من هەزار و یەک ترس گەمارۆیان دام. لەوێ بۆ یەکەمجار بیرم لە تەمەنی خۆم، هی دایکم، هی باوکم، هی مامۆژنم و هی دراوسێ و هی عەرەبانچییەکانی شێخەڵلا و هی مامۆستا و فەرمانبەرە پیرەکانی سەر کورسییە شەقوشڕەکانی گازینۆکانیش کردەوە. وامدەزانی کەسیان نەماون. ئاخر سەدەیەک لای من نەیدەکردە دە ڕۆژی جاران، ئیتر ئێمە چۆن بەرگەی ئەم زەمەنە خێرایە دەگرین؟ لە (کات)م پرسی هەی جادووگەر ئەگەر من پشتم لەم گۆڕستانە کردووە، ئەی رووم لە کوێیە؟ بۆچی ئاوا لەناکاو ئەو ئاراستانەت لە من شێواند؟ بیرم لەو باڵندانە دەکردەوە، کاتێ منداڵ بووم، بەدزیی لە کونوکەلەبەری ماڵ بەخێوم دەکردن. دەمگوت چۆن من توانیومە دڵم بە ڕیشۆڵەیەک خۆش بێت، کە ئەوپەڕی سێ ساڵ دەژی؟ سێ ساڵ بەشی چی دەکات؟ ئەوە من بووم پەپوولە و پوشکەبەقنگەم دەگرت و لەناو سەبەتەم دەکردن، کە تەنها بەرگەی چەند دەقەیەکیان دەگرت، کەچی ئەوەندەم دڵ پێ خۆش دەبوون؟ کاتێک زەمەن ئەوەندە خێرا بێت هیچ کەسێک، هیچ ئاژەڵێک، هیچ باڵندەیەک و هیچ شتێک فریای ژیان ناکەوێ، فریای چێژ و دەرخستنی جوانییەکانی خۆی ناکەوێت. منێک خۆم بە نوێنەری ملیۆنان خەڵک دەزانی و وا چووبووە ئەقڵمەوە، کە من ئاسوودەیی بۆ دنیا دەهێنم، کەچی لەم کەمپە زەمەن دایپڵۆسیم. کاتێک زانیم زەمەن ئەوەندە خێرایە، هەستم کرد ئاسوودەیی مانایەکی نییە. پێکەنینم بە خۆم دەهات، کە من ئەوەندە پەلەی گەورەبوونم بوو. بیرم لە شوفێری ئەو تاکسییە دەکردەوە، کە جارێکیان لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی قادسیە ژنێکی دراوسێمانی بە خۆی و فەردەیەک برنجەوە گەیاندە بەردەرگا و پێی گوتم: (گچکەڵ وەرە یارمەتیم بدە). من تەنها لەبەر ئەو قسەیە چەند ڕۆژ ئازارم دەچەشت و

رقم لەو شوفێرە هەڵدەگرت. چۆن لە بەرچاوی ئەو ژنە بە من گوترا گچکەل؟ بەکورتی زەمەن بەردەوام بەرەو ناوەوەی خۆم راوی دەنام. ناچاری دەکردم دنیایەکی دیکە لە خەون و خەیاڵ دروست بکەم و تێیدا بژیم. تەنها لەکاتی نووسیندا هەستم بە ژیان دەکرد، چونکە بەڕاستی تێکەڵی ژیانی کارەکتەرەکانم دەبووم. ئەو فێڵانەم دەدۆزییەوە، کە دەیانتوانی ژیانی ڕاستەقینەم بیر بەرنەوە. ئەو تەکنیکانەی لەم چیرۆکانە بەکارهاتوون، هەموویان بەرهەمی ئەو ترسە گەورەیەی من بوون لە زەمەن و لە خێرایی و لە گۆڕان.

*** چیرۆکی نەوەی ئێوە کەمتر دیالۆگی تیایە، ئەمەش جیاوازییەکی بەرچاوە بۆ جیابوونەوەتان لە نەوەی پێش خۆتان. تۆ چ لێکدانەوەیەکت بۆ ئەم خاڵە هەیە؟**

– تێبینییەکی زۆر وردبینانەیە. چیرۆکی دوای راپەڕین کەمتر لە هی پێش ڕاپەڕین دیالۆگی تیایە. بیرت نەچێت دیالۆگ وەکو تەکنیکێکی نوێ لە حەفتاکانەوە بایەخی پێ درا. (حوسێن عارف) لە باسە گرینگەکەیدا، کە ساڵی ١٩٧٧ لەژێر ناونیشانی (شێوەکانی تەکنیک لە چیرۆکی ساڵانی دوای ١٩٧٠دا) نووسیویەتی و لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری (بەیان)دا بڵاوکراوەتەوە، هونەری دیالۆگ بە یەکێک لەو تەکنیکانە دەزانێت، کە بەشداریی لە نوێکردنەوەی چیرۆکی کوردیدا کردووە. بە بڕوای من لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەو هونەرە بە دوو ئاڕاستەی جیاوازدا ڕۆیشتووە. ئاڕاستەیەکیان پێوەندیی بەوەوە هەیە، کە ئەدەبی گێڕانەوە لای هەندێک چیرۆکنووسی دوای ڕاپەڕین بۆ شێوازە کۆنەکەی پێش ساڵانی حەفتا گەڕاوەتەوە. واتە پێش ئەوەی چیرۆکنووسانی وەکو (جەلیل کاکەوەیس، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، حوسێن عارف، دڵشاد مەریوانی، ڕەوف بێگەرد، عەبدوڵڵا سەراج، محەمەد فەریق حەسەن) و کۆمەڵێکی دیکە لەپاڵ ڕەخنەگرانی وەکو (ڕەوف حەسەن، زاهیر ڕۆژبەیانی، کەمال غەمبار، کەمال میراودەلی) و چەند ناوێکی دیکە ئاڕاستەی چیرۆکی کوردی بەرەو تازەگەری بەرن. ئاڕاستەی دووەمیان لەگەڵ پەرەسەندنی چیرۆکی سایکۆلۆژی، کە زیاتر باس لە خودی کارەکتەر دەکات، ئەم شێوازەی دیالۆگی شانۆگەری بۆ مەنەلۆژ گۆڕاوە. لە چیرۆکی سایکۆلۆژییدا زەمەن بە کۆمەڵێک ئاڕاستەدا دەجووڵێت، بۆیە هیچ کارەکتەرێک، هیچ ڕووداوێک، هیچ دیمەنێک و هیچ گوتەیەک لەبەرامبەر شەپۆلەکانی خەیاڵدا بەرگەی مانەوەی زۆر ناگرێت، بەڵکو خێرا ون دەبێت و جارێکی دیکە لە کات و شوێنی دیکە سەر هەڵدەداتەوە. گوتەی ئەوانی دیکە لای کارەکتەری سەرەکی لەلایەک بەندە بە کاریگەریی ئەو گوتەیە و لەلایەکی دیکە بەندە بە ئامرازەکانی بیرهێنانەوە. واتە دەبێت ئەو گوتەیە پێوەندیی بەو حاڵەتەوە هەبێت، کە کارەکتەری تیایە و دەشبێت شتێک ئەو

گوتەیەی بیر بخاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە لە چیرۆکی سایکۆلۆژیدا خەون و زیندەخەون ڕۆڵێکی گرنک لە ئاراستەکانی بیرکردنەوەی کارەکتەردا دەبینن، بۆیە ئەو گوتانەش گۆڕانیان بەسەردا دێت. مەرج نییە کارەکتەر قسەکانی ئەوانی دیکەی دەقاودەق و بەهەمان ڕیزبەندیی جارانیش بیر بکەوێتەوە، بەڵکو ئەو گوتانە تێکەڵ بە دەنگی کەسانی دیکە دەبن و پاش و پێش دەخرێن، بۆیە ئەو دیالۆگانە لە کۆنتێکستی خۆیان دوور دەکەونەوە و پچڕپچڕ دەردەکەون. دواجار بەکارهێنانی دیالۆگیش وەکو تەکنیکەکانی دیکەی چیرۆک و ڕۆمان هۆیە، نەوەک ئامانج. مەسەلەکە بوونی دیالۆگ نییە، بەڵکو چۆنیەتیی بەکارهێنان و هەڵسوکەوتکردنە لەگەڵیدا. من خۆم لە کتێبی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا، کە یەکێک لە ڕۆمانە چاپنەکراوەکانم و بەشێوەیەک لە شێوەکان تەواوکەری کتێبی منداڵیمە، بایەخێکی زۆرم بە هونەری دیالۆگ داوە. زۆر جار دیالۆگەکان چەندین لاپەڕەن، بەڵام ئەو دیالۆگانە لە ڕێگای فلاش باک و مۆنتاژەکانی کات و شوێندا دەرخراون. لە زۆربەی بەرهەمەکانی دیکەشمدا کەم و زۆر دیالۆگم هەر بەم شێوەیە بەکارهێناوە.

***کێشەکە ئەوە نییە چیرۆک گرینگترە یان ڕۆمان، بەڵکو ئەوەیە ئێمە لە بەرامبەر چ تێکستێک داین***

***زۆربەی ڕۆماننووسە گەورەکان چیرۆکنووسی باشیشن***

*** زۆربەی چیرۆکنووسانمان لە ئەزموونی نووسینی چیرۆکەوە چوونە ناو نووسینی ڕۆمانەوە، جگە لە بەختیار عەلی، ئەو یەکڕاست ڕۆمانی نووسی و (محەمەد فەریق حەسەن و ڕەوف بێگەرد)یش پێیان وایە هونەری چیرۆک لە هونەری ڕۆمان کەمتر نییە و پێویست ناکات چیرۆکنووس زۆر لە خۆی بکات. ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

***زۆر جار نووسەرێک لە چیرۆکێکی کورتدا بەقەدەر ڕۆمانێک مانا بەرهەم دەهێنێت***

– زۆر کەس وا تێگەیشتوون، کە سەرهەڵدانی ڕۆمان مانای لەناوچوونی چیرۆکە، کە ئەمە تێگەیشتنێکی تەواو هەڵەیە. چیرۆک چ لە ئەدەبی کوردی و چ لە ئەدەبی دەرەوەش گرینگی و پایەی خۆی پاراستووە. زۆربەی ڕۆماننووسە گەورەکان چیرۆکنووسی باشیشن. هەتا ئێستاش ڕەخنەگران نەیانتوانیوە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان چیرۆک و ڕۆماندا بدۆزنەوە. درێژی و کورتییەکەی لێ دەربچێت، هەردووکیان زۆر لەیەکتر دەچن. هەمان تەکنیکیان تیا بەکار دەهێنرێت. زۆر جار تا نووسەرێک ڕۆمانێک تەواو دەکات، چیرۆکنووسێک کۆمەڵێک چیرۆک دەنووسێت. ڕۆمانیش خۆی کۆمەڵێک چیرۆکە. بەدەگمەن ئەوە روو دەدات، کە نووسەر لە سەرەتاوە بزانێت خەریکی نووسینی ڕۆمانە، بەڵکو لەپێشدا ئەوەی دەینووسێت چیرۆکە و دواجار کۆمەڵێک فاکتەر ڕۆڵی خۆیان دەبینن، کە ئاڕاستەی ئەم چیرۆکە بەرەو ڕۆمان بەرن. مەرجیش نییە هەموو کاتێک ئەم فاکتەرانە لە خزمەتی ئەو درێژبوونەوەیەدا بن. کێشەکە ئەوە نییە چیرۆک گرینگترە یان ڕۆمان، بەڵکو ئەوەیە ئێمە لە بەرامبەر چ تێکستێک داین. ئایا کێشەی ئێمە ئەوەیە نەمانتوانیوە لە ڕێگای چیرۆکەوە تەعبیر لە خۆمان و لە کات و لە شوێن و لە سەردەمەکەمان بکەین و بە ڕۆمان دەتوانین؟ ئەوەی توانای نووسینی چیرۆکی نەبێت، بێگومان توانای نووسینی ڕۆمانیشی نییە. (بەختیار عەلی) چیرۆکنووسە، بۆیە توانای نووسینی ڕۆمانی هەیە، با ئێمە وا بزانین ئەو هیچ چیرۆکێکی نەنووسیوە. لە سەرەتای هەشتاکان هەردوو کۆمەڵەچیرۆکی (بوار) و (هەوار)ی (ڕەوف بێگەرد)م

**لەگەڵ خوێندنەوەی دڵڕەقانەم، لەگەڵ ڕەخنەی جیدییم، لەگەڵ جیاکردنەوەی ئاستەکان دام، بەڵام لەگەڵ سڕینەوەدا نیم**

**ئەدەبی فەلەستینی پڕیەتی لە توندوتیژی، هەر لەبەرئەوەشە لەوێ ئەدەب بەگشتی و چیرۆک و ڕۆمان بەتایبەتی گیرۆدەی دەستی مێژوون**

خوێندۆتەوە و ئێستاش ڕووداو و کارەکتەرەکانم لەبەرچاون. بەهیچ شێوەیەک هەست ناکەم کێشی ئەو دوو کۆمەڵەچیرۆکە لە ڕۆمان کەمتر بن. ئەو چیرۆکنووسە لە حەفتاکان لەبارەی هەندێک شتی تابووەوە نووسیویەتی و زۆر هونەرییانەش مامەڵەی لەگەڵدا کردوون. جارێکیان بە (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)م گوت من وا هەست دەکەم، تۆ مێژووی شکستی حەفتا و پێنجت لە چیرۆکی (ئەسپ)دا گێڕاوەتەوە. لە کاتێکدا ئەو چیرۆکنووسە لەو چیرۆکەیدا بە یەک وشەش باسی ئەو شتانەی نەکردووە. ئاخر زۆر جار نووسەرێک لە چیرۆکێکی کورتدا بەقەدەر ڕۆمانێک مانا بەرهەم دەهێنێت، لەکاتێکدا نووسەرێکی دیکە لە ڕۆمانێکی گەورەدا ناتوانێت ئەوەندەی چیرۆکێکی کورت شت بڵێت. هەر کام لە چیرۆکەکانی (شێرزاد حەسەن) دەگری، چەندین جار لەو تێکستانەی گرینگترن، کە دوای ڕاپەڕین ناوی ڕۆمانی لێ ناون. پێشتریش گوتوومە دیدگا بەتەنیا بەس نییە، بەڵکو خوڵقاندنی زمان و شارەزایی لە گێڕانەوە و بەکارهێنانی تەکنیکەکانیش زۆر گرینگن. من خۆم هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ناوی چیرۆک و ڕۆماندا نییە. دەمتوانی زۆربەی چیرۆکەکانم وەکو ڕۆمان بناسێنم. بۆ نموونە چیرۆکی (مەرگ لەسەر شێوازی شیعر) حەفتا و سێ لاپەڕە و (کارگەی بووکەشووشە) شەست و پێنج لاپەڕەیە.

*** لە نەوەی ئێوە لە هەولێر زۆربەیان خەریکی شیعرن، تەنیا تۆ خەریکی چیرۆکیت و لەم بارەیەشەوە کۆمەڵێک بەرهەمت هەیە. ئایا هۆی چی بوو بەلای شیعردا نەچوویت؟**

– وەکو پێشتر گوتم من سەرەتای ژیانی نووسینی خۆمم بە شیعر دەست پێ کردووە، بەڵام هەر زوو زانیم من لە شیعر سەرکەوتوو نابم. ئەگەرچی ئەوەندەی چیرۆک و ڕۆمانم خوێندبێتەوە، ئەوەندەش شیعرم خوێندۆتەوە. لە قۆناغی سەرەتایی خوێندن لەپاڵ چیرۆکدا شیعریشم دەخوێندەوە. زۆر شیعرم لەبەر بوو. لەکاتی بەیاننامەی یازدەی ئازار شوورەیی بوو ئەگەر منداڵێک سروودی لەبەر نەبوایە، یان نەیتوانیایە بە دەنگی بەرز کۆمەڵێک هوتاف بکێشێت. بە کۆڵانەکاندا دەڕۆیشتین و سروودمان دەگوت و هوتافمان دەکێشا، کە هەندێکیان لە قوتابخانە و هەندێکیان لە گەورەکان فێر بووبووین. من دیوانی زۆربەی شاعیرەکانم لە ماڵی مامم دەخوێندەوە. بیرت نەچێت کۆمەڵێک قوتابخانەی ئەو سەردەمە بە ناوی شاعیرەکانەوە ناونرابوون وەکو (بابا تاهیر)، (زێوەر)، (بێکەس)، (هەژار)، (هەردی) و زۆری دیکە و دوایی کرانە عەرەبی. ئەمەش وای کردبوو، کە ئێمە شیعرمان خۆش بوێت، وەکو کەسێکی پیرۆز لە شاعیر بڕوانین، چونکە هەستمان دەکرد ئەوانەن بەرگریی لە نەتەوەی ئێمە دەکەن. من خۆم بەشێوەیەکی سەیر ئەو شاعیرانەم دەهێنایە بەرچاو.

وامەزانی لە ئەشکەوتەکانن و دوور لە ئاوەدانی دەژین. لەوێ شیعر دەڵێن و بۆ شاری دەنێرنەوە. بۆیە گوتم شیعر دەڵێن، چونکە باوەڕم نەدەکرد ئەوان خوێندەوارییان هەبێت. بیرم نایەت من ڕۆژێک لە ڕۆژان وا شاعیرێکم هێنابێتە بەرچاوم، کە چاکێت و پانتۆڵی لەبەردا بووبێت، بەڵکو جلوبەرگیان زیاتر لە جلوبەرگی شوان و هی خەڵکی ناوچە شاخاوییەکان دەچوو. دیارە ئەو وێنانەی لەسەر بەرگی کتێبەکانیشان چاپ دەکران، ئەو هەستەیان بە من دەبەخشی. لە بیرمە ساڵی حەفتا و چوار دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە قوتابخانە تیپێکیان هەڵبژارد، کە بچین لە قوتابخانەیەکی کچان شیعر بخوێنینەوە و گۆرانی بڵێین. منیش یەکێک بووم لەو قوتابییانە. عودژەنێک هاتبوو و لەگەڵ گۆرانییەکانی ئێمەدا عوودی دەژەند. من هەروەکو جاران سروودێکم گوت، کە لە کتێبی گۆرانییەکانی (شێرزاد عەبدولڕەحمان) خوێندبوومەوە و لەبەرم کردبوو: (سوێندت بۆ دەخۆم کوردستانی جوان بە خاکی زێڕین خوێنی شەهیدان). ئاگام لێ بوو پیاوە عوودژەنەکە لەگەڵ مامۆستاکەمان، کە لە هەموو ژیانی خۆی هەر بەعسی بوو؛ کەوتنە چپەچپ. دەمزانی باسی ئەوەیان دەکرد، کە ئەم سرووده قەدەغەیە. حەز دەکەم ئەوەشت پێ بڵێم، کە من و زۆر منداڵی دیکەی گەڕەک بە بینینی (شێرزاد عەبدولڕەحمان) دەگەشاینەوە، چونکە لای ئێمە سومبۆلی هونەر و کوردایەتی بوو. حەزمان دەکرد ئێمەش وەکو ئەو ببینە هونەرمەند، بەڵام وا دیارە هەر کەسە و دەبێتە خۆی. ئیتر وردە وردە هەوڵم دەدا منیش شیعر بنووسم. باوەڕ ناکەم هیچ شاعیرێکی کورد هەبێت سەرەتای شیعرنووسینی خۆی بە نەورۆز دەست پێ نەکردبێت. منیش شیعرم بۆ نەورۆز بۆ سەرکردەکان و بۆ شاخوداخ دەنووسی. هەر ئەوساش دەمزانی زۆر لاوازن. بەڵام کاتێک شیعری کۆمیدییم لەبارەی خۆم و دەوربەرەکەم دەگوت، چ هاوڕێکانم و چ کەسانی دیکەش زۆریان پێ خۆش دەبوو. هەموویانم بە پێکەنین دەهێنا. شتێکی دیکە لە مندا هەبوو، کە وەکو لە کتێبی منداڵیمدا باسم کردووە، هەڵبەستنی چیرۆک بوو. بەسەرهاتی سەیر سەیرم لە خەیاڵی خۆم هەڵدەبەست و بۆ هاوڕێکانمم دەگێڕانەوە، هەر بۆ ئەوەی پێبکەنن، بەڵام بەراستی چێژێکی زۆرم دەبینی، کاتێک ئەوان گوێیان لە من دەگرت و قاقا پێدەکەنین. شەوان لەسەر جێگا پێش خەوتن شتەکانم هەڵدەبەست و بەڕۆژ لە کۆڵان و قوتابخانە بۆم دەگێڕانەوە. لە پۆلی دووەمی سەرەتایی لەگەڵ کوڕێکی هاوپۆلی خۆم، کە ناوی (ئازاد عەبدولغەفوور) بوو قەڵەمدادرێکم بە کتێبێکی نوکتە گۆڕیەوە. کتێبەکە بەرگی پێوە نەبوو، بەڵام بۆ هەر نوکتەیەک وێنەیەکی جوانی بۆ کێشرا بوو. ئێستاش لەبیرمە، کاتێک بۆ شەوەکەی لە ماڵەوە خوێندمەوە، چەندم چێژ لێ بینی. یەکەمین نوکتە بەم شێوەیە بوو: (مام هۆمەر) مریشکێکی هەبوو. مریشکەکە

هەموو ڕۆژێک هێلکەیەکی بۆ دەکرد. ڕۆژێکیان (مام هۆمەر) بیری کردەوە مریشکەکە سەر ببڕێت، بۆئەوەی هەموو هێلکەکانی بەجارێ دەسکەوێت و دەوڵەمەند ببێت. ئەمە بۆ منێکی منداڵ گەورەترین چێژی هەبوو. هەر ئەو ساڵە (ترش و شیرین)ی (خاڵە ڕەجەب)م لە ماڵی مامم خوێندەوە، کە هەمووی نوکتە و بەسەرهاتی سەیر بوو. دەتوانم بڵێم هەر لەسەرەتاوە چیرۆک و بەسەرهات و نوکتە زیاتر لە شیعر لە ڕۆحی منەوە نزیک بوون. ئێستاش من لەکاتی چیرۆکنووسیندا پشت بەم ڕۆژگارەی منداڵی و هەرزەکاری دەبەستم. من ئەوە یەکەمجارە بزانم، کە لە دوای راپەڕینەوە تەنها من لە هەولێر چیرۆکنووسم. بیرت نەچێت (ئەسکەندەر جەلال)ی چیرۆکنووسیش هەر نەوەی دوای ڕاپەڕینە، بەڵام نازانم بۆچی ئەوە چەند ساڵێکە بەرهەمی نییە. ئەگەرچی من بیرم نایەت خۆم بە چیرۆکنووسی شوێنێکی دیاریکراو زانیبێت. باوەڕ بکە وا دەزانم لەگەڵ (ئارام کاکەی فەللاح، ئازاد بەرزنجی، ئاکۆ کەریم مەعرووف، ئاوات محەمەد، ئیسماعیل حەمە ئەمین، توانا ئەمین، دانا فایەق، ڕێبوار ڕەحیم، ژوان ئاوارە، سەمەد ئەحمەد، سیامەند هادی، سەلاح حەسەن پاڵەوان، عەتا محەمەد، عەتا نەهایی، هەورامان وریا قانیع، نەجات نووری، یاسین عومەر، یووسف عیزەدین) و زۆری دیکە گەورە بووم. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر من لە سلێمانی هەندێک لەو برادەرانەم بۆ یەکەمجار بینی، کەچی وامدەزانی هەموو ژیانی خۆمم لەگەڵدا بەسەر بردوون. هەتا کتێبی منداڵییم بلاو نەکرابووەوە، زۆر کەس وایاندەزانی خەڵکی سلێمانیم. دەشێ ڕاستیش بێت، چونکە چیرۆکنووس لەگەڵ خەیاڵ مامەڵە دەکات و خەیاڵیش سنووری نییە. زۆربەی شارەکانی کوردستان لە مووسڵ و کەرکووک و هەولێر و سلێمانییەوە بیگرە هەتا ورمێ لە چیرۆکەکانمدا هەن. لێت ناشارمەوە من لە نووسینی شیعر زۆر دەترسم، ئەگەرچی هەمیشە هەوڵ دەدەم بە زمانێکی نزیک لە شیعر چیرۆک بنووسم. پار خەریکی ئامادەکردنی کتێبێکی منداڵان بووم بۆ (ئێڤار)ی خوشکەزام. کتێبەکە بە دانیمارکی بوو. من تێکستەکەم بە دەسکارییەوە بۆ کوردی وەرگێڕا. تووتییەک لاسایی هەموو شتێک دەکاتەوە. دواجار لاسایی دەنگی شەمەندەفەر دەکاتەوە. لە کۆتاییدا شیعرێکم لەبارەی شەمەندەفەرەوە نووسی. بۆ (هیوا قادر)ی شاعیرم نارد، زۆری بەدڵ بوو. هەروەها هاوینی پار (نازێ)ی گۆرانیبێژ داوای لە (ڕێبوار سیوەیلی) کردبوو، کە شیعرێکی لەبارەی کۆچەوە بۆ بنووسێت، بەڵام (سیوەیلی) بەهۆی سەفەرەوە کاتی نەبوو و بە منی گوت بینووسم. ئەوە بوو شیعرێکم بۆی نووسی و بەدڵی بوو. هەندێک جار بۆ خۆشی شیعر بۆ هاوڕێکانم دەڵێم. ئەوان دەڵێن هەر دەبێ بلاوی بکەمەوە، بەڵام من پێیان دەڵێم واز بێنن. ئەمە شیعر نییە، هەر بۆ خۆشیی ئێوە گوتوومە. وەرن با شیعری (ئەنوەری ڕەشی عەولا) و (ئیدریس عەلی) و (بەرزان

هەستیار) و (هیوا قادر)تان بۆ بخوێنمەوە، کە پێش بڵاوکردنەوە بۆ منی دەنێرن. نووسینی شیعر زۆر لە من دوورە. باوەڕ مەکە بتوانم شیعرێک بنووسم بگاتە خراپترین چیرۆکم. لەو کەسانەشم، کە باوەڕیان وایە لە چ بوارێکدا توانات هەبێت، باشترە هەر لەو بوارە بنووسیت. چ شیعری کوردی و چ هی دەرەوەی خۆمان دەخوێنمەوە. لەو شاعیرانەی هەولێریش (ئەنوەر مەسیفی، ئیسماعیل بەرزنجی، جەلال بەرزنجی، دانا سەعید سۆفی، دڵشاد عەبدوڵلا، سامی هادی، سەباح ڕەنجدەر، سەعدوڵلا پەرۆش، شەرمین وەلی، فەرەیدوون سامان، فەرهاد پیربال، قوبادی جەلیزادە، عەباس عەبدوڵلا یووسف، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا، کەریم کاکە، محەمەد باوەکر، حەمە عەباس، مەسعود پەرێشان، مەوجود سامان، ناڵە حەسەن، نەوزاد ڕەفعەت، نەوزاد عەلی ئەحمەد، هاشم سەڕاج، هەندرێن) و زۆری دیکەش بەبایەخەوە دەخوێنمەوە، کە هەندێکیان ئەمڕۆ لە ئاستی بەرز شیعر دەنووسن. لێکۆڵینەوەم لەبارەی شیعری (چۆمان هەردی) و (حەمە کاکەڕەش)ەوە نووسیوە. زۆر حەز دەکەم ڕۆژگارێک لەبارەی چەند شاعیرێکی دیکەشەوە بنووسم.

*** هەندێک لە چیرۆکنووسانی نەوەی ئێوە لە گفتوگۆکانیاندا زۆر بەئاسانی هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر نەوەی پێش خۆیاندا دەهێنن. پێت وایە ئەمە لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە و هەمەلایەنانە بێت، یان لە نەبوونی گیانێکی لێبوردەییانەوەیە؟**

– من یەکێکم لەو چیرۆکنووسانەی دوای ڕاپەڕین، کە باوەڕم وابووە، نەوەی پێش ڕاپەڕین داهێنانیان کردووە. من ئەمڕۆ چیرۆکنووسم، بەڵام تا دوێنێ خوێنەری چیرۆکی ئەو چیرۆکنووسانە بووم. بەردەوامیش بەرهەمەکانیان دەخوێنمەوە. من بەرهەمی نەوەی دوای خۆشم زۆر بە بایەخەوە دەخوێنمەوە. هەر ئەم ماوەیە کتێبی (بونیاد)ی (محەمەد نووری ئەحمەد)م خوێندەوە، کە نووسەرێکی گەنجە و بۆم دەرکەوت ڕەخنەگرێکی زۆر بەئاگا و داهێنەرە. تەنها ئەوەندەش بەسە، کە هەست بکەم لەپێش من و لەدوای منیشەوە داهێنان هەیە، جوانی هەیە. لە هەموو گفتوگۆکانیشمدا ئاماژەم بە ناوی ئەو نووسەرانە داوە و گوتووشمە جوانیی هەر یەکێک لەو ناوانە لە کوێدایە. تەنانەت نەمتوانیوە ناوی ئەوانەش فەرامۆش بکەم، کە لە دژی مندا قسەیان کردووە. من هەتا ئێستاش ئەو چێژەم بیر نەچۆتەوە، کە حەفتاکان و هەشتاکان لە خوێندنەوەی چیرۆکی چیرۆکنووسانی ئەو سەردەمە بینیومە. هەر لەو سەردەمە ئێمە لایەنی کەم سێ چیرۆکنووسی زۆر باشی ژنمان هەن: (ئەحلام مەنسوور)، (شیرین ک) و (نەجیبە ئەحمەد). تۆ لەناو واقیعێکی دواکەوتووی

کوردی، لەژێر کۆنترۆڵی رژێمێکی دیکتاتۆردا سێ چیرۆکنووسی چاکی ژنت هەبێت، مانای وایە لەم رووەوە بەختەوەریت. ئێوارەیەکی هاوینی هەشتا ئێمە سێ برادەر بووین، لە نزیک قەڵات کۆمەڵەچیرۆکی (پرد)ی (ئەحلام مەنسوور)مان کڕی. باوەڕ بکە لەوێوە هەتا ماڵەوە بەپێ هاتینەوە، بۆ ئەوەی من کتێبەکەیان بۆ بخوێنمەوە. ئێستاش لە بیرمە کەی و لە کوێ (پێش ئەوەی تاریک دابێ)ی (شـیرین ک)م خـوێندەوە و چەندم چێـژ لێ بینی. خـۆ ئەو لێکۆڵینەوەیەی (زاهیـر رۆژبەیانی) ئەوسـا لە پاشکۆی عـێـراقـدا لەبارەی ئەو کۆمەڵەچیرۆکەوەی نووسی، هێندەی دیکە ئەو چیرۆکانەی لە رۆحی من نزیک کردەوە. چیرۆکەکانی (نەجیبە ئەحمەد)یش بەهەمان شێوە. بەلامەوە سەیرە نووسەری دوای راپەڕین هەیە زۆر بەئاسـانی هێڵی راست و چەپ بەسـەر نووسـەرانی پێش خـۆیدا دەهێنێت. من لەگەڵ خوێندنەوەی دڵڕەقانەم، لەگەڵ رەخنەی جیدییم، لەگەڵ جیاکردنەوەی ئاستەکان دام، بەڵام لەگەڵ سـڕینەوەدا نیم. پرۆسـێسی سـڕینەوە پڕە لە ئاسـانکاری، چونکە هەر کاتێک سـڕینەوە هەیە، بیرکردنەوە و تێرامـان و خـوێندنەوە بوونیـان نییـە. لەگەڵ سـڕینەوەدا توندوتیژی هەیە، چونکە پرۆسێسی سڕینەوە بەبێ توندوتیژی جێبەجێ نابێت. ئارەزووی سڕینەوە هەمان ئارەزووی خۆپەرستییە. ئەوانەی دان بە توانای نووسەرانی دیکەدا نانێن و دەڵێن هیچ رۆشناییەک لەناو دنیای نووسینی ئێمەدا نییە، هاوکات پێیان وایە تەنها خۆیان خـاوەنی داهێنانن. هـەر ئەوانە بچووکـترین رەخنـە لە هیچ کـەسـێک قـەبووڵ ناکـەن. لەم ماوەیەی پێشوو لەگەڵ (ئارام سدیق) لەو بارەیەوە گفتوگۆیەکی لەم شێوەیەمان کرد. من ئەگـەر ناوی چەند نووسـەرێکت پێ بڵێم، کـە لەدوای راپەڕینەوە بـە گیـانێکی تۆلەرانسـانـە بەرهەمی نووسـەرانی دیکەیان خـوێندۆتەوە و لەبارەیانەوە نووسـیون، ئەوا ناوی (ئەحـمـەد محـەمـەد ئیسماعیل، ئیسماعیل حەمە ئەمین، بەختیار عەلی، رێبوار سیوەیلی، سابیر رەشید، عەتا قەرەداغی، یووسف عیزەدین)م زۆر بەخێرایی بیر دەکەوێتەوە. تۆ تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی ئەوانەت دیوە، کە هێڵی راست و چەپ بەسەر تێکرای پێش و پاشی خۆیاندا دەهێنن؟ نەخێر، نەتدیوە. ئەوانە لە شت ناکۆڵنەوە، بەڵکو لە گفتوگۆکاندا دەرفەت دەهێنن و ئەم فتوایانە دەردەکەن. ئەوانە تەنانەت دان بە توانای ئەو نووسەرانەشدا نانێن، کە لەبارەی بەرهەمەکانیانەوە نووسیویانە.

*** چۆن دەڕوانیتە ئەزموونی چیرۆکنووسانی کەرکوک؟**

– چیـرۆکنووسـانی کـەرکـووک (لەتیف حـامـیـد، ئەحـمـەد شـاکـەلی، ئەحـمـەد محـەمـەد ئیسـماعیل، جەلیل کاکەوەیس، حەکیم کاکەوەیس، عەبدوڵڵا سەراج، سەدرەدین عارف،

سەلاح حەسەن پاڵەوان، سەمەد ئەحمەد، محەمەد موکری، نەجیبە ئەحمەد) و زۆری دیکە بەردەوام ویستوویانە ویژدانی ئەم شارە بریندار و داگیرکراوە بن. من هەرچەند بیر لە چیرۆکنووسانی کەرکووک دەکەمەوە، لایەنی کەم دوو خاڵی پۆزەتیڤم دێنە بەرچاو. یەکەم: لەناو ئەو هەموو کێشمەکێشمەدا ئەوان دەستبەرداری هونەری نووسین نەبوون. دووەم: هەستی ڕەگەزپەرستی بەهیچ شێوەیەک لە چیرۆکەکانیاندا ڕەنگی نەداوەتەوە. دەتوانم بڵێم ئەو دوو خاڵە پۆزەتیڤە بە گشتی لە ئەدەبیاتی ئەم شارەدا هەستیان پێ دەکرێت. ئەو دوو خاڵە لە ئەدەبی فەڵەستینی زۆر کەم بەرچاو دەکەون. کەم نووسەریان هەیە وەکو (سەحەر خەلیفە) بە گیانێکی تۆلەرانسانە بنووسێت. ئەدەبی فەڵەستینی پڕیەتی لە توندوتیژی. هەر لەبەرئەوەشە لەوێ ئەدەب بەگشتی و چیرۆک و ڕۆمان بەتایبەتی گیرۆدەی دەستی مێژوون. مێژوو خەیاڵی بەشێکی زۆری ئەو نووسەرانەی خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. ئەمەش وای کردووە لەیەکچوونێکی زۆر لەنێوان تێکستەکانایدا هەبێت. ئێمە سەرنج دەدەین چیرۆکنووسانی کەرکووک کەسیان لەوی دیکەیان ناچێت. دیارە من بەهیچ شێوەیەک مەبەستم نییە چیرۆکی کەرکووک لە سەرجەمی چیرۆکی کوردی جیا بکەمەوە، بەڵکو تەنها مەبەستم ئەو شوێنەیە، کە نووسەرانی کەرکووک لە رابردوو و لە ئێستا لەناویدا ژیاون و تیایاندا نووسیوە. ئەو شوێنەش بمانەوێت و نەمانەوێت تایبەتمەندیی خۆی هەیە. من خۆم لەگەڵ (نیهاد جامی) لە ماسێنجەر خەریکی چاتینگ بووم، باسی ئەوەی بۆ دەکردم، کە هەندێک لە ئەکتەرەکانی بەناو تیرۆریستاندا هاتووچۆ دەکەن و دێن شانۆگەری پێشکەش دەکەن. لەو قسانەدا بووین، (نیهاد جامی) گوتی ببوورە هاوڕێم تەقینەوەیە، دەبێ بڕۆم. نووسەرانی کەرکووک بەردەوام لەناو ئەو دێڕەی (نیهاد جامی) نووسیویانە: (ببوورە هاوڕێم تەقینەوەیە، دەبێ بڕۆم). من خۆم پێش خوێندنەوە، لە ڕێگای وێنەوە چیرۆکی کەرکووکییم ناسی. ڕاستتر مەبەستم لە (بەهاری دزراو) و (مەرەزە)یە. ئەو دوو تەمسیلیە هەتا ئێستاش لە یادەوەریی ئێمەدا زیندوون، چونکە چ لە ڕووی دەرهێنان و چ لە ڕووی نواندنەوە دوو شاکاری گەورەن و لەو ڕێگایەوە ئێمە بە کۆمەڵێک ئەکتەری زۆر لێهاتوو ئاشنا بووین. ناکرێت هەر لێرە ئاماژە بە ناوی (عەبدوڵڵا قادر دانساز) نەدەم، کە چەند ساڵیکە چیرۆکی زۆر دانسقەی چیرۆکنووسانی دنیا بە زمانێکی هونەریی بەرز لە سوێدییەوە بۆ کوردی وەردەگێڕێت. (دانساز) بەڕاستی چیرۆکناسە. ئەو گیانی چیرۆک دەناسێت و دەزانێت چۆن لە کونوکەلەبەری چیرۆکدا شتی زۆر سەیر بدۆزێتەوە. (دانساز) یەکێکە لەو هاوڕێیانەم، کە من حەز دەکەم هەر شتێکم نووسی، پێش بڵاوکردنەوە بۆیان بنێرم.

کاوە حوسێن:

# نایشارمەوە منیش خەلکی ئەم وڵاتەم و زۆرجار درۆ ئەکەم بەڵام بەڕادەیەکی زۆر کەم

ئا: ڕەهێل



**هەستم بەو تاوانە بچووکانە نەکردووە کە لە منالّیا کردوومە ئێستا بەم تەمەنی گەورەییەوە دادگای ویژدانی منالّی خۆم دەکەم**

زایەڵەی دەنگێکی ناسک ودوو چاوی پڕلە فرمێسک و رووخسارێکی پڕ لە بەرائەت و بە خشندەی دڵێکی پڕ لە عەشق وخۆشەویستی و جوانی خاوەنی چەندین هۆنراوەی ناسک وباخچەیەک لە ئاواز و سەمای گوڵە ڕەنگاڵە ییەکانی وشە لە سوچێکی شارێکی بچکۆلانەی کوردستانمدا دەنگ هەڵدەبڕێ و مەستمان دەکا بۆ پەیڤە جوانەکانی و بە عەشقێکی حەقیقی و بە مانا ڕاستگۆیەکانی ژیان ئو گەنجە رووح سوکە ئەو دەنگە ناسکە لە ژێر تریفەی مانگە شەو لە ژێر دڵۆپەکانی باران و ئازاری نەدارەکانی وڵاتەکەی وباوەشی پڕ لە سۆزی دایکیدا وشەکان دەکاتە ملوانکەیەک لە خۆشەویستی وعەشق و ئەوین و دەیکاتە گەردنی هەموو عاشقانی شیعرەکانی ئەو دەنگە جوانەش (کاوە حوسێن)ی شاعیرە بەم شێوەیە بە هەستێکی جوان وبە چەند وشەیەکی پڕ لە ڕاستگۆییەوە بۆمان دووا:

*** دەڵێن ژیان دوو دڵۆپ فرمێسک و خەندەیەکی بە سۆزە بەسەر رووی مرۆڤەکانەوە، ئەم پێناسەیە تاچەند لە ژیانی (کاوە حوسێن)دا ڕەنگی داوەتەوە؟**

– ئەگەر بەڕاستی ئەوە پێناسەی ژیان بێت ئەوە من دەڵێم تەنها فرمێسکەکەی بەشی من بووە بۆ ساتێکیش بەختەوەر نەبوومە ڕەنگە ئەوەش پەیوەندیی بەو شتەوە هەبێت کە پێی دەڵێن بەخت یان پەیوەندی بە کاری خواوە هەبێ حەزی کردبێت من وا بژیم بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تارادەیەک بێ ئومێد نیم.

*** کاوە حوسێن لە هۆنراوەی (ئاهێک پڕ پە شیمانی بۆ منالی) سەرزەنشتی خۆی دەکات، بەرامبەر بە کۆلان وشەقام وباڵندەکان ئەی لە گەورەییدا سەرزەنشتی خۆی لە چی دەکات؟**

– من ئەو سەرزەنشتی منالییەی کە لە هۆنراوەی (ئاهێک پڕ بەشیمانی بۆ منالی) کردوومە منالی نەک تەنها من بەڵکو هەموو کەس منالی خۆی تیا دەخوێنێتەوە، ئەمەیە وای کردووە ئەم هۆنراوەیە تەواو بۆتە موڵکی خەڵک و خوێنەر چونکە هەموو کەس هەستی منالی خۆی لەم هۆنراوەیەدا دەخوێنێتەوە و دەبینێتەوە، بەڕاستیش ئەمە وایە من هەستم بەو تاوانە بچووکانە نەکردووە کە لە منالیا کردوومە ئێستا بەم تەمەنی گەورەییەوە دادگای ویژدانی منالی خۆم دەکەم.

*** عەشق و خۆشەویستی و جوانی لە شیعردا کامیان کاوە حوسێن داگیردەکات؟**

– من پێم وایە هیچ جوانییەک بێ خۆشەویستی بوونی نییە هەر خۆشەویستییەکیش عەشقی لەگەڵدا نەبوو ئەوە هیچ ڕاستگۆییەکی تیا بەدی ناکرێت.

*** بەڕای کاوە حوسێن شاعیران لە نوسیندا خەیاڵی یان واقیعی دەنووسن، تۆ لە کامیاندا خۆت دەبینیتەوە؟**

– من ناتوانم لە بری کەس بیری بکەمەوە یان لە جیاتی شاعیرانی تر وەڵام بدەمەوە، بەڵام من وەکو خۆم هەوڵمداوە ئەوەی بینووسم ژیانی ڕاستەقینەی خۆم بێ و تەواو واقیعی خۆم نوسیوەتەوە.

*** کاوە حوسێن زۆر باسی ڕاستگۆیی دەکات لە ژیانی خۆیدا، پێی وایە ئەو وڵاتەی ئەو تیای دەژی تا چەن مرۆڤەکانی ڕاستگۆن؟**

– من پێم وایە ئەوەی لەم وڵاتە کەس ئیشی پێ ناکەوێت ڕاستگۆییە، بەڵام من وەکو خۆم زۆر حەزم بە ڕاستگۆییە بەڵام نایشارمەوە منیش خەڵکی ئەم وڵاتەم و زۆرجار درۆ ئەکەم بەڵام بەڕادەیەکی زۆر کەم.

*** زۆر لە شاعیرە گەنجەکان لە ژێر کاریگەریی شاعیرانی پیش خۆیان دەنووسنەوە، ئایە کاوە حوسێن لە ژیر کاریگەریی کام شاعیردا دەنووسێتەوە؟**

– من تەنها کاریگەریی یەک کەسم بەسەرەوەیە ئەویش( کاوە حوسێن)ە نەک کەسێکی تر، چونکە من نامەوێت لە ژێر کاریگەریی هیچ کەسێکدا بنووسمەوە چونکە ئەو خۆی دەنووسێتەوە منیش خۆم دەنووسمەوە، بۆیە دەمەوێت من لە نوسیندا لە خۆم بچم نەک لە کەسێکی تر.

*** شیعرەکانی کاوە حوسێن هەموو بە شێوازی لیریکی نوسراونەتەوە، ئایە ئەمەیە وای کردووە زۆربەی گۆرانیبێژان هانا بۆ شیعری کاوە حسێن بێنن، یان نەبوونی شیعری گۆرانییە یان شاعیری گۆرانییە؟**

– من زۆر جار ئەو پرسیارەم لێ کراوە منیش زۆرجار بەم شێوەیە وەڵامم داوەتەوە، وتوومە من هەستی خۆم و توانای نووسینەوەی هەستی خۆم لەم شێوازەیا ئەبینمەوە، بۆیە بەم شێوازەش ئەنووسم، بەڵام من تائێستا بە تایبەت هیچم بۆ گۆرانی نەنووسیوە بەڵام زۆرجار ئاواز بۆ شیعرەکانم دانراوە و منیش وەکو خەڵک گوێم لێ بووە.

*** هەموومان پێویستمان بە شارەزایی ئەدەبی بێگانە هەیە، بەڕای تۆ تاچەن پێویستە**

**ئەدیب و نوسەری کورد ئاشنا و تێکەڵی ئەدەبی بێگانە بێت؟**

– من پێم وایە ئەو جۆرە تێکەڵییەی ئەمڕۆ لە دوونیادا هەیە بەشێکی زۆری ئەدەبیاتیشی گرتۆتەوە، بۆیە ئەدەبیاتی کوردی و ئەدەبی کوردیش پێویستە ئاشنای ئەدەبیاتی بیانی بێت، بەڵام پێویستە ئەو ئاشنایەتییە لەسەر بنەمای سوود وەرگرتن بێت نەک لەسەر بنەمای سڕینەوەی ڕەگەزە جوانەکانی ئەدەبیاتی.

*** لە کۆتاییدا پێمان خۆشە وەک دیارییەک بۆ ئێمە و خوێنەرانی گۆڤارەکەمان هۆنراوەیەکی خۆتمان پێشکەش بکەی.**

– بە چاوان

نوێ بوونەوە
عەشق زەمەنی بۆ نییە ڕۆژبە ڕۆژ نوێ ئەبێتەوە
کێ هەیە بە دڵ عاشق بێ و خۆشەویستی بیرچێتەوە
لەم زەمەنە بێ سۆزەدا با وەفا ئاشتمانکاتەوە
خۆشەویستی دەستمان بگرێ و بۆ لای عەشقمان بباتەوە
باهەناسەی ڕاستی عەشق تێکەڵاوی ژیانمان بێ
هەموو زەمەن بێ مانایە ئەگەر خۆشەویستی نەبێ
چەندە خۆشە ئەگەر تەمەن پڕ پڕ بێ لە عەشق و جوانی
خۆشەویستی ئاوازێک بێ ژیان بیکات بەگۆرانی
وەرە با هەناسەی عەشق لە ناو ڕووحمانا هەڵگرین
با لەگەڵ ئەوینا بژین، لە گەڵ خۆشەویستی بمرین

سـورخـی

# ڕەش و سپی ڕەنگەکانی تریان لەناوبرد

وام دەزانی ڕۆژەکان سەدان بەچکەی
ژیر و جوانن
کەچی تەنیا دوو قل بوون
ئەوەی ڕەش بوو
بەرد قاچی شکاند
زەردەکەشیان دووپشک کوشتی
مریشکێک لە ماندووبوون و ئازاردا
لە دایکم دەچوو
تۆ ئەگەر لە ناو قەفەسێکی دروستکراو لە لاسکە گیاشدا
دەرگات لێ دابخەن
بەسە بۆ مردنت
چ ڕۆژگارێکە
بە
دز و
جەردە و
مامۆستا و
دەستانبێژ و
پۆلیس و



هەواڵنامەی کتێب

کۆیلە و
ڕەزەوان و
خۆکوژ و
جەربەزە و
ڕۆژنامەنووس و
پیاو ماقووەکانمانەوە
دەرەقەتی نایەین
بە کەمی مەزانە ئەگەر جاڵجاڵۆکەیەک
بە وەستایی و ژیریەتی خۆی
تا ئێوارە تەندراوەکەی دەچنێت
کارێکی گران و پیرۆز و خودابییە
بە ئەنجامی دەگەیەنێت
ترسناکە گوندێکی نووستووی
ناو دۆڵێکی چۆڵ و کپ
تەنیا کۆتر و شاعیری لە خۆ بردوو بەدیاریەوەن
خۆشەویستەکەم کە عەباکەت بەخۆت دادەدەی
هەر هەمان ئەو دنیایەیە
تەنیا جیاوازیەکەی ئەوەیە
عەباکەت پەلکەزێرینەیە
بەسەرت هەڵکێشراوە
دنیا لەم هەموو جموجووڵییەی
ڕەنگ وەرناگرێت
دەنگ وەرناگرێت
مرۆڤ لە دەرەوەی ژوورەکانیانن
من و تۆش لە گۆڕەکەمانەوە
پەیفی خۆڵ و بەرد
بۆ یەکتری دەگێڕینەوە
لە پێستی خۆت و من دەکەیتەوە
تا عەباکەت بەسەرت دادەیت و بچیت لە بازاڕ
شتێکی ناسکی پێ بکڕیت



هەواڵنامەی کتێب

**بەرەو لا هاتنەوە**

بەدەم خەونەوە لە ناو ڕەشاییەکی تۆخدا
یان ژوورێکی تاریک
لە بریقە و ڕوونی چاوەکانی تۆدا بەئاگا هاتمەوە
بەدەم ئاوی بارانی ئێوارە
لەگەڵ پەڕی قەلەڕەشێک و
چەند گەڵایەک و
کۆمەڵێک کاغەزی بێ نرخ
کە شاعیرێک لە بارەگایەک نووسیبوی
بەرەو جۆگەلەیەک شۆڕبوومەوە
خۆزگە دوو چاوی ڕەشی ناوچەوانی
مراوییەک بوومایە
نیگام تەنیا
لە نانێکی نقومبووی ناو ئاوێک گیرسابوایەوە
چاوەکانت وەک دانە قاوەییەکانی
ناو سێوێکی سەوزن
کە دەمگەیەننە حاڵەتی ڕاڕایی
ڕاڕاییەک وەک کەوێکی دنیادید و سووک باڵ
لە ترسی هەڵۆ
بەچکەکانی بەباڵ و کۆش دەشارێتەوە
لە ترسان لە ژێر کراسەکەی تۆدا
لە پشت چڵێکی سەوز
خۆیان دەشارنەوە
تەنیا بەچاوەکانت پێدەکەنن
دەڵێی ئەو چڵە سەوزانەی
کە ئاوی بەهار
لە یاڵێکی سەوز و بەناز
بە ناو جۆگەلەیەکدا بەرەو لامی دەهێنێتەوە

هەمووتامەی کتێب

شیعر



یووسف لەتیف

# نامۆیی



خۆم لەو تاڵە باریکانەوە دەپێچم
کە لە پرچت تاڵ بوونەوە و کەوتنە دەم با
سەرابە بەدوویدا بگەڕێیت و هەر نەیگەیێ
خەسارە بێهودە وەدووی بکەوی و نەیگەیتێ
ئەمن لەم قەراغی عومرەوە تاخوا حەز بکا
تا چاو لە شینایی ئاسمان تەی
هەر لەو ڕۆژە جوانانە دەمێنم
کە تۆ هاتی
کە ئاوەدانییەک بووی بۆ قوڵایی تەنهاییم
***
ببورە کە نەمتوانی هەرچی هەیە
هەر هەموو چەپکە گۆرانییەکانم
هەر هەموو موچورکی تەنهایی
بۆنساردی وڵاتی خۆم

شکست و چاوەڕوانییەکانم
خەیاڵ و خەونی موسەدەقم
گۆزەی سارد و بەتاڵی تینووم
بشکێنم
هەینێ بڵێم بەیانیت باش
بە گەرووی حوزنی ئەو بولبولە سەرخۆشم
چەهچەهەی فرمێسکی خوێنینی تەنهایی و
بینی قوڵی خەمی قوڵپ ئەداو
ئەمن تەنها
ئەمن چیمە لەو خاکەی کە نەهاتە و
لەو هاتەی کە تۆی تیانیت
چیمە لەو قورینگانەی دەڕۆن و
دەڵێن عومرێکمان خەسار کە تیایدا بووین و
خەسارتر بە شوێنێک دەچین
ناتوانین کراسی ڕەشی ئەو سوتەمەڕۆیە فڕێ دەین
کە خۆمان و مێژوومانی سووتاند.
٢٠٠٨/٨/١٤



هەواڵنامەی کتێب



ڕێبین ئەحمەد خدر

# بەرچنەیەک شیعر



**شەش شاعیر**

**لەیەک کاتدا**
**لە تولە ڕێیەکی تاریکی ترسناک،**
**هەریەکەیان لە نێو دڵی هەڵاتنێکدا**
**وەک خوێن گوزەرییان دەکرد**
**ئەوان: شەش شاعیر**
**١- درەختە کۆنەکان دەفرۆشین و لە بادا دەنووین**
**٢- سەرێک لە کتێبخانەی خوا دەدەین**
**٣- پاڵ دەنێین بە هەتاو. با بارانیش بباریێ**
**٤- من سەر دەکێشم بە برووسکەدا و دەسماڵی یاری لێ دەبەستم**
**٥- لەگەڵ عەشقدا بڕۆین ناگەینە کۆتایی**
**٦- نا... عەشق کۆتایی بێت ناتوانین دەست پێ بکەین**
**ئەوان: شەش شاعیر**
**بەیەکەوە لە ڕێگایەکی سامناک**
**دەگریان و شیعر دەڕژا**

هیچیان یەکدییان نەدەناسی و دەگریان
ونبوون.

### خەونی دوور

کچەکان مەمکەکانیان
خستوونەتە بەر شنەی با
ماندوون و ئاراقە دەردەدەن
ئاسمان ڕوو دەکاتە
زەردەپەڕێکی تۆخ
لەولاوە کوڕەکان بە بۆنی
شنەباکە مەستن
ماندوون و عەشق دەردەدەن
پێ دەشتێک وێنەی دڵی منداڵ ڕوون
پێ دەشتێکی دووور



هەواڵنامەی کتێب

### ڕێگاکان

هەموو ڕێگاکانی خۆ کوشتنم تاقی کردنەوە
خۆ فڕێدان لەسەر قەنەفە
خۆ خستنە ژێر ئۆتۆمبێلێکی منداڵان
سەر خستنە نێو تەشتێکی بەتاڵ
چەقۆ چەقاندن لەسەر دڵی وێنەیەکم
عاشقبوون بە بووکە شووشەیەک
خۆ خنکاندن بە پەت لە شیعرێکدا
هەموو ڕێگاکانی خۆ کوشتنم تاقی کردنەوە و هەر زیندووم
با زیاتر بژیم ... زیاتر
بەهیوای ژیانێکی خۆش
لە نێو گۆڕستانی زیندووان دا.

## هەستەکان

سەیری ئاسمانم کرد
ئەو چۆرە ئاوەم خواردەوە
کە چۆلەکەکەی خنکاندبوو
تامی فڕینی لێ دەهات
کەوتمەوە خەیاڵی تۆ ئازیز
ئەو زنجیرەی کچۆڵەیان پێ بەستبۆوە
گوێم پێوە نا ناڵەی ئەوینی لێ دەهات
مردم و ڕۆحم هەڵفڕی
ئەو بەهەشتەی پێیان بەخشیم
پان و بەرین
سەد جار حەیف
بۆنی زەمینی لێ دەهات.

هەواڵنامەی کتێب

## شەوان

باخچەیەک لەو بەری ماڵی ئێمەیە
پەپوولەکان هاتوون بۆن بکرن
پیرەمێردە مل گرێ گرێیەکە دەخزێتە سەربان
پیلەکانی بە بەرد کوتاونەتەوە و
ڕادیۆ ئامادایە
لە هەواڵەکانی جەنگدا بێدارە و
لە کاتی گۆرانییەکاندا خەوتووە
کتێبێک لە تەنیشت قەفەسی کۆترەکان ڕاکشاوە
کێ دەڵێ ناونیشانەکەی ئازادی نییە؟
من دڵم تەنگە
دەبێت تا هەفتەیەکی تر بژیم... مانگێکی تر
سەیری ئاسمان دەکەم
حەز دەکەم دواکەس بم

ڕووی یارەکەم بە مانگ بچووێنم
گەڕان
کاتێ لێم دابڕای
زۆر بەدواتدا گەڕام
ژێر باڵی هەورەکان درزی برینەکان
ڕووباری نێو خەونەکان
زۆر گەڕام
زۆر
شەوێک لەناکاو لە تاریکاییدا
وەک دەست کوتانی کوێرێ
شتێکی سەیر ڕوویدا،
خۆمم دۆزییەوە.





هێرۆ کوردە

# هەناسەتم بۆ ڕاخە
# خەریکە ئەوین ون دەبێ

هەواڵنامەی کتێب



مناڵێک لە ناخمدایە
هەر مناڵە و گەورە نابێ،
هێرۆیەک لە ناخمدایە
هیچ لەم هێرۆیە ناچێ
مناڵێکە وەک من وڕێنە نانوێتەوە و
وڕک لە ژیان ناگرێ
وەک من
نانێ هەنگاوی شێتانە
مناڵێکە وەک
چۆلەکە
لەسەر نۆتەی ژیان سەما دەکا و
قاقا بەمەرگ پێدەکەنێ
پێکەنینی بەگریان دێ و
بەدیار پێکەنینەوە دەگرێی..
مناڵێکم ورد و بزێو

لە شعرێکا جێم بکەوە
دوو دێرم بۆ بکە جۆلانە و
هەناسەتم بۆ ڕاخە
فێرم بکە
وەک چۆلەکە
هەر ئاسمان نیشتیمانم بێ
منالێک لە ناخمدایە
ساڵ دێت و دەڕوا
ئەو قەت گەورە نابێ
هەر منالە و بۆ منالی دەدوێ
منالێکە، بەسەر تیشکدا باز دەدا و
چەمۆلە لە تاریکی دەنێ
منالێکە
لەگەڵ ئەستێرەکاندا سەما دەکا و
تریفە بە خۆیەوە دەئالێنێ
منالێک لە ناخمدایە
هاوڕێی کانییە و
پرچی ڕووبارەکان دەهۆنێتەوە
ترسی دەریاکان دەشواتەوە
لە زمانی باران تێ دەگا و
دڵی سپی بەفر دەخوێنێتەوە
بەو دەنگەت
کە هەر لە دەنگی باران دەچێت
گۆرانییەکم بۆ بڵێ و
ئەم بێدەنگییەم بشڵقێنە
لەم هەرێمەی
عەشق دۆڕا و
شەڕەکان ڕاستەقینە و

هەواڵنامەی کتێب

خوێنەکان ئاڵتر و
تفەنگەکان کوێرتر و
شەهیدەکان درۆ– درۆ
ئێوارەیەک
وەرە و
تەنیاییم ڕاوبنێ و
ئەو پەنجەرانەم
بۆ بخە سەر پشت
کە دەڕواننە سەوزایی ڕووحت
هەر نەهاتی – جانۆ
نەهاتنت
ئەم شەوەم
تاریکتر و سامناکتر دەکات
لە چاوەڕوانیتدا
نینۆکەکانی مەراقم گشت کرتاند
گومان هەراسانم دەکا
جانۆ
ئەڤینت جاویدانیم پێ دەبەخشێ
تاوەکو
با هەمیشە بەرەو ترۆپکی
زیندەگی بفڕم و
وەک، دەریا لە بزاوتن نەکەوم و
ڕووحم
سەوزی لێ بچۆڕێ
جانۆ
ئەڤینت
ئاگرێکە ڕژاوەتە قولایی ڕۆحمەوە
جانۆ

هەواڵنامەی کتێب

هەر نەهاتی
منیش قرچەی نیوەڕوانێ
ڕێ دەگرمە بەرو دەگەڕێم
لووتم بەو شەقامانەوە دەنوێنم
کە بۆنی تۆیان لێ دێ...
ئەو ئەستێرەیە دەخەمە دڵمەوە
جانۆ... کە کتومت
لە تۆ دەچێ
ئەڤینت گومانی خستۆتە
کاسەی سەرم و
بەرەو شێتبوون
پاڵم پێوە دەنێ. جانۆ شێتبوون
بە شەقامە تەنگەبەر و جەنجاڵەکانی
ئەم دەڤەرەیا
ڕادەکەم و
پڕ بەگەرووم بانگت دەکەم
گەرووم دەنووسێت
چاوە کز و ماندووەکانم
ئاماژە دەدەن کە تەواو
شێت بووم و شەقامەکان
تورم هەڵدەدەن.
کێوە چووی جانۆ؟
گەر ئەم مناڵەی ناخی من نەبێ
لەم سارایە
کێ گوڵێکی نایلۆنت لێ وەردەگرێت و
ماچێکی تەڕت دەداتێ؟ کێ؟
بۆ هەڵاتی؟
کێوە چووی لالۆ؟



هەواڵنامەی کتێب

شەقام نەما نەگەڕێم
هەسارە نەما نەیپشکنم
ئەم جەستە قورسە بەدوای خۆمدا
کێش دەکەم
بەرەو نادیار هەنگاو دەنێم
تا ونبوونت
بدۆزمەوە.
سەفەرەکانت کاڵ بکەمەوە
چ جادوویەک
لەم شەقامانە کراوە
شوێن هەنگاوێکت نەماوە
بزەیەکت
بەسەر لقی دارەکانەوە
وەک دوێنێ ناشنێتەوە...؟
ئەڤینت
وەهمێکی گەورەیە –جانۆ.
وەک
قەرەجێکی شارەزا
لە چاو تروکانێکا
تەواوی ئەم هەرێمە خوێناوییە گەڕام
لە ڕووخساری هەموو مرۆڤەکان
ورد بوومەوە
ونی جانۆ ون.
منالێکی ورد و تەنیا شەوەهای شەو
بەدرێژی ڕۆژەکان بۆت گەڕام
قژی خەیاڵەکانم
چەرمی بوون و
لۆچ کەوتە ناوچەوانی تەمەنەوە

هەواڵنامەی کتێب

کێوە چووی
سەرداری عەشقە وەهمییەکان
کێوە چووی
پێشەنگی
موسافیرە سەرەڕۆکان
بۆ بەناو باران و تۆفان
دەنێی هەنگاوی شێتانە
گەر ئەم ئەستێرەیە هەڵتنەگرێت و
ئەڤینت
نەگرێتە باوەش
ڕۆحی خۆمت بۆ ڕادەخەم
ئەی
درێژکراوەی ئازارە
درێژەکانی ڕۆحم

سەرم پڕ بووە لە ژاوە ژاو
ڕۆحیشم پڕ مەراق
ئەم دەڤەرە بۆنی مەرگی ئەڤینی لێ دێ
ئەم شارە
بۆنی ونبوونی ئەڤینی لێ دێ
وەرە دووم جانۆ
ئیتر
نەتۆ
دوای خەیاڵە سەوزەکانم دەکەوی
نە من دوای
ونبوونت
نەتۆ
بڕوات بە ئەڤین ماوە
نە من بەو نەخشە سەرابییەی بەردەستت
بەختم بەستراوە
بە سەفەرە وەهمیەکانتەوە

هەواڵنامەی کتێب

ئەم سەفەرانەت
ئەڤین بەرەو کوێ دەبەن؟ جانۆ
ئەم خەیاڵانەم
جاڕی چ چارەنووسێک دەدەن؟
لەو دیوی وەرزەکانەوە
ئەڤینمان
بێزاری نمایش دەکات
ئەم ڕێگا تەسکانە
بەرەو کوێمان دەبەن
خەریکە ئەڤین ون دەبێ
پەنجەرەی ئەم گومانە داخە و
دەرگایەک
بەڕووی ئەڤینمان بکەرەوە
مەودای نێوان من و تۆ
سەفەرەکانتە
مەودای نێوان تۆ و من
خەیاڵەکانمە



هەواڵنامەی کتێب

مناڵێک لە ناخم دایە
بەدیار جەستەی شەکەتی ئەم ئەڤینەوە
دەگرێ.
مناڵێکە سنووری سەفەرەکانت
کاڵ دەکاتەوە و
نەخشەی نیشتمانێکی سوور سوورت
لە گیرفان دەنێ.
مناڵێکە لە سەفەر تۆقیوە و
دۆستایەتی سنوور ناکات
ئەمە چ چارەنووسێکە
ژیان پیربوو تۆ نەهاتی
وەرزەکان کاڵبوونەوە
تۆ نەهاتی

مردن فرسەخێک لێم دوورە
جانۆ- تۆ هەر نەهاتی و نەهاتی
چ چاوەڕوانییەکی جاویدانە.
حەزێکی شێتانە
تۆ ناوت ناوە سەفەر
وەهمێکی گەورە
من ناوم ناوە عەشق و
شەوارەی بۆ دەگرم و
بەدوای ونبوونی دەگەڕێم
چ جادوویەکە من

لەناو تەمومژی ئەم ئەڤینەدا
بەزیندوویی دەهێڵیتەوە.؟
ژیان بیابانێکی بەرینە
ئەڤین خەریکە دەخنکێ
ژیان تەمێکی سارد و چڕە
خەریکە ئەڤین ون دەبێ
چ جادوویەکە
ئەم ژیانە بەرۆکم بەرنادات
مەرگ - دەمێکە ماتڵمە
کوا ئەمە خەونی من بوو
تابووت بۆ ئەڤینمان سازکەم؟

جەستەم بۆنی مەراقێکی قووڵی لێ دێ
خەونەکانم
بۆ دارستانی سووتاو.
مناڵیم نابەڵەد بەخۆم
هەنگاوەکانم
نابەڵەدتر بە نیشتمان
ئەڤینمان چ خەونێکی ڕەنگین بوو
ئەڤینمان چ مۆتەکەیەکە.
با ژیان ڕووت بکەینەوە

تا ڕەنگەکانی ببینین.
بڕیاری چ بێدەنگییەکی
قورست داوە، جانۆ
مەرگ بە بەردەمت دێت و دەڕوا
من تەزوویەکی سارد
جەستەم دەکاتە شەختە و
تۆش بێباک، بێباک
لێی دەڕوانی.
چ – موسافیرێکی وێڵ و شێت
لە دەست ژیان هەڵدێی
ژیان توندتر
بەسنگیەوە دەتنووسێنێ.
مناڵێکم
تەنیا و
بێکەس و
بێ نەخشە
گەر تۆ نەبی
کەس هەناسەییم بۆ ڕاناخات
مناڵێکم ناحاڵی لە مانای ئەڤین و ژیان
مناڵێک
دوژمنی پێکەنین و
دۆستی هەرە نزیکی گریان
رووحتم بۆ ڕاخە
خەریکە ڕۆحم دەردەچێ
هەناسەتم بۆ ڕاخە
خەریکە ئەڤین
ون دەبێ



تەمموزی ٢٠٠٨

چیرۆک



فەیسەڵ هەمەوەندی

# کۆنسێرتی دەف ژەنەکان

هەواڵنامەی کتێب

دەفەکەم دا بە ئەرزاو هەلا هەلام کرد. دەمویست ئەو دەنگانە کوێرکەمەوە کە شەویان لێ هەراسان دەکردم. رەنگە بە قەستی شکانیش نەمویستبێ بیشکێنم، ئیدی کە هات بەدەستما، چی لێ بکەم، وای لێ هات. ئەم هەڵانە لای مرۆڤ زۆر جار دووبارە دەبنەوە، هەیە لەدەستی دەردەچێت و مرۆڤێک دەکوژێ، هەیە ئاگر لە ماڵێک بەردەدات، هەشە کچێک ئەتک دەکات، هەشە بە ژنی هاورێکەی فێر دەبێت و. . .



شکاندم و برِایەوە. دەفەکە دەفی بابامە. بابام. . بە سەرو سیما لە هونەرمەندێکی بیانی دەچێ، بە سەرو سەکوتیش لە دەروێشێکی ریش چەرمووی پرچ درێژی لای خۆمان دەکا. ئەو نە دەروێش و نە موریدی هیچ شێخێک نەبووە، بەدەم دەف لێدانەوە لە دەروێشانیش زیاتر حاڵی لێ دەهات.

ئەو منی نەبینیبوو، کە دەفەکەم شکاند، رەنگە مەزەنەی منیشی کردبێ، وەلێ راستەوخۆ هیچی لا نەدرکاندووم، ئەو گووتبوی :

«ئەوەی دەفەکەی شکاندووم. . هەقی خۆی بووە، رەنگە بە دەفەکەی من قلّس بووبێ».

ماڵی ئێمە وەک بنکەیەکی هونەری لێ هاتبوو، رۆژ نەبوو گەنجەکان سەردانی بابام نەکەن، لەمەڕ فێربوونی لێدانی دەفەوە. بابام بەهرەیەکی گەورەی لە دەف لێدان تیایە، وەک لە ناو خەڵکیدا باوە دەڵێن دەفی دەهێنایە قسە.

من بەوە قـــڵس دەبووم، شـــەوان دەنگی دەف لام دەبوو بە هاواری ژن و منال، هاواری ئەوانەی رووحیان لەبەر دادەماڵرا، هەستم دەکرد نەدەبوو دەفەکە بشکێنم، بەلاّم نەش دەبوو نەیشکێنم. هاورێکانم ناراستەوخۆ سیخوڕی باوکمیان دەدایەوە گوێم. باباشم رووحی ئەو ژن و منداڵانەی ئامادە دەکرد، کە باوکم دەستێکی هەبووە لەو تاوانانە. شەوان لە بن بەتانیەکەوە گوێم لە زەڵە زەڵ و هات و هاوارو پاڕانەوە دەبوو، گوێم لە راکە راک و قرمەی دەف بوو، بەســەر دەست و پێــمــدا دەکـــەوتن، بابام نەنووســتــبــوو، چاوی بە دەفــە بەدارەوەبووەکەوە بوو، باوکم لەژوورەکەی خۆی بە پاڵ دایکمەوە یا نووستبوو یا دەیویست بنوێ، هاورێکانم لە ژوور سەرمەوە رووت رووت راوەستابوون و دەفیان لێدەدا، ژوورەکەم پڕببوو لە ئەستێرەی کوژراو. .

جارێک مامۆستا لێی پرسیم: دوا رۆژ حەز دەکەی ببی بەچی؟

هەر بۆ فیز وتم: دەف ژەن

لەو رۆژەوە ئەو نازناوە دابڕاوەتە سەرما. ناچاربووم فێری دەف لێدان بم، تا ئەو نازناوە نەدۆڕێنم کە بەهرەیەکی دیارە لەناو جەماوەر، تا هەندێ لە پلاری هاورێکانیشم کاڵ کاتەوە. ئەمە ئەوە ناگەێنێ دەفەکە نەشکێنم.

بابام لە هیچ حوجرە و قوتابخانەیەک دەف لێدانی نەخوێندووە، کەچی بە قەد ئەحەی کۆترە مل قسەی لە مەڕ هونەرەوە دەزانی، بابام دەیگووت:

بە قسەی بابام بێ، دەف جۆری زۆرە، دەفی پێستەی کاوڕ. . کە یەک ساڵەی لە دووساڵە جیاوازترە لە لێدان، پێستەی رێوی تەڵەوازانە دێتە لێدان و هی ئاسکیش وەک هەنسکێکی خنکاو. بەو دەنگانە دەچوومـــەوە لای زەڵە زەڵ و هات و هاواری ئەوانەی شـــەوان دەهاتنە ژوورەکەی من و بابام. . کە خوێنی خۆیان دەساوییە دەفەکەو ناخی خۆیان لەسەر پێستەی دەفەکە خاڵی دەکردەوە

بیرمە ساڵێ. . بەشداریم لە کۆنسێرتێک کرد. . کە تایبەت بوو بە بۆنەی ئەو قەدەرە

شوومەی بەهاری رەش کردین، جوانیەکانی سرووشتی ژاکاند، ئەو نەهامەتییە خورافاتەکانی بەسەردا هێنابنەوە. تا حاڵگرتن پەنجەکانمان وەک سمی ئاسکی هەڵاتوو، بەسەر پێستەی دەفەکانمانەوە چوون گێڕانەوەی مەتەڵەکانی وەرینی چۆلەکەکان لە وەرزی رەشدا ئاوادەبوون، ئێمە دەتواینەوە، ئامادەبووان قرو قپ گوێیان بۆ دەفەکان شل کردبوو، تا گرگرتن لێماندان ئەوانیش بەردەبوونەوە. دەفەکان شێوەی مرۆڤەکانیان وەردەگرت، وەک بارانی ئەستێرە دەهاتنە خوارو لەسەر زەمیەی هەڵبزرکاو بڵاچەیان دەداو دەکوژانەوە، بابام لەودیوی بڵاچەکانەوە مەتەڵەکانی دەگێڕایەوە:

« ئەمە پێستەی کچێکە بەر لەوەی ژووانێک دابەستێ،پێستیان لەبەر داماڵی. ئەمەشیان پێستەی ناو پێستەیە بۆ ئەژدیهاکانی زووحاک کرا بە دیاری. ئەمیتریان. . . ئەویتریان. . .».

زیکرو تەهلیلە ئەو شەوە لە تەک زەرک و شمشێر گەیشتبووە حاڵێک سەمای بە بەر مەمکانەوە دەکرد. لەودیوی جیهانێکی خەفەکراو بەدیوێکی تری کارەساتەکە، لەوێ کە پاڵەوانەکان گوێیان بۆ دەنگی دەفەکان رادێرابوو، سەحرایەکی کپ نوشتابووەوە لای داڵغە قووڵەکانی ئەودیوی میحراب و سەرزەنشتیەکانی کۆ دەکردەوە، بێئومێدی سەری هەموویانی نابووە لای یەک و بیریانی دەخستەوە بێجگە لە پیاچوونەوەی رابردوو هیچیان بۆ نەماوەتەوە. هەر یەکەو بە ناونیشانێک گەڕابووەوە لای ئەو رۆژانەی بەناخۆشیەکانیشیەوە جوان بوون.

پیاوێکی رەشتاڵەی ئەمووستەچاو لە ژوور سەریانەوە راوەستا و چاوێکی پیایاندا گێڕا بێ ئەوەی هیچ بڵێ یەکێکی دایە دوای خۆی و وەک گورگێ بردی. من دەزانم چی دەفەکەی پێ شکاندم، دواتر زۆر گریام، بێسوود بوو، تازە شکاو هەڵا هەڵا بوو.

لەیەکرا دەفەکانمان بە یەک ریتم و یەک بەرزبوونەوە لێدا، ئامادەبووان قرچەی دڵیان دەهات، بە هێوری دەنگی دەفەکانمان نزم کردەوە، تا لە یەکرا دەنگ لە هۆڵەکە نەما. ئێمە چاوەڕانی هیچ قسەیەک نەبووین لە ئامادەبووانەوە، ئەوانیش لە حەپەساویدا بوو یا هەر شتێکی تر، وەلامێکیان نەبوو، تا یەکێک پەردەی ئەو بێدەنگییەی بە چەپڵە هەڵدڕی، ئێدی ئامادەبووان دوا بە دوای یەک گۆڕەپانەکەیان بە چەپڵە لێدان قاوکرد.

ئێمە نووشتاینەوە بۆ رێزی ئامادەبووان، لەبەر پێشمانەوە ژن و مناڵ و پیر خوێنی پەنجەکانی ئێمەیان لەسەر شانۆکە وەردەدا. من هەموو ئەو کارەساتانەم دی، کە بەسەر دەفەکەی بابامدا هەموو شەوێ دادەهاتن.

ئەو زاتەی سەرنجی راکێشام و لە ریزی پێشەوەی ئامادەبوواندا دانیشتبوو، بە هەموو دڵێکەوە چەپڵەی لێدەدا، دواتر منی خستە سەر ئەوەی دەفەکە بشکێنم. . باوکم بوو.

چیرۆک



گوڵبەن شەریف

# سپێدەی تیرۆر



لە بەرەبەیانێک و لە ناو پەردەی زاوایەتی بە تورەبوونەوە هەستا و ئەو دەمانچەیەی وا بۆ خۆکوشتنی خۆی دابنابوو لە چەکمەجەدا دەریهێنا، فیشەکی سوارکرد و لەسەر ناوچەوانی سپێدە ڕایگرت!.

سپێدە وەکو کەسێک کە چاوەڕوانی هەڵوێستێکی لەوجۆرە لە بەرانبەرەکەی بکات گوتی:

– تکا دەکەم پەنجەی پێدا بنێ!.

بەهۆی ماندووبوونیان لە ئاهەنگ گێڕانی گواستنەوەی سپێدە بۆ هێدی، لە دەرەوە هەموو گەڕەک کپ و خامۆش بوونە و بێدەنگی وەکو سێبەری دووکەڵێکی ڕەش خۆی داوە بەسەر گەڕەک و جیهانێکی کۆنی بۆ خۆی داگیر کردووە.

بەنەیەکەی موسەوی کە سپێدە کردبووی بەزەنگی مۆبایلەکەی لەو خەونە ناخۆشەی کە دیتبووی بەئاگاهاتەوە، ئەو زۆرجار خەونێکی دەدیت. لەم خەونەدا خۆی کچێکی منداڵە و پڕ بەگەرووی دەگری و کوڕێکیش هەندێک لە خۆی گەورەتر، لە بەرپێی کەوتووە و شیشێک لەسەر دڵییەوە دەرچووە و خوێنێکی زۆری لێ دەڕوا. تەماشایەکی ناوی سەر مۆبایلەکەی کرد، هەندێک تێڕاما و ئەو کاتەی بەبیرهاتەوە کە لەگەڵ هێدی خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆ گێڕانی ئاهانگی گواستنەوەیان، بەهێدی گوت:

– دەزانی زەمەن گەورەترین شتێکە کە نهێنییەکان هێواش هێواش ئاشکرا دەکات، من حەزدەکەم کە تا ئێستاش هیچ نەبووە پەشیمان ببیتەوە!.

هێدی هەرچەندە تەمەنی نزیکەی دە ساڵێک لە سپێدە گەورەتر بوو بەڵام بەسیمایدا دیارنەبوو، بەڵکو زۆر هاوتەمەنی یەکتر دیاربوون، هەڵمەت ئەمەش بۆ کچە هەژارێک و کوڕێکی خۆشگۆزەران زۆر ڕەوایە، هێدی گوتی:

– گیانەکەم من کۆششێکی زۆرم کردووە تا تۆ بەدەست بهێنم و هیچ شتێک ناتوانێ من پەشیمان بکاتەوە، تکادەکەم جارێکی تر ئەم وشانە دووبارە مەکەوە.

سپێدە گوتی:

– بەڵام هێدی گیانە دەبێ بزانی تۆش کوڕی ئەو کۆمەڵگەیەی، لە زۆر شت نابووری.

هێدی گوتی:

– من تێناگەم چ دەبێ هاوسەری من یەک دەستی هەبێ؟، ئەمە کەی گرفتە، من هەمیشە تۆم وەکو خۆشەویستێکی هەتاهەتایی هەڵبژاردووە، لێگەڕێ زەمەن چیی پێ دەکرێ با بیکات، دەزانی.... زۆر بێباکم!.

سپێدە فرمێسکەکانی لە چاوانیدا قەتیس مان و بەگەروویەکی تاساوەوە ئاهێکی قوڵی

هەڵکێشاو چاوە خەنەییەکانی بڕییە ناو چاوی هێدی و گوتی:

– زەمەن ئەو دایکە بەسۆزە نییە وا بیری لێ دەکەیتەوە. ئەمجا گۆناکانی سوورهەڵگەڕان و گوتی:

– بەڵام نهێنێک لە ژیانمدا هەیە پێویستە بیزانی!

هێدی گوتی:

– پێویست ناکات

سپێدە هەر بەردەوام بوو لە قسەکانی و گوتی:

– ئاخر دەبێ ئەوە بزانی من کاتێک منداڵ بووم...

هێدی نەیهێشت سپێدە قسەکانی تەواو بکات، بەهێواشییەوە دەستی نایە سەردەمی سپێدە و بەزەردەخەنەوە گوتی:

– گوتم پێویست ناکات هیچ بڵێی!.

چەندین جاربوو سپێدە دەیویست شتێکی خۆی بە هێدی بڵێت بەڵام لە هەموو جارێکدا هێدی دەستی لە سەردەمی سپێدە دادەنا و نەیدەهێشت قسە بکات.

سپێدە بەدەستی چەپەی مۆبایلەکەی هەڵگرتوو نای بەگوێی چەپەیەوە و گوتی:

– بەڵێ هێدی گیان...

– بەیانی باش خۆشەویستم... دەڵێی تازە لە خەو هەستاوی؟

سپێدە گوتی:

– ڕاستییەکەی بەڵێ لەگەڵ سەدای مۆبایلەکە بەئاگاهاتمەوە.

هێدی گوتی:

– باشە گیانەکەم، من هەموو کەرەستەی ئاهەنگەکەم ئامادەکردووە و وا دەیبەمەوە، حەزدەکەم بێیت.

سپێدە بەگرانییەکەوە گوتی:

– باشە... ماوەیەکی دیکە دێم.

مۆبایلەکەی داخست.

هێدی هەموو لەشی ئارەقە بوو، هەموو هێزی خۆی لە پەنجەی کۆ کردبووە و دەیویست ئەو فیشەکەی وا سواری کردبوو ناوچەوانی سپێدەی پێ بتەقێنێ، سپێدەش کە چیتر ترسی ڕەویبووەوە، چاوەکانی داخستبوو، دووبارە گوتی:

– تکادەکەم پەنجەی پێدا بنێ!.
سپێدە مۆبایلەکەی لە تەنیشت خەوگەکەیەوە دانا، هەستا و خەریکی خۆئامادەکردن بوو بۆ ئەوەی بڕوات بۆ لای هێدی، لە ئاوێنەکەوە چاوی کەوتە سەرقۆڵی ڕاستی کە بەبێ دەست وەکو کۆتاکەی سووتابێ دەهاتە پێش چاوی.
دکتۆر بەگریانەوە گوتی:
– ١٠ ساڵە.
سپێدەش لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەی هاواری دەکرد، بەرەو هۆڵی نەشتەگەری دەیانبرد، کاتێک لە قاوشدا بەئاگاهاتەوە دەستی ڕاستەی بەتوندی بەلەفافێکی سپی پێچرابوو!. دایکی لە تەنیشتێوە بەجلەڕەشەکەوە سەری لە ناو دەستەکانی خۆی شاردبووەوە، لەبەو خۆیەوە دەیگوت:
– ئەی هاوار چیمان بەسەرهات، بۆ دەبێ وامان لەسەر نووسرابێ خودایە؟، ئیتر ئەم نەگبەتە دەبێ چی بکات؟.
سپێدە بانگی لە دایکی کرد:
– دایکە... دایکە
دایکی بە داخورپانەوە سەری هەڵبڕی و تەماشای سپێدەی کرد.
سپێدە گوتی:
–دایکە چیم لێ هاتووە؟
چاوی لە دەستە پێچراوەکەی کرد و گوتی:
–دایکە بۆ وا هەست دەکەم دەستم پێوە نییە؟ دەستم چیی لێ هاتووە؟.
دایکی بەگەرووی دانوساوەوە گوتی:
– بریا مردبای... بریا مردبای.
سپێدە لە ئاوێنەکەوە فرمێسکەکانی تروسکی ئەدا، دایکی دەستی نایە سەرشانی و گوتی:
– ها سپێدە بە (هێدی)ت گوت؟
سپێدە هەر لە ئاوێنەکەوە چاوەکانی داخست، وەکو بێت بۆ دایکی.
دایکی گوتی:
– باشە کچەکەم خەمت نەبێ من لەگەڵ دایکی (هێدی)دا قسە دەکەم و تێی دەگەیەنم!.

هەواڵنامەی کتێب

سپێدە وەکو کەسێک بەتوندی شتێک بەرسەری کەوتبێت بەپەلە ئاوڕی دایەوە و گوتی:

– نا دایکەگیان.. من حەزناکەم دایە حاجی هیچ شتێک بزانێ، من خۆم هەموو شتێک بەهێدی دەڵێم، دایکە تکادەکەم.. خۆ هەڵبەت دایە حاجی پرسیارت لێ دەکات لە چییەوە وام لێهاتووە!.. ئەوکاتە چی دەڵێیت؟.

دایکی کە قسەکانی سپێدەی زۆر بەلاوە پەسەند بوو گوتی:

– بەڵام خۆت دەزانی کاتمان زۆر بەدەستەوە نەماوە و لە کاتی مارەبڕینەکەشدا هەر لەسەر قسەی خۆت من هیچم نەگوت، ئێستاش گەر پێش وەخت پێی نەڵێیت کارێکی باش نابێت و شەرمەزار دەبین.

سپێدە زۆر بەمتمانە بەخۆبوونەوە گوتی:

– دایکە گیان خەمت نەبێ، بەڵام تکادەکەم هیچ شتێک بە دایە حاجی مەڵی، من خۆم ئەو کێشەیە لەگەڵ هێدی یەکلادەکەمەوە.

پاش ئەوەی سپێدە خۆی ئامادەکرد دەرگای ماڵەوەی لە پشتی خۆی داخست.

هێدی کە ئێستا عارەقەی لێ دەچۆڕا و دەمانچەکەی ڕوو بەسەری سپێدە ڕاگرتبوو زمانی نەدەهاتە گۆ هیچ بڵێت، سپێدە گوتی:

– پێم نەگوتی زەمەن ئەو دایکە بەسۆزە نییە وا بیری لێ دەکەیتەوە!، تکادەکەم بمکوژە!. بڕوابکە باشترین خۆشەویستیت بۆم دەبێ گەر بمکوژی.

هێدی لە ناو ئەو دوکانەی وا کەرەسەکانی لێ کڕیبوو، چاوی بڕییە دەرگاکەی و بینی سپێدە وا دێتە ژوورەوە، لە شوێنی خۆیەوە بانگی کرد و گوتی:

– سپێدە، سپێدە... وەرە باش بوو هاتی.

پاشان کەرستەکانیان کردە ناو تاکسییەکەوە و بەرەو ماڵ ڕۆیشتنەوە، لە ڕێگا سپێدە هیچی نەگوت، تەنیا هێدی گوتی:

– گیانەکەم داوای لێبوردنت لێ دەکەم!

سپێدە لەم داوای لێبوردنە تێنەگەیشت، بەڵام هیچی نەگوت.

نیوەڕۆیەکی هاوین سپێدەی تەمەن ١٠ ساڵ لەگەڵ منداڵێکی هاوسێی خۆیان لە سەربانی ماڵی ئەوان یارییان دەکرد، دایکی سپێدە لەو کاتەوەی کە چەند مانگێک پێش ئێستا پیاوەکەی لە تەقینەوەیەکدا گیانی لەدەستدا بوو خۆی ئیشوکاری دەکرد و ڕۆژانە سپێدەی لە ماڵەهاوسێکەیان بەجێ دەهێشت. ئەو نیوەڕۆیە کە لەگەڵ سەردار یارییان دەکرد، دەستی یەکیان گرتبوو، سەردار چوار ساڵ لە سپێدە گەورەتر بوو، لەو ژوورەی وا

لە سەربانیماڵی سەردار بۆ کەرەسەی زیاد درست کرابوو.

– یارییەکی نوێم هەیە حەزت لێیە؟

سپێدە بەدڵ پاکییە منداڵانەکەی خۆیەوە گوتی:

–دەی بابزانم چییە؟

سەردار گوتی:

تۆ خۆت بشارەوە و من هەوڵ ئەدەم بەچاوبەستراوییەوە بتدۆزمەوە، باشە؟.

سپێدە گوتی:

– باشە.

لە دەرەوەی ژوورەکە سپێدە چاوی سەرداری بەستەوە و یەک دووجار بەدەوری خۆیدا سەرداری خولانەوە و گوتی:

–دەی وا خۆم دەشارمەوە.

سپێدە چووە ژوورەکە و لە ژێر بەتانییەک کە لە ژوورەکەدابوو خۆی شاردەوە.

هێدی دەستی لەسەر دەمانچەکە دەلەرزی و بەتوندی هاواری کرد و گوتی:

– بۆ پێشتر پێت نەگوتم؟.

سپێدە گوتی:

– تۆ دەرفەتت پێ نەئەدام... ئێستاش کاتی هاتووە، گەر دەتەوێ هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم!.

هێدی کوتی:

– من وا گوێ دەگرم، هەرچەندە هیچ لە کێشەکەش ناگۆڕێ.

سپێدە گوتی:

– نەمگوت تۆش کوڕی ئەو کۆمەڵگەیەیت و لە زۆر شت نابووری... لەگەڵ ئەوەشدا من ئامادەم.

ئەو ڕۆژە هەموو ئامادەکارییەک بۆ ئاهەنگێرانەکە کراو دەمەو ئێوارە ئاهەنگ دەستی پێ کرد و تا درەنگانێکی شەو بەردەوام بوو، هێدی و سپێدەش پاش خواحافیزی کردنیان لە مێوانەکان چوونە ژوورەکەی خۆیان. چەند ساتێکی کەم پێش ئەوە دایکی سپێدە بەچپەوە بە سپێدەی گوت:

– کچەکەم تەواو.. هێدی هەموو شتێک دەزانێ؟.

هەولێرنامەی کتێب

سـپـێـدە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، بەتوندی هەردوو دەسـتی دایکی گـرت، چاوە ترساوەکانی تێبڕی و گوتی:

– دایکە.. هیچ دەرفەتێکی پێ نەدام!.

دایکی تەواو ڕەنگی گۆڕا و گوتی:

ئەی هاوار.. دەنا هیچ دەرفەتێکش نەماوە لەگەڵ دایە حاجی قسە بکەم.. خوا ڕەحم بکات.

هێدی کە دەستی سپێدەی گرتبوو، هێواش هێواش ڕایدەکێشا، سپێدەش تا تەواو دوورکەوتەوە هەر بەبێ ئومێدییەوە تەماشای دایکی دەکرد.

دایکی سـپـێـدەش بەوپەڕی دڵەڕاوکێـوە لە مـاڵی خـۆیانەوە دەسـتی بۆ ئاسـمـان بەرزکردبووەوە، لە خوا دەپاڕایەوە کە تاقە کچەکەی بپارێزێ!. ئەو ڕۆژەی دوو ساڵی لەمەوبەری بەبیردەهاتەوە کە بەیانییەکی بەهار لە دەنگە دەنگی پۆلیس بەئاگاهاتەوە بەتوندی لە دەرگای ماڵی هێدیان ئەدا، چووە دەرەوە بینی پۆلیسێکی گەنج لەگەڵ دایە حاجی دایکی هێدیدا قسەی دەکرد. بەڵام تا ئێستاش نەیزانی پۆلیس بۆچی ماڵی ئەوانیان گەمارۆ دا.

لە ژوورەکەیاندا هێدی تەماشای کرد سپێدە لە پێش ئاوێنەکە ڕاوەستاوە و فرمێسک لە چاوەکانێتی و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە.

سەردار بەچاوی بەستراوەوە خۆی کرد بە ژوورەکەدا و بانگی دەکرد:

– سپێدە سپێدە.

سـپـێـدەش لە ژێر بەتانییەکەوە نەتەقی لە خـۆی بڕی بوو، لە کاتێکدا سـەردار بەتانییەکەشی لە سەری لادا و خۆی دایە بان سپێدە و گوتی:

–دۆزیتمەوە..

ئیدی لەو کاتەی کە سەردار خۆی دابووە بان سپێدە، حەزێک و ئارەزوویەک لە ناویاندا گوزەری کرد، سەردار زیاتر لێ توندکرد و وردە وردە بە نەزانی خۆیان تێکەڵی یەکبوون، پاش چەند ساتێکی کەم سپێدە خوێن بەقاچەکانیدا هاتە خوارەوە، سپێدە کە خوێنە چۆڕاوەکەی سەرقاچی خۆی بینی ئازارێکی زۆر توند لە دامێنیدا هەستا و بە توندی دەستی بەگریان کرد، سەرداریش کە نەیدەزانی چی ڕووی داوە لە ترسا دەستی لە سەردەمی سپێدە دانا و گوتی:

بەڵام سپێدە هێندە بە توندی پاڵێکی نا بە سەردارەوە، سەردار بەپشتدا کەوتە سەر ئەو

شیشەی وا لە تەنیشت دەرگاکەوە بەستوونی بۆ پێوەدانی دەرگاکە چەقێنرابوو، دەمودەست شیشەکە لە سەردڵییەوە دەرچوو! . سپێدە کە ئەمەی بینی ئەوەندەی دی شێوا و بەڕاکردن لە سەرەوە بەربووەوە، لە خوارەوە بەتوندی دەستی ڕاستی گیربوو لە شیشە چەقێنراوەکەی لێواری سێیەم پەیژە، کە کەوتە ناو حەوشەکەوە هەستی بەئازارێک و سەرسووڕخواردنێک دەکرد، زۆر بەگرانییەوە هەستایە سەرپێ و چاوی کەوتە سەر ئەو ئاوێنەیەی وا لە سەرووی دەسشۆرەکە و لە ژێر پەیژەکەدا هەڵواسرابوو، تەماشای پرچی شێواوی خۆی کردو چاوی کەوتە سەر ئەو دەستەی کە ئەوەندەی نەمابوو لێی ببێتەوە تەنیا بەپێستەکەیەوە مابوو و خوێنی لێ دەچۆڕا .

سپێدە هێندە بە چڕی لە ئاوێنەی ڕامابوو سەری سوڕا، ئەوەندەی نەمابوو بکەوێت، بەڵام هێدی گرتییەوە و دەستی گرت و بردییە سەرخەوگەکەیان.

هێدی چاوەکانی زەق ببوونەوە و دەیویست دەماری ئەو پەنچە لەرزۆکانی ڕاکێشێتەوە کە دوو ساڵ بەر لە ئێستا ویستی پەلاپیتکەی دەمانچەکەی لەسەر مێشکی خۆی ڕابکێشێتەوە، بەڵام سەدای دەنگە نەرمەکەی سپێدە پەشیمانی کردەوە، ئەمەش ئەو کاتە بوو کە سپێدە هاتبوو بۆ لای دایە حاجی هێدی، ئاخر دایکی هێدی ئەوەندە بەڕێز بوو هەموو خەڵکی گەڕەک خۆشیان دەویست، سپێدە لە هەمووان زیاتر، لەوکاتەی کە هێدی دەیویست خۆی بکوژێت گوێی لێ بوو سپێدە بەدایکی گوت:

– دایە حاجی گیان، ئەی کاک هێدی چۆنە؟

هێدی دەمانچەکەی لە دەستی هێنایە خوارەوە و لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە، تەماشایەکی سپێدەی کرد، سپێدەش تەماشای کرد هێدی هەردوو چاوی سووربوونەتەوە و ڕیشی زۆر درێژ بووە، ڕووی لێ کرد و گوتی:

–کاک هێدی چۆنی؟

هێدی هەروا تەماشای دەکرد و پاش ماوەیەک گوتی:

– زۆر سوپاس، باشە هێشتا کەسێک هەیە لەمن بپرسێ!.

سپێدە زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:

–خۆمن ئەو کەسەش نییە لێم بپرسێ.

دایە حاجی دەستی سپێدەی گرت و گوتی:

– دەی دانیشە.

سپێدە دانیشت و دایە حاجیش چووە مەتبەخەکەوە و بەدەم ڕێوە هەر بەو ڕیتمە نەرمەی

خۆیەوە گوتی:

– چایەکی شیرینت بۆ دێنم.

هێدی هەر لای دەرگای ژوورەکەی ڕاوەستا بوو، سپێدەش لەسەر مۆبیلە قاوەیەکەی بەرانبەری دانیشت.

چەند ڕۆژێک پاش ئەوە هێدی تەلەفۆنی بۆ سپێدە کرد و پێی گوت:

– من زۆر داوای لێبوردن دەکەم، ئەو ڕۆژە لە بارێکی دەروونی خراپدا بووم و نەمتوانی وەکو پێویست پێشوازیت لێ بکەم.

سپێدەش گوتی:

– ئاساییە، شتێک نەبووە.

هێدی گوتی:

– سپێدە... دەکرێ بتبینم؟.

هێدی لە ماڵێکی پڕ مەعریفە و خاوەن مێژوویەکی پڕ خەبات و شۆڕشگێڕی گەورە بووبوو، لە ماڵەوە خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورە بوون.

ڕۆژێک بەتوندی لە دەرگا درا..

هەر ئەوەندەی دایە حاجی دەرگای دایە سەرپشت، ئەفسەرێکی پۆلیس و کۆمەڵە پۆلیسێک خۆیان کرد بەژووردا. پۆلیسەکان ڕاستەوخۆ دەستیان کرد بە پشکنینی ماڵەکە. دایە حاجی ڕووی کردە ئەفسەرەکە و بە هێمنییەوە گوتی:

– کوڕەکەم دەکرێ بزانم چی ڕوویداوە؟

ئەفسەرەکە لە کاتێکدا کە تەماشای وێنەیەکی گەورەکراوە و کۆنی ئەو پیاوەی دەکرد کە بیکەیسییەکی بەسەرشانەوە بوو و دەستی کردبووە ملی دایە حاجی، وێنەکە لە سەردەمی پێشمەرگایەتی گیرابوو، ئەو کاتەی کە هەردووکیان لە سەردەمی گەنجایەتیدابوون، ئەفسەرەکە گوتی:

– دایە حاجی ئەو پیاوە چی جەنابتان دەبێت؟

دایە حاجی بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– کوڕەکەم وابزانم لە وێنەکەدا دیارە چی من دەبێت، ئەو مێردی منە، نازانم جەنابتان دەزانن ماڵی کێ دەپشکنن؟

ئەفسەرەکە هەستی بە پەشیمانبوونەوە دەکرد، بانگی لە پۆلیسەکان کرد و گوتی:

– کوڕینە بڕۆنە دەرەوە.
پۆلیسەکان هەریەکە و لە جێگای خۆیانەوە سەریان لەم کردەوەیەی ئەفسەرەکە سووڕما.
یاریدەدەری ئەفسەرەکە تەماشایەکی کرد و گوتی:
– چی بووە؟
ئەفسەرەکە تەنیا بەچاو تێی گەیاند کە تەماشای وێنەکە بکات، یاریدەدەرەکەش تەماشای وێنەکەی کرد و هەندێک لێوە وشکەکانی خۆی تەڕ کردەوە و بێ قسەیەکی دی بەدوای پۆلیسەکاندا چووە دەرەوە.
دایە حاجی کە زۆر لەم هەڵسوکەوتەیان سەری سوڕمابوو گوتی:
– کوڕەکەم تێناگەم چی بووە؟
ئەفسەرەکە گوتی:
– دایە حاجی جەنابتان کوڕێکتان هەیە بەناوی هێدی؟
دایە حاجی کە تەنیا پەشۆکاوی بەسیمایەوە دیاربوو گوتی:
– بەڵێ، خۆ هیچی بەسەر نەهاتووە؟
ئەفسەرەکە گوتی:
– ئێستا لە کوێیە؟
دایە حاجی گوتی:–
– ئەم بەیانییە چووە دەرەوە و تا ئێستا نەهاتووەتەوە، خێرە هیچ بووە؟
ئەفسەرەکە لەسەر کورسییەک دانیشت و ماوەیەک ڕووی لە ناو دەستی شاردەوە و کەوتە بیرکردنەوە لەو بەلاغەی کە دژی هێدی درابوو کە گوایە هێدی کاتژمێرێک پێش ئێستا ئەو تەقینەوەیەی ناو بازاڕی ئەنجام داوە و بەرپرسێکی پایەبەرزی حیزبی شەهید کردووە.
پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر ئەفسەرەکە گوتی:
– دایە حاجی وابزانم نزیکەی کاتژمێرێک پێش ئێستا گوێبیستی تەقینەوەیەکی گەورە بووی؟
دایە حاجی ڕەنگی تێکچووبوو، هەر بە ئاماژەی سەری وەڵامی بە بەڵێ دایەوە.
ئەفسەرەکە گوتی:
– بەلاغێکمان بۆ هاتووە کە هێدی ئەنجامدەری ئەو تەقینەوەیە بووە! بەڵام ئێستا دەزانم

هەواڵنامەی کتێب

کە ئەو بەلاغە وانییە!. چونکە زۆر بەغەم و پەژارەوە لەو تەقینەوەیە باوکی هێدی شەهید بووە!.

دایە حاجی کە هێشتا سیمای گەنجێتی لە دەموچاوی هەڵدەقولا، فرمێسک لە چاوەکانی هاتە خوارەوە.

ئەفسەرەکە بێ ئەوەی بتوانێ هیچی تر بڵێ لە ماڵەکە دەرچووە دەرەوە.

پاش نیوکاتژمێر هێدی لەگەڵ تەرمەکەی باوکی کە ئاپۆرەی سەیارەیەکی گەورە بەدوایەوە بوو گەڕایەوە ماڵەوە، پاش دووکاتژمێری دیکە تەرمی باوکی سپێدەیانیش بەخاک سپارد کە لە هەمان ئەو تەقینەوەیەدا گیانی لە دەست دابوو

لەو ڕۆژەوە هێدی گۆشەگیر بوو، ڕۆژێکیان یەک لە هاوڕێکانی هاتەلای و لە ژوورەکەیدا پێکەوە دانیشتن، ئەم هاوڕێیەی کە ڕیشێکی درێژی هەبوو یەکێک بوو لەو توندڕەوانەی کە دەستیان لە کوشتن و برینی خەڵکێکی زۆر هەبوو، بەرانبەر هێدی دانیشت و گوتی:

– برا گیان بەداخەوەم بۆ باوکت.

هێدی کە تووڕەیی لە چاوانیدا دیاربوو گوتی:

– بۆ پێتان نەگوتم؟

ئەو گوتی:

– برا دەمزانی گەر بەوەت زانیبا...

هێدی نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات گوتی"

– بەڵام بۆ من؟

ئەو گوتی:

– چونکە تەنیا تۆ دەتوانی لەوێ نزیک ببیتەوە!.

هێدی بە سەدایەکی بەرزتر گوتی:

– خوا بتانگرێت من باوکی خۆم و جیرانەکەم کوشت

ئەو گوتی:

– دەنگت بەرزمەکەوە و لە سەرخۆبە.

هێدی گوتی:

– لە سەرخۆی چی، من بەیانی هەر هەمووتان ئاشکرا دەکەم، تێگەیشتی!.

ئەو گوتی:

هەواڵنامەی کتێب

– ناتوانی! چونکە هەرپاش ئەوە ئەم ماڵەش بەسەر دایکتدا دەتەقێنینەوە، تێگەیشتی.

هێدی کە دەیزانی ئەو ڕاست دەکات و دەتوانێت تەنیا ئەوەندەی پێ کرا لە ماڵەوە دەریکاتە دەرەوە و گوتی:

– دڵنیابە هیچ ناڵێم بەڵام بەو شەرتەی ئێوەش واز لەمن بهێنن؟.

ئەو گوتی:

– هیچ کارێکمان بەتۆ نەماوە.

چەند ساڵێکی زۆر هەر بەم هەستە ناخۆشەیەوە دەژیا تا ئەو ڕۆژەی ویستی خۆی بکوژێت و لەوەدابوو فیشەکێک بەسەری خۆیدا بنێ، بەڵام گوێی بەدەنگی سپێدە زرنگایەوە کە لەگەڵ دایکیدا قسەی دەکرد، چیتر لەو ڕۆژەوە هێدی بڕیاری دا بۆ سپێدە بژێت.

هێدی کە هێشتا ئەو هەستە توندڕەوەی لە مێشکدابوو، ڕێگای پێ نەئەدا ژیرانە بیربکاتەوە، بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە تەماشای سپێدەی کرد و گوتی:

– من دەزانم تۆ هیچ تاوانێکت نییە، بەڵام... منیش کوڕی ئەو کۆمەڵگەیەم.

پەنجەی نا بە پەلاپیتکەی دەمانچەکە بە فیشەکێک سەری سپێدەی تەقان، لەوێش لەسەر بەرماڵەکە دایکی سپێدە بەسەدای ئەو فیشەکە داخورپا و فرمێسک بەچاوانیدا هاتە خوارەوە.

پاشان هێدی چوو بەرانبەر ئاوێنەی تەنیشت دەرگای ژوورەکە ڕاوەستا، هەموو ژیانی ڕابردووی خۆی بەخۆشییەکان و ناخۆشییەکانیەوە لە نێوان خۆی و ئاوێنەکەدا وەک شریتێکی ڤدێویی بەمێشکیدا گوزەری کرد، دەمانچەکەی بەرز کردەوە و فیشەکی دووەم سەری خۆی پێ تەقان.

دایە حاجی بەتوندی لە دەرگای ژوورەکەی ئەدا و بەهاواری دایکێکی بەسۆزەوە بانگی کرد:

– هێدی.. هێدی.. کوڕە شرینەکەم.

لەم ساتەدا دایە حاجی هەستی بەگەرمییەکی نامۆ و نەرم کرد بەرپەنجەکانی پێی دەکەوتن، کە سەری دانەواندەوە، فرمێسک بەچاوەکانیدا هاتە خوارەوە، نێوچەوانی نا بە دەرگاکەوە و بەهاوارەوە گوتی:

– ئاخر بۆچی هێدی؟ بۆ؟

چیرۆکی وەرگێڕدراو

ئەردەڵان عەتار پوور

# باغچە

لە فارسییەوە: غەریب پشدەری

هەواڵنامەی کتێب



هەر کە دەچوومە سەر گۆڕەکەی، یەکسەر دەکەوتمەوە یادی ڕابردوو. شەش مانگ لەمەوبەر هاوسەنگەرم بوو. زۆر تێکەڵاو و زۆر پێکەوە گونجاو بووین. هەرگیز نەمدەتوانی و باوەڕ بکەم مردووە. دوای هەموو ئەمانەش زۆر جارانم لە گۆشەیەکی سەنگەرەکە و لایەکی باغچەکەوە دیبوو. لەو جێیەی کە هەمیشە لێی ڕادەوەستا و لە باغچەکەوە ڕادەما. هەرگیز باوەڕم نەدەهات کە ئێستا لە ناوماندا نەماوە. دەنگی گریان و فیغانێک دەهاتە گوێ. هەوا سارد بوو. خۆم وێک هێنابووەوە. دەلەرزیم. دەنگێکی کچانەم لە نزیکێوە بڵندبوو:

«بەسە ئیدی دایە، دایە ئیدی بەسە»

ئەوجا پیرێژنەی واوە برد و گوتی:

«ئێستا دێم»

هێشتا نەگەیشتبوونە سەر گۆڕی مردووەکەیان کە ڕوخساری شەلاڵی فرمێسکان بوو. لە نێوان هەنیسکە پچڕ پچڕەکانیەوە گوێم لێبوو:

«مەهدی... منت... گرت... بڕۆی... ئەم... ژێر...»

هەورێکی تاریک هەموو جێیەکی گرتبووەوە. چووم پەقرەجەکەم لە پیرێژنەی وەرگرت.

خەریکی ئاو پڕژێنێ بووم کە باغچەکەیم وەبیر هاتەوە.

هەر لە سەرەتاوە کە هاتە بەرەی شەڕ، هەر گڵ و دار و درەخت و سەوزە و ئەو جۆرە شتانەی لەسەر زاری بوو. هەموو غەمەکەشی ئەوەبوو کە ماڵەکەیان بچووکە و بێ باغچەیە. دەیگوت:

– «تا گوڵەکان نەختێک گەورە دەبن، گیانم دەردەچێ»

هێشتا هەروا هەفتەیەک بوو هاتبوو، کە بەیانییەکیان گوتی:

– «چەند خۆشە باغچەیەکمان هەبێ».

ئەو قسەی لە دەمی هاتە دەرێ و (با) بردی؛ تا سێ مانگ دواتر، بەرەبەری بەهارێ بوو کە دووبارە گوتیەوە:

– «کوڕینە رازتان هەیە باغچێکی دروست کەین؟»

هیچ کەسێک نییە وازی ئەو کارانەی نەبێ – هەموو کەسێک حەزی لە گوڵ و سەوزاییە. من بەش بەحاڵی خۆم شێت و شەیدای ئەو جۆرە شتانەم. هەمیشە لە نامەکانمدا هەواڵی باغچەی ماڵەوەمانم دەپرسی. ئادەمیزاد هەر تەنیا دڵی بۆ کەسەکان ناسووتێ و بەس. بەڵکە دڵی بۆ ماڵ و دار و درەخت و گوڵدان و ئەو جۆرە شتانەش دەسووتێ. خوشکم ڕادەسپارد ئاگای لە درەختەکان بێت و بەسەریان ڕابگا. جارێکیان لەبەرەی شەڕێدا بەمێشکم داهات نەمامێکی بچێنم. دوایەش بەخۆم پێکەنیم و گوتم:

– «بەرەی شەڕێ و درەخت؟»

ئەو ڕۆژەش بەمەنسورم گوت:

– «ئێرە هیچی لێ شین نابێ، خاکەکەی سووتاوە، هەمووی پارچە ساچمە و تەقینەوەیە بۆنی باڕووتی لێدێ، هیچی لێ ناچێندرێ»

پێموابوو کە قسەکەم زۆر ڕاستە و هەمووش قبووڵیان کرد، بەڵام سێ ڕۆژ دواتر کە

مەنسور مۆڵەت بوو و چووەوە شاری، کاتێ هاتنەوێ لە پشت ڕێویەکی سەربازییەوە کە خواردنی سەربازانی دێنا، یەک گوێنیە پەینی پرپشی هێنا:

– «ئێستا ئیدی دەکرێ باغچەی دروست کەین»

لەو ڕۆژەوە کەوتە دووی پارچە زەوییەک، کە بۆ باغچە دەست بدا. هەر جێیەکی سەیر دەکرد. بەدڵی نەبوو، وازی لێ دێنا و دەچووە جێیەکی دی. هیچ پەلەی نەبوو. زۆر بەکاوەخۆ بوو. بەدرێژایی ڕۆژێ ئەوە هەر ئێرە و ئەوێی بوو. گەڕان و سوڕان بەردەوام بوو. ئیدی خەریک بوو وەڕەزبین. حەوسەڵەمان نەمابوو. تا لە دواییدا پارچە زەوییەکی دیتەوە و بەدڵی بوو.

زەوییەکە، لە خوار تەپۆڵکەیەکی بچکۆلانەوە بوو، کە لەولای سەنگەرەکەمانەوە و نەختێک دوور بوو: لەو جێیەی کە تەپۆڵکەکە نشێو دەبێتەوە و لەگەڵ عەردی دەبنەوە یەک. دڵنیا بووم ئەوە جێیە هیچی لێ شین نابێت و هیچی لێ ناڕوێ. تا چاو هەتەرەی دەکرد بیابان بوو؛ هەموو جێیەک وشک و برینگ وەک خوێیەڵێنێ.

بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە مەنسور پارچە زەوییەکەی هەموو بەرد بژێر کرد. کەرسەکەکانی هەموو ورد کردن و زەوییەکەشی بەخاکەنازی سەربازی نەرم و شل و تەخت کرد. پارچە زەوییەکی بچکۆلەی دوو بەسێ بوو. یەکێک لە کوڕەکانی کە چوو بووە شاری، بە ڕاسپاردەی مەنسوری تۆو ڕێحان و تەرخوون و سەوزی کڕیبوون و هێنابوونیەوە. مەنسور هەر تۆوەی لە لایەکیەوە بەجێیەکیەوە وەرکرد و گڵی نەرمی بەپەینەوە بەسەردا کردن.

ئەوجا هەموو ڕۆژێ دەچوو و باغچەکەی ئاودەدا. خاک و خۆڵی باغچەکە ڕەش بوو. هەموو ڕۆژێ چاومان لە سەوزییەکی دەگێڕا. بەڵکە ئێ خوایە چووزەرەیەک سەر دەربێنێ. کەچی هەر هیچ نەبوو. بەیانی دەهاتینەوە. هەمدیس هەر هیچ شتێک نەبوو. تا دەهات ناکام و نائومێد دەبووین. شەوێکیان بە مەنسورم گوت:

– «گوتم هیچ شتێک شین نابێت، باشەکێ دەنێو باڕووتیدا شتی چاندووە؟ خاکەکە مردووە.»

مەنسور سەیرێکی کردم و هیچی نەگوت. هەموو ڕۆژێ دەهات و باغچەکەی ئاو دەدا. ڕۆژێکیان بەیانی هێشتا پەقرەجە ئاوەکەی بەتاڵ نەکردبوو یەکەمین کۆمەڵە چووزەرەیەکی دیت. ڕیز ڕیز سەریان لە خاکی وەدەرنابوو. هەموو گەش و ناسک. هەواڵەکە گەییە هەموان

هەواڵنامەی کتێب

و هەموشمان خۆشحاڵ بووین. ڕەحمان بێ ڕاوەستان، پەنجا تمەنی دایە چونکە لەسەر باغچەکەی گرەوی لەگەڵ مەنسوریدا کردبوو. چونکە پێیوابوو هەر دەیباتەوە. هەمیشەش دەیگوت:

– «لێرە جەنگەڵیش وشک دەبێ. کێ دێ گرەوی لەگەڵ دەکەم، لەسەر هەرچی دەیەوێ، ئیدی ئەوە بووبووە کاری شەو و ڕۆژی مەنسوری کە بچێت و بەتەک باغچەکەوە هەڵوەستێ و بەسەری ڕابگا، کەرسەکەکانی وردکا، و بن گیایەکان تەخت کات، و بژارێ بکا، بەرد و ساچمانی لێ هەڵوێژێرێ... ڕەگە دەرکەو تووەکانی ژێر خاک کاتەوە و گڵ و پەینیان بەسەردا کاتەوە و ئاویان دات و بێتەوە سەنگەرێ و بێ وچان دەربارەیەوە بدوێ.

هەرچەندە چواردەوری باغچەکەش بەگڵ هەڵدرابووەوە، جارێ وادەبوو لە ڕاوە دوونانی یەکتری کوڕەکان (سەربازەکان)، پێخوست دەبوو. مەنسور لەوەی زۆر ناڕەحەت دەبوو گڵەکەی دەوری زیاتر هەڵدەدایەوە. بەشێوەیەک باغچەکە دەکەوتە نزماییە. ئەوجا لە هەر چەوار دەورەی دار داکوتا و پاش هەفتەیەکیش مەجید تەلی تەلەفۆنێی بەهەرچواردەوریدا لە دارەکانەوە ئالاند. لەگەڵ ئەوەشدا کە کوڕەکان لە نزیک باغچەکەوە یارییان بکردبایەوە، مەنسور لە دەوروبەری باغچەکەی دوور دەخستنەوە.

– «توو گیانی من کەمێک بەولاترەوە»

کوڕەکان پێدەکەنین و لە باغچەکەی دوور دەکەوتنەوە جاری واش بوو سەریان دەکردە سەر مەنسوری و دەیانگوت:

«لێرە نەبووی خومپارەیەک باغچەکەی ژێرەو ژوور کرد».

مەنسور دڵی دادە خورپا. هەوڵی دەدا بەسەر خۆی نەهێنێ. بەڵام ئۆقرەشی نەدەگرت و نەیدەتوانی. بەڕاکردن بەرەو لای باغچەکەوە دەچوو. کە باغچەکەی دەدیت، درۆزنەکەی لە بەروبوومی باغچەکە بێ بەری دەکرد:

– «تۆ کە سەوزیت خۆش ناوێ! هیچیشت ناکەوێ!»

دوای هەموان، کازم بوو سەری کردە سەر مەنسور. کاتێ باغچەکە دروست دەکرا. ئەو ئاگای لە هیچ نەبوو، هەر بە خەیاڵیشدا نەدەهات. بەڵام بەم دواییانە، هەر کاتێ مەنسور دیار نەبایە، هەوای باغچەی لە کەللەی دەدا. ئەو ڕۆژە من و مەنسور لە شاری هاتبووینەوە، کە کازم بەڕاکردنەوە بەرەو لامانەوە هات و ڕوو لە مەنسور گوتی:

– «بۆ خۆت سەلامەت، خومپارەیەک هات و باغچەکەی ڕەحەوای برد»

مەنسور بەڕاکردنەوە بەرەو لای باغچەکەوە چوو. خومپارەیەک چەند هەنگاو بەولاترەوەی باغچەکە چاڵێک دروست کردبوو. بەڵام باغچەکە ساغ و سەلیم و وەک یەک چەپکە گوڵ هەر لەجێی خۆی بوو.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە خەریکی سەیر کردنێ خۆرئاوایە بووم. تێیدا ون بووبووم. مرۆڤ کە خەمۆک دەبێت، زۆری حەز لە خۆرئاوا بوونێیە. هەر بیرم دەکردەوە. هەروا خەریکی خۆ خواردنەوەی خۆم بووم کە لە پڕ ئەو پێکداهاتنەی چەند ڕۆژە چاوەڕوانکراوەی ئێمە دەستی پێکرد. شەڕ و دەرگیرییەکی توندوتیژ و سەخت بوو. فریای هیچ کارێکی نەدەکەوتین. باغچەکە کەوتبووە لایەکیەوە. ڕۆژی پێنجەم مەنسور شەهید بوو. شەڕ و پێکدادانەکە ڕۆژێکی دیکەشی خایاند و کاتێ هێور بووەوە و نیشتەوە لە شەکەتی و ماندووەتیاندا خۆمان ڕانەگرت و خەریک بوو دەکەوتین. ئیدی کەس باغچەی هەر لە خەیاڵیش نەمابوو.

باغچەکە زەرد هەڵگەڕابوو. گڵ و خۆڵی دەوروبەرەکەی هەموو تێک هەڵشینرابوو. دار قەیسییەکانی چواردەورێی هەموو شکاو و لاربووبوونەوە، تەلە تەلەیفونەکان هەموو پسابوون و پارچە پارچە بووبوون. یەک دوو کەسیش دەنێو باغچەکەیدا کەوتبوون و جێ پێ و جێی تەرمەکانیان هەر مابوو. سەوزەکان سیس و ژاکاو بووبوون و گڵ و خۆڵ و تۆز و وردە بەردیان بەسەرەوە بوو و دایان پۆشیبوو.

دووەم ڕۆژی دوای شەڕی، خۆرەتاو بێ ڕەنگ و کزومات دەدرەوشایەوە. جارجارە دەچوون بن هەوران و جار جارەش دەهاتەوە دەرێ. حاڵم باش نەبوو. ڕووت و ڕەجاڵ بووم. سەرم دەگێژەوە دەهات. کارەکانم هەموو هەڕەمەکی بوون. تاس و بێڵوکەم تاودایە و ملم لە ڕێیەنا. هەر کە لە باغچەکەی نزیک بوومەوە ڕەحمانم دیت ئەوە بە پەقرەجان باغچەکەی ئاو دەدا.

***

لە کتێبی (گل بوته... گردآورنده: مصطفی فعلەگری... چاپ اول... زستان ١٣٦٩) وە کراوە بەکوردی

هەواڵنامەی کتێب

چیرۆکی وەرگێڕدراو

# چەند مینی ماڵێکی "ڕەسوڵ یۆنان"

لە فارسییەوە: جەبار سابیر

هەواڵنامەی کتێب

## بەفر

لە پێچەکەدا لێک جیابوونەوە. یەکیان زیندانی بوو، ئەویتریشیان زیندانەوان. زیندانییەکە ماوەی حوکمەکەی تەواو کردبوو، زیندانەوانەکەیش ماوەی خزمەتەکەی. جانتاکانیان پڕ بوو لە ڕابردوو، خاولی کۆنە، گوێزانی ڕیش تاشینی ژەنگ گرتوو، ئاوێنەی بەر باخەڵ... ئەوان چارەنووسێکی هاوبەشیان هەبوو. هەردووکیان بیرەوەریی خۆیان لەپشت شیشی زیندانەکەوە هەبوو، کاتێک لە پێچەکەدا لەیەک جدابوونەوە، بەفر بەیەکسانی بەسەر هەردووکیاندا دەباری.

## شێت

وتی: ئەم دەریایە ماڵی منە کەس مافی ئەوەی نییە لێرە ماسی بگرێت.

خەڵکەکە پێکەنین

بەردەوام بوو:

هەر کەس دەیەوێ بێ لە منی بکڕێت.

دیسان خەڵکەکە پێکەنین.

کابرا بەوەی کە بووە مایەی گاڵتەجاڕی کەوتە گریان. لەکاتێکدا دەریای ناو تابلۆی سەردیوارەکی کردە باوەشی، هاواری کرد:

بۆچی تێناگەن. جگە لە من کەس ناتوانێ لەم دەریایەدا ڕاوە ماسی بکات.

## تاوانبار

وتی: من فریشتەم!

قازی وتی: کوا باڵەکانت؟

وتی: باڵەکانمیان بڕیوە!

قازی باوەڕی نەکرد. کەوتە پێکەنین، بەتاوانی نەبوونی ناسنامە زیندانی کرد. وەختێ ویستیان کەلەپچەی کەن، کتوپڕ چەند فریشتەیەک لە پەنجەرەکەوە هاتن و بردیان.

کاتژمێرێ دواتر قازی لە کتێبە یاساییەکاندا بەشوێن مادەیەکدا دەگەڕا پێوەندی بەسزادانی تاوانبارانەوە هەبێت لە ئاسمان.

هەوەنتاسەی کێتێ

## داهۆڵ

خاوەن باخەکە، باخەوانی ئیزن دا و وتی:

دەمەوێ چەند ڕۆژێک لێرە تەنیابم.

تەنانەت داهۆڵەکانیشی لەناوبرد. دوابەدوای ئەم ڕووداوە باڵندەکان هروژمیان برد تا ڕەزە ترێکە تەخت و تاراج کەن. خاوەن باخەکە لەناچاریدا دووبارە داهۆڵەکانی لە ناوەڕاستی باخەکەدا دانایەوە.

ئامادەیی داهۆڵەکە لە ئامادەی خۆی باشتر بوو. جگەرەکەی لە دەموچاوی خۆیدا لە ئاوێنەکەدا کوژاندەوە. دواتر بۆینباخەکەی لە ملی خۆی کردەوە و کردییە ملی داهۆڵەکە.

گۆران ڕەسوول زەوقە

# کلکی کتکی پرسیارە

هەواڵنامەی کتێب




**ئەوەندەی پێویستم بە شیعرە**

**هێندە پێویستم بە هەناسە نییە**

ئەوین مرۆڤەکان ناکوژێت بەڵکو لەسەر لێواری نێوان ژیان و مەرگ ڕایاندەگرێت، عەشق ژیان و مەرگە لەیەک کاتدا وەلێ ئەوەی بەهانای ئەویندارەوە دێت شیعرە، ئاخر شیعر بۆ مرۆڤ خوێنە، هەناسەیە، گلێنەیە،......

تۆ بڵێی بەهەشتی شاعیران هەمان بەهەشتی مرۆڤەکانی دی بێت؟! ئاخر ئەوەی کە شاعیر دەیەوێ تەنیا وشەیە. هەموو شاعیرێک ڕازییە بەوەی کە زیندانی بکرێت نەک وشەی لێ وەرگیرێتەوە. (جیاوازییەکی

سەرەکی نێوان بەکارهێنانە پراکتیکیەکەی زمان و بەکارهێنانە ئەدەبییەکەی، ئەمەیە کە لەئەدەبدا بەتایبەتی شیعر، وشەکان بە تەواوی بەکاردەهێنرێن. ڕوانینێک بۆ پێکهاتی وشەکان، تێگەیشتن لەم مەسەلەیە ڕونتر دەکاتەوە) ١ , پێموایە تەنیا شیعر دەتوانێ هەموو واتاکان لە باوەش بگرێ.

زەمین ئێ کەروێشکان بوو

مرۆڤ هات و لێی زەوت کردن ل ١١٣

گەورەترین ئەرکی شیعر ئەوەیە کە مەبەستێکی زۆر لە دەربڕینێکی کورتا بڵێ. ڤۆڵتێر دەیگوت: (شیعر گەورەیەکی هەیە ئەویش ئەوەیە بە وشەی کەمتر لە پەخشان زیاتر دەڵێت)، وەلێ عەباسی شاعیر نەک هەر ئەو بیرۆکەی ڕەچاوکردووە بەڵکو ترسیشی لە درێژدادڕی کردووە و هێندەشی ڕازاندۆتەوە دەڵێی گوڵ و گوڵزار دەنووسێتەوە. هەرچەندە شیعر ئامانجە و هەوڵی شاعیر گەیشتن بە و ئامانجەیە وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا کورترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئامانج درێژترین ماوەی مانەوەی هێزی شیعرەکەیە. ئەوەی لەمەودوا باسی دەکەم هەندێ سەرنجی بچووکن:

کەرێک دەحەپێ

بە حەپینەکەی

گوڵی دەمەشێر دەپشکوێ ل ٢٥

کەر دەزەڕێ وەلێ ئەوەی دەحەپێ سەگە. ئاخر هەر گیاندارێک دەنگێکی تایبەتی خۆی هەیە وەک میاوەمیاوی پشیلە و قیرەقیرێ بۆق و گمە گمی کۆترو قاسپەی کەو و چەهـ چەهەی بولبول و لوورەی گورگ و....

(شە) ش

پێش لە تۆ حەژ لە ئاوێنە دەکات ل ٧٩

ئەم (لە) یەی پێش تۆ سەرەڕای ئەوەی کە زیادەیە تۆنی شیعرەکەشی ناخۆش کردووە. خاڵێکی هەرە گرینگ لە شیعردا ئاوازەکەیەتی، شیعری بێ ئاواز وەک بەهارێکی بێ گوڵ وایە. هەر لە بارەی ئاوازی شیعریشەوە لۆرانس پیرین دەڵێ: (ئەرکی تایبەتیی شیعر وەک شتێک جودا لە مۆسیقا گواستنەوی کێش و ئاواز نییە، بەڵکو گواستنەوەی مانا یان ئەزموونە، بەهۆی ئاوازەکانەوە)٢.

شیعرەکانمی

هەواڵنامەی کتێب

لێک شێواند و

نوودەقی پێ بەخشیم ل٣٩

بۆ ئەوەی جوانتر و ڕاستر و بۆ گوتنیش خۆشتر بێت دەبوایە بڵێت: نوودەقێکی پێ بەخشیم.

«هەوکە، سەرک، کۆرە، بویتە، هەڵگۆت، قەردار، کێهەیان، هەندی، شە، دەیهاوێتە،...»

ئەوەی کە شیعر قورس دەکا زمانی ناوچەییە، ئاخر شیعر دەبێ بە زمانێکی باڵا بنووسرێت وەلێ زمانی ناوچەیی قسەی کۆمەڵە خەڵکێکی شارێک یان ناوچەیەکە ڕەنگە لە هەندێ ناوچەی تر هەر نەبن و نەبیسترابن. دەشێ کە نووسران هاوواتاین یاخود ڕوونکردنەوەیان بۆ بنووسرێ، وەک چۆن شاعیر بۆ وشەی (مۆزیقا) لە کۆتایی کتێبەکە لەگەڵ چەند دەستەواژەیەکی دی کردوویەتی. ئەم وشانەی سەرەوەش زمانی ناوچەیی شاعیرن.

هەواڵنامەی کتێب

مرۆڤ گورگە

مرۆڤ سەگە

مرۆڤ مارە

مرۆڤ مەیموونە

مرۆڤ لەوانە خراپترە

حاشاکی ئەو بەڕێزانە ل ٤٩

یەکێک لە خەسڵەتەکانی شاعیری چاک ئەوەیە کە سڵ لە هیچ یاسا و ڕێبازێک نەکاتەوە، وەک چۆن ئەوین لەسەرووی هەموو یاسایەکەوەیە شیعریش هەروا، ئاخر شیعری پاک سەربەخۆیە و سەربەخۆییش دەدا بە شاعیر.

بارانیش

بە ژەنگان بۆی بۆیە دەکا ل ١٢٤

ناتەواوییەک لەو (ان) ەی ژەنگان دەبینم ئاخر وەک چۆن (مرۆڤ) بەتەنیا هەم واتای تاک و هەمیش کۆ دەدات بۆ ژەنگیش هەروا. گەر بنووسرێت یان نا هیچ گۆڕانکارییەکی ڕێزمانی و واتایی ڕوونادات. (باران بە ژەنگ بۆی ڕەنگ دەکرد).

ئەمە چ ماکیاجێکە؟!

برۆی پێ جۆش داوە ل ١٢

فرمێسک بوو

نەیهێشت چاوە جوانەکانی

نوقمی ماکیاژ بن  ل ٤٢

ئەرێ لە (ماکیاج) و (ماکیاژ) کامەیان ڕاستترە؟

ئامێر، خزمی مرۆڤن ل ٩٣

ئەوە ڕوون و ئاشکرایە لە ڕێزمانی کوردیدا گەر بکەر کۆ بێت فرمانیش کۆ دەبێت بۆ تاکیش هەروا بۆ نموونە:

گەڵاکە هەڵوەری.

گەڵاکان هەڵوەرین.

کەوایە کە ئامێر تاکە ئەم (ن) ی کۆیە چییە بە مرۆڤەوە نووساوە؟ بۆیە ڕاستتر بوو بنووسرێت

ئامێر خزمی مرۆڤە یان ئامێرەکان خزمی مرۆڤن.

«ڕەنگ زەق، تیشکی زەق، دەنگی زەق» بەستنەوە و دانەپاڵی ئەم هەموو وشەیە بە (زەقە)ـوە هەم زەق ماندوو دەکات و هەم شیعر و خوێنەریش.

سەرکە بتێکی بەردە

سەرکۆتە و ئی سەردەمی بەر لە زایین بوو ل ١١

لە دێری یەکەمدا شاعیر لە ئێستا و لە دێری دووەمدا لە ڕابردوو دەدوێ کە هەردووکیان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لە واتا و فۆرم هەیە.

سەرکە بتێکی بەردە

سەرکۆتە و ئی سەردەمی بەر لە زایینە

هەروەها (سەر)ی دووەم زیادەیە چونکە تۆ هەر باس لە (سەر) دەکەی واتا بەم شێوەیە:

سەرکە بتێکی بەردە

کۆتە و ئی سەردەمی بەر لە زایین بوو،

ئا: عەبدولڕەزاق بیمار

# دانیشتنێک لەگەڵ "گۆران"دا




ئەمەی دەیخوێنیتەوە، بۆ گۆڤاری (هیوا) ئامادە كرابوو، دوای كۆچكردنی مامۆستا (گۆران) خەریک بووم لە ژمارەیەكی تایبەتی، كە بەبۆنەی كۆچییەوە دەرنەكرا بڵاوی بكەمەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بەردی بناغەی پرۆژەیەک بوو، كە دەمویست هەر ڕۆژە دانیشتنێكی لەگەڵدا سازبدەم و لە دەمی خۆیەوە كەرەستەی لێكۆڵینەوەیەک دەربارەی ژیانی و بەرهەمی هۆنراوەی بەدەست بهێنم، بەداخەوە ئەم ئاواتەم نەهاتەدی. وەک چۆن لە ساڵی (١٩٦٢)دا ئامادەم كردبوو لێرەدا بێ هیچ دەستكارییەک بڵاوی دەكەمەوە. هیوادارم ببێتە بەڵگە و بروانامەیەک وەڵامی پرسیاری ڕەخنەگران و نووسەرانی مێژووی وێژە بداتەوە.

لەم کاتەدا، کە (گۆران) نەخۆشی سەرجێیە و چاوی بۆ لای مەرگی پشت سەرییەوە دەگێڕێ، ئەم کاتەیە، کە لە کۆڕی وێژەدا هەموو جۆرە مەرجێکی سوارچاکیتی لێ هاتووەتەدی، پاش هەمەڕەنگە پەیچوور و تاقیکردنەوە و پاش زانیاری و ئاگاداری و لێکدانەوە و پشکنینەوەی مانای وێژە و پێشبینییەکانی وێژە و بیروباوەڕی ڕەخنەگران. پاش قاڵبوونەوەی گیانی لە بۆتەی وێژەدا. (گۆران) بە ڕێگە و ئامانجی خۆی گەیشت و هەموو وردبینی و پێویستییەکانی ئایینی وێژەی واقیعەتی و تێکۆشانی لەپێناوی چینە چەوسێنراوەکانی گەل و خۆشەویستی نیشتمانی تەواو کرد. ئا لەم کاتەدا داخەکەم نەخۆشی بێ چەکی دەکات.

ئەو گوڕ و گەرمییەی، کە (گۆران) لە سەرەتای ژیانییەوە هەیبوو لە هۆنراوەی سۆز و ویژدانی و جوانی پەرستیدا، لە هونەرمەندی و تازە کردنەوەی بۆتە و ڕوخساردا نواندی، ئەو شۆڕشە گەورەی لە ژیانی ئەدەبی کوردەواریدا بەرپای کرد، ئێستا کاتی ئەوەی بوو. شۆڕشی دووەمیش پەروەردە و سەرپەرشتی بکات، شۆڕشی وێژەی ڕیالزمی و خەبات لە پێناوی گەل و مەسەلەکانی مرۆڤایەتی.

لەوێژەکەماندا، پێویستمان بە سەرکردەیەک هەیە، سەرکردەیەکی زانا و خوێندەوار، بناغەی زانستی لەسەر ئەدەبیاتی کۆنمانەوە هەڵچنی و تەلاری بەرز بکاتەوە بۆ ئاسمانی ئەدەبیاتی تازە. شارەزای ڕەخنە و لکەکانی وێژە بێت، زۆر بە قووڵی لە مانای ڕیالزمی هونەر بۆ گەل گەیشتبێ. نرخی هونەری لا هەبێت. زۆر بە دڵسۆزانە چینە هەژارەکان و مرۆڤایەتی خۆشبوێ و تێ بکۆشێ لە پێناویاندا. هەتا ڕێگە بۆ ئەدیب و نووسەرە تازە پێ گەیشتووەکان دابنێت. ئەوانیش بە وێران و چالاکییەوە ئاڵای هەمیشە بۆ پێشەوە و تازەکردنەوە هەڵگرن.

من لەو بڕوایەدام، (گۆران) خۆی ئامادەکردبوو بۆ بینینی دەوری ئەم سەرکردایەتییە، بەڵام خەسارەت. کۆست کەوتوویی ئێمە و وێژەکەمان، کە ئەگەر نەتوانێ ئەم فەرمانە ببینێ، کە لەناکاوێکدا دەستی مەرگ ڕای فڕێنێ.

## دانیشتنەکەمان

پێش ئەوەی (گۆران) بچێ بۆ نەخۆشخانە بۆ تیمار کردنی شێرپەنجەی ورگ، جارێک ئاواتی پرۆژەکەی خۆمم تێگەیاند، پەسندی کرد. ئیتر ڕۆژێک، کە لە لای دانیشتبووم پاش مێشک گوشین و دڵ لە دڵ دانێکی زۆر هەلێکم بەدەست هێنا، کە بتوانم چەند پرسیارێکی

لێ بکەم، بەڵام داخەکەم تا دەهات نەخۆشییەکە زیاتر بەسەریدا زاڵ دەبوو، لەبەر ئەوە نەوەک دڵی بشکێنم. وازم لە داخوازییەکەی خۆم هێنا. تەنانەت لەو دانیشتنەی ئەم جارەماندا نەمتوانی لە پرسیار کردن پەل بهاوێژم بۆ نهێنی ژیانی و جۆری ڕابواردنی و شتی تر... لەم دانیشتنەدا(محەمەدی مەلا کەریم)یش بەشدار بوو.

## سەرەتای تازەکردنەوە

* ڕات چییە بەرانبەر ئەوەی، کە (ڕەفیق حیلمی) لە کتێبەکەیدا (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی) دەربارەی نووسیوی. دەربارەی دەوری تۆ لە تازە کردنەوەی هەڵبەستدا، دەربارەی ژیانت، ئاشنایەتی (شێخ نووری شێخ ساڵح ) و دەوری ئەو لە تازە کردنەوەدا، گەلێ شتی تریش، کە لە کتێبەکەدا هەن؟

- ( ڕەفیق حیلمی) بۆ نووسینی باسەکەی هات لە خۆمی پرسی، بۆ دەوروبەری ساڵی (١٩٣٨) و (بەرەو سەرتر) ڕاستە، کە ئەوسا تازە خەریک بووم بیروباوەڕی چەپڕەوی کارم تێ بکات.

بۆ مەسەلەی تازەکردنەوە و دەوری (شێخ نووری شێخ ساڵح)ش وتی: نووسەر و شاعیرانی ئەوسا، بەتایبەتی: (شێخ نووری و ڕەشید نەجیب و من)، کە پێکەوە بە ئەدەبی تورکی کاریگەر بووین و پێکەوە ئەمان نووسی، بەڵام تەنیا (شێخ نووری شێخ ساڵح) شیعرەکانی بڵاو ئەکردەوە. من بڵاوم نە ئەکردەوە، ئەو لەم بارەیەوە جموجووڵی دەرئەکەوت. ئەدەبی تورکی، قوتابخانەی شیعری تازەی تێدا پەیدا ببوو، کە پێیان ئەوترا (ئودەبای فەجری ئاتی) لەوان (تۆفیق فیکرەت) و (جەلال ساهیر) بوون. ئەدەبیێکی تری تورک، کە (عەبدولحەق حامید)ە، ئەگەرچی لەم کۆمەڵە نەبوو، بەڵام دیسان هەر پێی کاریگەر بووین، کەوابێ هەموومان بەیەکەوە ئەمان ڕوانییە یەک کلاوڕۆژنە، بەڵام ئەتواندرێ بە (شێخ نووری شێخ ساڵح) بوترێ سەرۆک بەهۆی:

١- زۆریی بەرهەمی.

٢- بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی، کە بێگومان کاریگەری ئەبەخشییە سەر ئەدەبی کوردی.

## تازە کردنەوەکە چی بوو؟

**١-** یەکیەتی بابەتیان هێنایە کایەوە.

٢- ڕێکخستنێکی سەرواکان گۆڕان.

٣- ئەگەرچی لەم سەردەمەدا شیعر هەر لەسەر عەرووزی عەرەبی هۆنراوەتەوە ، بەڵام

مەجزووئەکانی بەحری عەرووزیان وەرئەگرت. ئەو بەحرانەی، کە زۆر بەکار نەئەهێنران لە لای شاعیرە کۆنەکان، بۆ وێنە (نالی و سالم) و هاورێکانیان زیاتر بەحری (هەزج) و (رەمل)یان بەکار هێناوە، بەڵام ئەمانە لە بەحری سەریع و خەفیف و لە هەزج (مەجزووئاتیان) وەرئەگرت، زیاتری (زواحف) و (علل)یان بەکار ئەهێنا.

ئەم تازەکردنەوەیە بە لاساییکردنەوەی ئەدەبی تورک ڕوویدا، بەڵام ئەدەبی تورکی جووڵانەوەی تازەتری لێ دەرکەوت، کە تورکەکان لە ڕووی گیانی نەتەوایەتییەوە ئەهاتن کێشی هەڵبەستە میللیەکانیان ئەژیاندەوە و لەسەر ئەم کێشانە هەڵبەستیان ئەنووسی، کە ئەمەش کێشی هیجایە.

ئیتر من تەنیا بە کۆششی ئەوان نەوەستام و کێشی هیجاشم وەرگرت و بەکارمهێنا. هەر لەم کاتەشدا لە سوریا (کامەوان بەدرخان) و (قەدری جان) لە ڕووی هەستی نەتەوایەتییەوە هەڵبەستیان لەسەر کێشی هیجائیان ئەنووسی و لە گۆڤاری (هاوار) بڵاویان ئەکردەوە. هەر لە بارەی تازەکردنەوە و دەوری (شێخ نووری شێخ ساڵح) دیسان هاتەوە سەر باسەکە و وتی:

لەم بابەتەوە ڕەنگبێ (ڕەفیق حیلمی) پێش (شێخ نووری)یش کەوتبێتەوە و بە کوردی و تورکی شیعری بڵاو کردووەتەوە. تەنانەت شاعیرێکی تر (عەبدولڕەحمان بەگی نفووس) لە سەرەتای ژیانی شاعیریەتیدا زۆر بە گوڕ دەستی دایە تازە کردنەوەی هەڵبەست. لە (شێخ نووری) کۆنترە، بەڵام ئەو شیعرەکانی بڵاو نەئەکردەوە، ئەگەرچی (عەبدولڕەحمان بەگی نفووس) لە دوایی ژیانیدا لە هەڵبەستەکانیدا پێشنەکەوت و لەبەرهەمهێنان وەستا.

هەواڵنامەی کتێب

### لەگەڵ پیرەمێرد دا

* لەلایەکی تریشەوە، لووتکەیەکی تری بەرز هەیە، کە دروشمی تازە کردنەوەی پێوە بینراوە ئەویش، (پیرەمێرد)ە. لە بۆنەی بیرەوەری (پیرەمێرد) لە یەکیەتی ئەدیبانی عێراق لە ساڵی (١٩٦٢) وتارێکم خوێندەوە بۆ ئەوە چوو بووم، کە (پیرەمێرد) شاعیری ڕاپەڕین. واتا (نەهزە)یە لە ئەدەب. نەک شاعیری (تازەکەرەوە) بە هەموو مانای وشەوە.

با بزانین ژیانی ئەدەبی (پیرەمێرد) و کاریگەری چی بووە لە ئەدەبی دەوری خۆیدا؟

وتی:

– کە پیرەمێرد لە ئەستەمبوڵ بوو، زیاتر شیعری (مەولانا) و (مەولەوی) وەرگێڕا و بڵاوی ئەکردەوە، ناوبانگێکی زۆری نەبوو، تەنانەت (مستەفا پاشا)یش شیعری ئەوەندی

ئەوە هەبووە، کە هاتەوە سلێمانی ئینجا شیعری کەوتە ناوەوە.

شیعری پیرەمێرد، فۆلکلۆری کوردی، هەڵبەستی شێوەی گۆرانی کاری تێ کرد، هەروەها کاریگەری ئەدەبی تورکیشی هەر بەسەرەوە دیار بوو. پیرەمێرد قوتابخانەیەکی تایبەتی نەبووە، بەڵام شیعرەکانی زۆر کاری لە لاوان ئەکرد و جۆشی پێ ئەسەندن.

ئەگەر بەراوردێک بکەین لە بەینی شیعرەکانی ئەو و هی قوتابخانەکەی ئێمە ئەبینین شیعری ئەو نەتەوەییترە ، پیشەی ڕەسەنی خۆماڵی و هەستی کوردی زیاتر پیشان ئەدا، بەڵام (کوردی پەتی) لە نووسینەکانی ئەودا، ئەگەر لە بێژنگ بدرێ، لە شیعردا بە قەدەر (من) و لە پەخشان دا بە قەدەر (شاکر فەتاح و ئیبراهیم ئەحمەد) نییە. ئەو ئەی هێنا وشە کوردییە نەبیستراوەکانی بڵاو ئەکردەوە (گوتم واتا ئەوانەی بەکار هێنانیان زۆر فراوان نییە). وشە کوردییەکان وەکو ناوی گژوگیا و گوڵ و شتی تر... بێگومان ئەم کردەوەیەشی کاریگەری هەر هەبوو، بێ کەڵک نەبوو، کاریگەریەکەشی لە لایەن هەستی نەتەوایەتییەوە بوو. نەک لە لایەن هونەرەوە، کە خەڵکی هان ئەدا کوردی پەتی بنووسن، ئەگینا زۆر جار وشەی فارسی و عەرەبی ڕەقی بەکار ئەهێناو لێیان نە ئەسڵەمییەوە.

**ئەدەبی ریالزمی**

پاش ئەم ماوەیە، کە سەرمەستی ئەدەبی تورکی و فارسی بووین، بەرەبەرە ئەدەبی تازەی عەرەب و ئەدەبی ئینگلیزی هاتە کایەوە و بڵاو بوونەوە، هەروەها باڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەوتە ناومانەوە. من بە کاریگەری ئەم دوو ئەدەبە کەوتمە هەوای واقیعیەوە.

ئەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین، کە لە سەرەتاوە بەهۆی ئەدەبی ئینگلیزییەوە بەدوای نەزەریەی (هونەر بۆ هونەر) ئەڕۆیشتم و بەرهەمی ئەم تەرزە ئەدەبەم ئەخوێندەوە، وەکو هینەکانی (جۆن کیتس) و (ئۆسکار وایلد)، بەڵام لە (١٩٣٥) بەولاوە، دوای هاتنە ناوەوەی جووڵانەوەی پێشکەوتوویی کۆمەڵایەتی پاڵی پێوەناین، کە لە ئەدەبی عەرەبی و ئینگلیزیشدا بەدوای نموونەی ئەدەبێکی پێشکەوتوو بگەڕێین.

بەم هۆیەوە لە (١٩٣٥) بەولاوە من ئەم ڕێگایەم گرتەبەر، وەکو لە هەڵبەستی (دیاری خوای شەڕ)دا دەرئەکەوێ، کە لە گۆڤاری (گەلاوێژ) لەساڵی (١٩٤٢)دا بڵاو کرایەوە و چەند ساڵێک بەر لەو مێژووەش نووسیبووم.

مایسی ١٩٦٢ بەغداد

سەرچاوە: لە گۆڤاری بەیان، ژمارە (٢)، شوباتی ١٩٧٠، بەغدا، گواستراوەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب